سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (حامید درودی) سەبارەت بە (ئارامگای دیاکۆ) لە: 19-5-2011 15:49:14

---

ژمارە: 14

## ئاربەبا

http://www.kurdipedia.org/?q=2012012812025464079



ئاربەبا، یەکێکە لە چیا سەرکەشەکانی شاری بانە لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: چیا

شارەکان: بانە

---

ژمارە: 15

## ئارمردە

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120110

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 16

**ئارەبوغلوو**
http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120111

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 17

**ئارەنان**
http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120112

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 18

**ئازاد**
http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120113

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

ژماره: 19

**ئازادی**
http://www.kurdipedia.org/?q=2012112812492674001

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

ژماره: 20

**ئاساسا**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621371

گوندێکە سەربە شارەدێی (ئەتروشێ)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

ژماره: 21

**ئاساولە**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120114

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 22

## ئاسناوا

http://www.kurdipedia.org/?q=2011050915465657608

گوند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:    ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن:   گوند

شارەکان: مەریوان

---

ژمارە: 23

## ئاسناوێ

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120115

یەک لە گوندەکانی ڕۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 24

## ئاسنگەران

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120116

یەک لە گوندەکانی ڕۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 25

**ئاسهێ**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621372

گوندێکە سەربە شارەدێی (کانی ماسێ)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 26

**ئاسۆس**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011051015341957834

چیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: چیا

شارەکان: سلێمانی

---

ژمارە: 27

**ئاشتی**

http://www.kurdipedia.org/?q=2011042808350957083

شارەدێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: شارەدێ

شارەکان: کۆیە

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 28

## ئاشەوا

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621373

گوندێکە سەربە شارەدێی (سەرسنکێ(

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 29

## ئاغجیوان

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120117

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 30

## ئاغجەلەر

http://www.kurdipedia.org/?q=20110112003426226 18



شارەدێیە، سەربە شارۆچکەی چەمچەماڵە لە باشوور.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولّات: باشووری کوردستان

شوێن: شارەدێ

شارەکان: چەمچەماڵ

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 31

## ئاغچەقەڵ

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111931201 18

یەک لە گوندەکانی ڕۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولّات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 32

## ئاغدەڕە

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111931201 19

یەک لە گوندەکانی ڕۆژھەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   ڕۆژھەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 33

## ئاغەجەری

http://www.kurdipedia.org/?q=200902201027571340

یەکێک لە دێیەکانی دەوروبەری شاری دیواندەرەیە لە ڕۆژھەڵاتی کوردستان. بە پێی ئاماری سەرژمێریی ساڵی 2006، ئەم دێیە پێکھاتووە لە 84 بنەماڵە و ژمارەی دانیشتوانی 438 کەسە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   ڕۆژھەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 34

## ئاغەجەری 2

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010114074021318

یەک لە گوندەکانی ڕۆژھەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   ڕۆژھەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 35

**ئاغەسور**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120120

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 36

**ئاغەڵان**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120121

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 37

**ئاف تەحلێ**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621374

گوندێکە سەربە شارەدێی (باتێل)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 38

**ئاف خان**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621375

گوندێکە سەربە شارەدێی (باتێل(

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 39

**ئاف خانێ**
http://www.kurdipedia.org/?q=2010120613090011298

باتێل

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 40

**ئافان**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120122

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

ژماره: 41

## ئاگجه

http://www.kurdipedia.org/?q=2011050915465657627

گوند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: مەریوان

---

ژماره: 42

## ئاگری داغ

http://www.kurdipedia.org/?q=200901200142181025



چیایەکی گەورە و بەرزە لە باکووری کوردستان. لەوێشەوە درێژدەبێتەوە بۆ خۆرهەڵاتی کوردستان. ئەم شاخە لە دوو بەش پێکهاتووە (ئاگری داغی گەورە و ئاگری داغی بچووک). هۆزی جەلالیی کورد لەناو ئەم چیایەدا دەژین.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باکووری کوردستان

شوێن: چیا

---

ژماره: 43

## ئالانه

http://www.kurdipedia.org/?q=2012112812492674000

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 44

**ئالجە**

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120123

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 45

**ئالیپیرک**

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120125

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 46

**ئالەولاغ**

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120124

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 47

## ئالەکینا

http://www.kurdipedia.org/?q=20110103121506213 76

گوندێکە سەربە شارەدێی (مانگێشکێ)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 48

## ئامودا

http://www.kurdipedia.org/?q=20101009180254991 7



شارۆچکە
سەرچاوەی وێنە: فەیسبووکی قەیس قەرەداخی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژئاوای کوردستان

شوێن: شارۆچکە

زمان - شێوەزار: ک. باکوور

---

ژمارە: 49

## ئامۆکان

http://www.kurdipedia.org/?q=20110828095959607861



گوندی ئامۆکان دەکەوێتە باکوری ناحیەی هەریر نزیکەی (10)کم دوورە، (30(35 کم لە شارۆچکەی شەقلاوە و (85) کم لە شاری هەولێر دوورە. گوندی ئامۆکان گوندێکی شاخاوییە کەوتۆتە نێوان دوو کێوی بەرددین، لە پشتەوەی چیایەکی گەورە هەیە بە ناوی (سەراوەرد.(

ناوی ئامۆکان لە چیەوە هاتووە :

)لە سەردەمی عوسمانیەکان مالێک لە ئەم گوندە ژیاوە، کە پێک هاتبوون لە دایک و باوک و (7) برا و خوشکێک، لە شەڕبَکی خوێناویدا لە گەڵ عوسمانیەکان هەموو کورەکان و باوکەکە دەکوژرێن و دایک و کچەکە دەمێنەوە، کچەکەش ناوی (ئامینە) بووە. دایکەکەش لە بەر خۆشەویستی کچەکەی بە (ئامۆ، ئامێ) بانگی کردووە، وە بەهۆی بوونی کانیەکی ئاو لە ناوەڕاستی گوندەکە هەردوو ووشەکە لێک دراوون بووە بە (ئامۆکان). کە ەهردوو ووشەکانیش بریتین لە (ئامۆ + کان) بووە بە ئامۆکان(

شوێنی جوگرافیای گوندی ئامۆکان. ئامۆکان لە ڕووی ڕووبەرەوە گەورەترین گوندی سنوری ناحیەی ەهریرە کە ڕووبەرەکەی لە ەهموو گوندەکانی تری ئەم سنورە گەورەترە. گوندێکی شاخاوییە چەندین گوند هاوسنوریەتی وەکو لە باکور هەر یەکە لە گوندەکانی (ئەشکەوت و گۆرەز) لە باشوور گوندی (فلون) و لە ڕۆژهەلات گوندەکانی (سێناوە و بەنۆکە)، لە ڕۆژئاوا گوندەکانی (کانی چرگان و ناوشیوانی سەروو و خواروو .(

سەبارەت بە دروست بونی ئەم گوندە:

)سەرچاوەی دروست بوونی گوندی ئامۆکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کاتێ لە سەدەکانی (14 15) کۆمەلێک ماڵ لە وولاتی ئێران ڕوویان لە ئەم گوندە کردوە و لە وێ نیشتەجێبوونە بە هۆی بوونی لەوەڕگا و سەرچاوەکانی ئاو. ئەمەش وایکردووە کە خانوو دروست بکەن و نیشتەجێ ببن.(

باری ئابووری گوندی ئامۆکان :

)گوندی ئامۆکان گوندێکی کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییە. ژمارەیەکی زۆری خەڵک خەریکی چاندنی گەنم و جۆ و نۆک و تەماتە و خەیارن. زیاتر بۆ مەبەستی خۆراکی خۆیان نەک بۆ فرۆشتن. هەندێکی تریش خەریکی ئاژەڵدارین بە هاوینان کوێستان گەرمیان دەکەن.وە هەروەها هەندێکی تریش موچە خۆرن .(

باری خوێنەدەواری گوندی ئامۆکان:

)گوندی ئامۆکان لە ساڵی 1961 قوتابخانەی لێکراوەتەوە. بە ڕێژەیەکی زۆر خوێندەوارن، تەنیا بەتەمەنەکان نەبێت، وە ژمارەیەک ئافرەتیش نەخوێندەوارن. خەڵکەکە زۆر حەز لە خوێند دەکات، تاکو ئێستا چەندین کەس لە ئەم گوندە خوێندنیان تەواو کردوە و ئێستا لە پلەی بەرزی خوێندن دان. وە هەروەا لە سالی 1999 بۆ یەکەم جار نەخۆشخانە لە گوندی ئامۆکان دروست کراوە.(

کەش و هەوای گوندی ئامۆکان:

)گوندی ئامۆکان لە ڕووی کەش و هەواوە زۆر خۆشە بارانێکی زۆری لێ دەبارێت و زۆر

جاریش بەفری لێدەبارێت. لە وەرزی زستاندا زۆر ساردە ئەویش بە هۆی بوونی ڕەشەبایەکی بەهێز کە بەردەوام هەڵدەکات. لە وەرزی هاوین تا ڕادەیەک فێنکە، بەلام لە وەرزی پایز و بەهار زۆر خۆشە.(
ژمارەی دانیشتوانی گوندی ئامۆکان نزیکەی (1800) کەس دەبێت و ژمارەی ماڵەکانیش نزیکەی (300) ماڵ دەبێت. بەلام ژمارەیەکی زۆری گوندی ئامۆکان ڕوویان لە شارەکانی (هەریر و سۆان و خەڵیفان) کردوە .
وەهەروەا خەڵکی گوندی ئامۆکان لە عەشیرەتی سورچین لە تیرەی وسوکاسکین .
نوسینی تەڵعەت کەریم ئامۆکەیی
سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپێدیا لەلایەن (talhat amokaie) سەبارەت بە (گوندی ئامۆکان) لە: 16-2-2014 21:27:29

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 50

## ئانیتوس

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621377

گوندێکە سەربە شارەدێی (جولەمێرگێ(

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 51

## ئاوباریک

http://www.kurdipedia.org/?q=200902201028371341

یەکێک لە دێیەکانی دەوروبەری شاری دیواندەرەیە لە رۆژهەڵاتی کوردستان. بە پێی ئاماری

سەرژمێریی ساڵی 2006، ئەم دێیە پێک هاتووە لە 45 بنەماڵە و ژمارەی دانیشتوانیشی 233 کەسە.
سەرچاوە: ویکیپێدیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 52

## ئاوبارە

http://www.kurdipedia.org/?q=200902201029541342

یەکێک لە دێکانی بەشی چلچەمەی شاری دیواندەرەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە پێی ئاماری سەرژمێری ساڵی 2006، ئەم دێیە پێک هاتووە لە 44 بنەماڵە و ژمارەی دانیشتوانی 244 کەسە.
مێژوی ئەم دێیە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی 500 ساڵ لەمەوپێش. نادرشای ئەفشار لە سەفەرەکەی خۆی دا بۆ دێی مەلانەوای ناوچەی خورخورە بۆ زیارەت کردنی قورئانی مێژوویی شێخ حەسەنی مەولاناوا لە ئاوبارەوە تێپەڕ بوو.
ئەم دێیە لە 45 کیلۆمەتری شاری دیواندەرە هەڵکەوتووە و نزیکەی 10 کیلۆمەتر لە کێوی چلچەمە دوورە.
ئاوبارە لە پاکێوێک دا هەڵکەوتووە و چۆمێک لە خوارووی دێکەوە تێپەڕ دەبێت. ئەمبەر و ئەوبەری بە داری چنار و بی پۆشراوە و دیمەنێکی جوانی داوە بەم دێیە.
شیاوی وتنە ئەم دێیە لە مێژەوە جێگەی پێگەیاندنی هەژمارێکی زۆر لە مامۆستایانی ئایینی ناوچەکە بووە کە هەندێک لەوان جێگە و پێگەیەکی بەرزیان بە دەست هێناوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 53

## ئاودانان

http://www.kurdipedia.org/?q=2012010722164663700



شاری ئاودانان یا (ئابدانان)، شارێکی رۆژهەڵاتی کوردستانە، دەکەوێتە پارێزگای ئیلام. ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی 50 هەزار کەسە.
باکووری شارەکە بەرزایی و شاخ و دارستانی چڕە، باشووریشی دەشتە و بۆ کشتوکاڵ لەبار و گونجاوە.
شاری ئاودانان چەندین کۆنینە و شوێنەرای مێژوویی لێیە، لەوانە؛ قەڵا و شاری جولیان، تەنگەی ئاوبردە، قەڵای پشت قەڵا، قەڵای هەزار دەر.
هەروەها چەندین شوێنی گەشتیاری لێیە، لەوانە؛ دەریاچەی دووقلو، سەیرانگای سەراوی ئاودانان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

نەتەوە: کورد

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: شار

شارەکان: ئیلام

زمان - شێوەزار: ک. لوری

---

ژمارە: 54

## ئاودیلان

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120126

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 55

## ئاوک

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120127

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 56

**ئاوەژێ**

http://www.kurdipedia.org/?q=2012122121242974415

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شوێن: گوند

---

ژمارە: 57

**ئاوەسپی**

http://www.kurdipedia.org/?q=20110930235554211 76



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

شوێن: رووبار

---

ژمارە: 58

**ئاوەکەڵە**

http://www.kurdipedia.org/?q=200912022213232782

یەکێکە لە گوندەکانی ناوچەی شارەزوور و سەربە شارەدێیَ عەربەتی شاری سلێمانییە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 59

**ئاڕاڕات**

http://www.kurdipedia.org/?q=20131214094816872588



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باکووری کوردستان

شوێن: چیا

---

ژمارە: 60

**ئاڕنێ**

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111931201 28

یەک لە گوندەکانی ڕۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 61

**ئاڤ تەحلێ**

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621378

گوندێکە سەربە شارەدێی (سێمێل(

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 62

## ئاڤسارکێ

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621379

گوندێکە سەربە شارەدێی (کانی ماسێ(

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 63

## ئاکرێ

http://www.kurdipedia.org/?q=200901192053281023



شارێکی باشووری کوردستانە. لەنێوان سێ چیادایە، خانووەکانی لەسەریەک بەداوێنی شاخەکاندا هەڵچوون. ئەمە دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێشی بە شارەکە بەخشیوە. ناوی ئاکرێ لە ئاگرەوە هاتووە کە لە پێش زاییندا موغێکی زەردەشتی لەوێ جێگیر بووە و ئاگری تێدا کردۆتەوە، ئیدی ناوی ئاگری - ئاکرێی بەسەردا پڕاوە. بە عەرەبی کردوویانە بە (عقرە). دانیشتوانی نزیکەی 10000 کەس دەبێت. ئەم شارە مەڵبەندی کوردە حەمیدییەکان بووە. ماوەیەکیش لەژێر دەسەڵاتی میرنشینی بادینان و پاشان میرنشینی سۆراندا بووە. شارێکی کۆن و مێژووییە و دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆرێتیی مادەکان - میدیا. ئاکرێ بەناوبانگە بە سروشتی جوان و رازاوە و گەلێ درەختی میوە و باخ و باخاتی پڕ بەرهەمی هەیە. ئاکرێ سەر بە پارێزگای موسڵە و 95 کم دوورە لێوەی. ئەم دەڤەرە سێ ناوچەی

هەیە کە (سورچی، عەشایەری ئەلسەبعە و بیرە) ن. دانیشتوانی هەموو دەڤەرەکە نێزیکەی 50000 هەزار کەس دەبێت.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولّات: باشووری کوردستان

شوێن: شارۆچکە

زمان - شێوەزار: ک. باکوور

---

ژمارە: 64

**ئاکۆکەون**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013102420332892452

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولّات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: رواندز

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 65

**ئاکۆیان**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013102420332892454



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: رواندز

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 66

## ئاڵبلاغ

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120129

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 67

## ئاڵمان

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120131

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 68

**ئاڵوەت**
http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120132

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 69

**ئاڵوەتان**
http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120133

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 70

**ئاڵکاوێ**
http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120130

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

ژمارە: 71

**ئاڵیان**

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120134

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 72

**ئاڵیاوا**

http://www.kurdipedia.org/?q=201009211501109581

گوندێکی ناوچەی کەڵاتەرزان، سەر بە شارستانی سنەیە. خەڵکی ئاڵیاوا بە شێوەزاری کوردیی ناوەندی قسە دەکەن. ژمارەی دانیشتوانی لە ئامارەکانی ساڵی 2006دا 697 کەس لە 146 بنەماڵەدا بووە.
سەرچاوە: ویکیپێدیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 73

**ئاڵیاوێ**

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120135

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 74

**ئاڵیجان**

http://www.kurdipedia.org/?q=200902201030391343

یەکێک لە دێیەکانی بەشی چلچەمەی شاری دیواندەرەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە پێی ئاماری سەرژمێریی ساڵی 2006، ئەم دێیە پێک هاتووە لە 33 بنەماڵە و ژمارەی دانیشتوانیشی 218 کەسە.
سەرچاوە: ویکیپێدیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 75

**ئاڵیمەڕان**

http://www.kurdipedia.org/?q=20111010111193120137

یەک لە گوندەکانی ڕۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 76

**ئاڵیهەمەئان**

http://www.kurdipedia.org/?q=20110509154657576

گوند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: مەریوان

---

ژمارە: 77

## ئاڵیکەند

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120136

یەک لە گوندەکانی ڕۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 78

## ئایچی

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120138

یەک لە گوندەکانی ڕۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 79

**ئاینان**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120139

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 80

**ئورمارێ**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621388

گوندێکە سەربە شارەدێی (کانی ماسێ)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 81

**ئورمانا**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621389

گوندێکە سەربە شارەدێی (کانی ماسێ)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: گوند

ژمارە: 82

**ئورمانێ**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621390

گوندێکە سەربە شارەدێی (کانی ماسێ)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:  باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 83

**ئورمەدادا**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621391

گوندێکە سەربە شارەدێی (کانی ماسێ)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:  باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 84

**ئورە**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621392

گوندێکە سەربە شارەدێی (کانی ماسێ)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:  باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 85

**ئورەماری**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621393

گوندێکە سەربە شارەدێی (کانی ماسێ)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 86

**ئورەی**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621394

گوندێکە سەربە شارەدێی (کانی ماسێ)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 87

**ئوزمانا**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621395

گوندێکە سەربە شارەدێی (مانگێشکێ)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 88

**ئولدەرا**

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621396

باکوور

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 89

**ئولدەرێ**

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621397

باکوور

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 90

**ئومەرسینا**

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621398

گوندێکە سەربە شارەدێی (ئاکرێ)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 91

## ئۆردوگای زێوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120163

یەک لە گوندەکانی ڕۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 92

## ئۆمەر گومبەت

http://www.kurdipedia.org/?q=2013121821372587165



ئاراس ئیلنجاغی
ناوی ئەم گوندە لە ناوی(چاکێک)ەوە هاتووە، کە سعاتە ڕێیەک لەسەرووی خۆرئاوای گوندی ئۆمەرگومبەتەوە دوورە، ئەم چاکە پێی دەوترێت(ئۆمەرگومبەت) تا ئەم دواییانەی سەدەی ڕابردوو خەڵکی ئۆمەرگومبەت مردوویان لە گۆرستانەکەی دەوروبەری ئەم مەزارە ناشتووە، بەبێ جیاوازی و بیروڕای جۆراوجۆر هەموو خەڵکی ئۆمەرگومبەت ئەم بیروبۆچونەیان لەسەر ناوی گوندەکەیان هەیە.(1)

سنوری گوندی ئۆمەرگومبەت

ئەم گوندە بەدووری (6)کیلۆمەتر لەرۆژهەڵاتی ناحیەی سێگردکان هەڵکەوتووە، گەورەترین ڕووبەری لە نێو گوندەکانی ناحیەکەدا هەیە و نزیکەی(50)کیلۆمەتری چوارگۆشـەیە، کە دەکاتە (19987)نۆزدە هەزارونۆسـەدوهەشتاوحەوت دۆنمی کشتوکاڵی، (3588)دۆنمی شیاوی چاندن و(7181) دۆنمیشی پاوان ولەوەڕگایە، وە (9000) دۆنمی بەراوەو(218) دۆنمی حەرەمی گوندەو(7)کانی و(2)کارێزی هەیە، زۆربەی زەوی وزارەکانی خاوەندارێتیەکەی بۆ میری دەگەرێتەوە جگە لە(125)دۆنمی نەبێت تایبەتە و خاوەندارێتیەکەی بۆ جوتیارەکانی دەگەرێتەوە.(2)

لەهەڵکەوتەی ئەسترۆنۆمیدا کەوتۆتە نێوان هێلی پانی(35،95-35،55)پلەی باکوری نیوەگۆی زەوی و نێوان هێلی درێژی(44،48-44،29)پلەی ڕۆژهەڵاتی نیوەی زەوی، و لەبەرزی(419)مەتر لەئاستی رووی دەریاوەیە کە دەکاتە(1375)پێ.(3(
لەڕۆژهەڵاتدا هاوسنورە لەگەلأ گوندەکانی(گەرمکی تەقتەق و تاڵەبانی گەورەو کانی لەلە)، لەخۆرئاواشدا لەگەل گوندەکانی(میرکەوقەمبەرونێرەگین وسێگردکان) ئاقاری دەگەرێتەوە، وە گوندەکانی(ئیلنجاغی گەورەو سماقە) سنوری سەروویان دەورەداوە، لەباشوریدا ئاقاری گوندی(کانی لەلە)ناهێلێت هیچ پارچە زەوییەکی ئۆمەرگومبەت بکاتە کەناری زێی بچووک.
لەسنوری ئەم گوندە چەندین خرابگەوشوێنی شوێنەواری تێدایە وەک(چاکی ئۆمەرگومبەت، کەلەکین، بالە، قەبرستان، ئەحمەکڵاو، شێمحەمەدی ئەحمەکلاو،کاولە هەواری گوندی گۆرقەرەجی زێدی حاجی قادری گەورەشاعیری کورد) وە هەروەها چەندین گۆرستان و گۆریچکەی کۆن و لەمێژینانەی تێدایە وەک(گۆرستانی شێخ سمایل کە مردووی لێدەنێژن، لەگەل قەبرستانی مەلا ئەحمەدی گەورە(شێخ مەلا ئەحمەدی کوێر ئۆمەرگومبەتی)ئەویش هەر ئەمڕۆ مردووی لێدەنێژن، گۆرستانی عەبدولعەزیز، گۆرستانی سەید وەسمان، گۆرستانی شێمحەمەد، گۆرستانی کاولە گۆرقەرەجی زێدی حاجی، گۆرستانی بانەڕەقە) جگە لەگۆرستان چەند چاک وشەخسێک لە ئۆمەرگومبەتدا هەیە کە تائێستاشی لەگەلدا بێت هەندێک لە خەڵکی هانایان بۆ دەبەن تا لەلای خودادا ببنە شەفیعیان وەک(چاکی ئۆمەرگومبەت، چاکی سەید وەسمان، ئەسحابەی گۆرقەرەج.(
چەند کارێزوکانیاوەک لەسنوری ئۆمەرگومبەتدا هەیە وەک(زەلین، دارەبی، باپیرە، جەژنی سوێر، ڕێ قڕی خەزایی، دەرماناو)وە چەند گردێک دەوری ئاواییەکەیان داوە وەک(لەرۆژهەڵات گردی ئامینەوگردی مێرخانە و لەرۆژئاوا گردی بەردمێرکی ولەباکوردا گردی زالواو جگە لەمانە لە سنوری گوندەکەدا گردی تریش هەن و هەریەکەو ناوێکی هەیە وەک گردۆڵکەکانی(گۆرکەکە، کەلی چاوشین، گەرووی زالواو، گەرووی شیلانە، گردەل، قەڵاتەسوور، گردی شەمشیرە، گەرووی ئاوازە) بەڵام بەرزترین گردی سنورەکەیان گردی(کۆرتەتە)یە کە سێگردکانیەکان هەندێک ساڵ بۆ کشتیاری بەکاریان هێناوە، چەندین پارچە زەوی پشتاو لەسنوری ئەو گوندە دا هەیە وەک(بان تاڵەبان، بان چاکی ئۆمەرگومبەت، سەرخوندێتی، بان قەیتاز، بان ئەحمەکلاو، بانی هەنارە)هەروەها چەند ئەشکەوتۆکەیەکیش لەسنورەکەیاندا هەیە وەک (ئەشکەوتی حمەسمێل، ئەشکەوتی خدرمێرەم. ئەشکەوتی کەلەکین، ئەشکەوتی باپیرە، ئەشکەوتی قورمینگەوجویلەکە) بەڵام تێکرای سنوری ئۆمەرگومبەت لەزەوی بەراو هەژارە و تەنها پارچەیەکی بچووک نەبێت لەخوار شێروەزن لەنزیکی ئاقاری گوندی کانی لەلە.
پێکهاتەی دانیشتوانی ئۆمەرگومبەت
دانیشتوانی ئۆمەرگومبەت بنەچەیان دەگەرێتەوە بۆ ناوچەی دەربەندی شاهۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات، باپیرەگەورەیان بەناوی(جومعە) هاتۆتە دەوروبەری سنوری ئەمڕۆی گوندەکە سەرەتا لە(مەرزانی سەرێ) لەنێوان ئاقاری گوندی (ئیلنجاغی گەورەومەرزان) خۆی گرتۆتەوە و هەر لەوشوێنە لە گۆرستانی(کانی قەبران) لەمەرزانی سەرێ بەخاک سپێردراوە کە بە(جومعە دەربەندی)ناسراوبووە، ئەوانەی ئەمڕۆ کەخۆیان بۆ ئەو زاتە دەگێرنەوە بە(8-9)پشت دەژمێرن تا دەگەنەوە

جومعەدەربەندی.
تیرەکانی گوندی ئۆمەرگومبەت بریتین لە(دەربەندی، گەردی، مامڕەشی شوان، بلباس، سیان، زەنگەنەی گۆرقەرەجی) دەربەندی زۆرینەی گوندەکەیە و ئەوانیتر لەناویاندا تواونەتەوە، جگە لەو تیرانە دابەش دەبن بۆ چەند بەرەباب وبنەماڵەیەک وەک(کاکی، کەرخۆری، خلەگۆجە، شەلەوەندی، مامیل، گەردی، حەمەی گوڵان(هوری)، گۆرقەرەجی، سۆفی عەوڵڵا) کە بەرەی(کاکی)یەکان لەرووی ژمارەی خێزانەوە زۆرینەن و بەدوای ئەمانیشەوە بەرەی(کەرخۆریەکان)دێن، (شەلەوەندیەکان)یش لەرووی خزمەتکردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە زۆرترین مەلایان لێ هەڵکەوتووەو مەلازادەبوون وەک(مەلا ئەحمەدی ڕەشی شەلەوەندی، مەلا عومەری خانەقای شەلەوەندی، مەلا سدیق شەلەوەندی، مەلا عەبدوڵلای شەلەوەندی، مەلا حەمەدەمینی شەلەوەندی باوکی مەلا عەبدوڵلا و مەلا نوری، مەلا محەمەدی ئۆمەرگومبەتی) جگە لەمانە لەمێژووی ئۆمەرگومبەت چەندین زانای ئاینی تر هەڵکەوتوون وەک: شێخ مەلا ئەحمەدی کوێر ئۆمەرگومبەتی و نەوەکانی(محەمەدنور ونورمحەمەد وخەلیفە عەبدوڵلا) و مەلا ئەحمەدی گەورەو مەلا مەحمودی ئۆمەرگومبەتی کە لە مزگەوتی(بابەکراغای کۆیە)مزگەوتی گەورەی ئەمڕۆی شاری کۆیە مەلایەتی کردووە.
وە ئەوانەی لەمێژووی گوندی ئۆمەرگومبەت کاری کێخوایەتیان کردووە ئەمانە بوون:
-1کێخوا مام دەروێش کوری مەحمود کوری قادر
-2کێخوا حاجی ئۆمەری کوری حاجی مەولودی کوری قادر
-3کێخوا محەمەد کوری حاجی ئۆمەری کوری حاجی مەولود ناسراو بە(حاجی سۆفی(
-4کێخوا ئەحمەد کوری حاجی مەولودی گچکە کوری محەمەدی کوری حاجی مەولودی گەورە
-5کێخوا عەبدوڵلای کوری حاجی سۆفی کوری حاجی ئۆمەری کوری حاجی مەولودی کوری قادر
-6کێخوا حەمە عەلی کوری حەمە کوری عەلی کوری محەمەو کوری حاجی مەولودی گەورە
-7کێخوا قادری کوری حەمەسوری کوری خدر(خلەگۆجە(
-8کێخوا حەمە کوری حاجی مەولودی گچکەی کوری محەمەد
-9کێخوا عەبدولرەحمانی کوری عەبدولعەزیزی کوری فەقێ محەمەد
لەناو کێخواکاندا(حاجی سۆفی) ناوداربووە کەناوی تەواوی(محەمەدحاجی ئۆمەرحاجی مەولودە)، هەروەها لەبنەماڵەکانی ئەم گوندە چەند کەسایەتیەکی دیار هەڵکەوتوون وەک(حاجی ئۆمەری حاجی مەولودی قادری کاکی وحاجی کەچەڵ محەمەدی کەرخۆری وحەمەسوری خدر(خلەگۆجە)وحاجی فەقێ محەمەدی مەلا ئەحمەدی ڕەشی شەلەوەندی و حەمەی ئۆمەر گەردی وئۆمەرحاجی مەولودی مامیل و محەمەدی حاجی عەبدوڵلای حاجی سۆفی وحەمەی مێرەم حاجی سیسەی کەرخۆری وحاجی محەمەدی هەمەی کوری ئەحمەدی گۆرقەرەجی وخاڵە ئەحمەوی کاکی و عەبدولقادری حاجی محەمەدی هوری وئەحمەشێخان و یاسین ڕەسول.(
هەندێک پەندوگۆتەوبەسەرهاتی کوردەواری ئۆمەرگومبەت

-1هەمینە مەستان، بەدەست عەلیە شەلەوە بێ
دەگێڕنەوە لەئاوایی ئۆمەرگومبەت کچێکی زۆر جوان دەبێت بەناوی(هەمین)، لە یەکێک لەئاهەنگەکانی ژنهێنان لەشاییدا بەدەست پیاوێکەوە دەبێت کەناوی(عەلی)بووەو(شەل)یش بووە، (ئەحمەدشازە)ش شایەرێکی بەتوانابووە کە دەبینێت هەمین بەو شۆخ وشەنگیەوە هەر لەدەستی عەلیەشەلەوەیە، تورە دەبێت و شاییەکە بەجێ دەهێلێت وڕێی گوندی ئیلنجاغی گەورە دەگرێت و لەبەرخۆیەوە هەر دەڵێت(هەمینەمەستان بەدەست عەلیەشەلەوە بێت)، بە ڕۆیشتنی ئەحمەشازەش شایەکە تێک دەچێت، بۆیە یەکێک لەبرادەرەکانی بەدوای دەچێت تاوەکو بیگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی شایەکە هەڵسورێنێت و بەردەوام بێت، لەڕێَگادا توشی دەبێ وپێی دەڵێت:"لەمنت نەکەوێ تۆ شایەرێکی ئەوەندە بەتوانای ناتوانی وابکەی هەمینە مەستان بەبەندان لەدەستی عەلیە شەل دەربهێنی؟! وەرە بگەڕێوەو بەس بە بەندان عەلیەشەل شەرمەزاربکەوبەمەش هەمینە مەستان بەخۆی لەدەستی دێتە دەرەوە" ئەحمەشازەش ئەمەی دەچێتە عەقڵەوە ودەگەڕێتەوە و شاییەکە گەرم دەکاتەوەو بەبەندان دەڵێت:
بەژن وبێ ماڵم عەلیەشەل
پای بێ تۆپاڵم عەلیەشەل
هەمینە مەستانیش کە گوێی لەم بەندە دەبێت دەڵێت"ئای عەلیەشەل شانم پێتەوە دەرهات"بەم شێوەیە لەدەستی دەردەچێت.
-2بوختان بەمان کەن
لەهەموو ئاواییەکانی کوردستان نمونەی لەو شێوەیە زۆرن بەڵام بەهۆی خۆشی شێوەزارەکەیان لەسنوری ووراتی کۆیە ئەم کینایە وئیدۆمە باوەو لەسەر زاراندا دەوترێت، دەگێڕنەوە لە ئاوایی ئۆمەرگومبەت(سۆفی ئۆمەر)و(سۆفی ئاجەر)حەزییان لەیەکتری کردووە وئەو حەز لەیەکترکردنەش هەموو خەڵکی ئاوایی پێی دەزانێ و خەریکە بکەونە بەرباس وخواسی حەڵکی گوندەکە، بۆیە لەیەکێک لەژوانەکانیان، کە سۆفی ئاجەر لەباوەشی سۆفی ئۆمەر دەبێت لەحاڵەتی ئامێز وتێک ئاڵاندا، سۆفی ئاجەر بەسۆفی ئۆمەر دەڵێت"سۆفی ئۆمەر خەڵک ناومان دیاریک" سۆفی ئۆمەریش لەسەرەخۆ دەڵێت" بوختان بەمان کەن."
-3ماری بور بازی نەمرم، بەتحەسیامەوە
دەگێڕنەوە پیاوێکی جوتیاری گوندی ئۆمەرگومبەت بەکاروباری کشتیارییەوە زۆر ماندوو وهیلاک دەبێت، رۆژێک لەڕۆژان لەناو گۆلەکانی شینایيەکەی مارێک پێوەی دەدات، ئەویش دەڵێت"ماری بور بازی نەمرم بەتحەسیامەوە" واتە ئەگەر بەهۆی ژەهرەکەیەوە نەمرێت ئەوا بۆ چەند ڕۆژێک لەسەر جێگا دەکەوێت وپاڵ دەکەوێ وبۆماوەیەک دەحەسێتەوە.
-4هێڵکەوروون خۆر ئەوەندەشی؟
ئۆمەر ئەڵلایی پیاوێکی پاڵەوانی گوندی ئۆمەرگومبەت بووە لەزەمانی حەماغای گەورەی کۆیە، رۆژێکیان ڕێگەی دەکەوێتە شاری کۆیە بۆ فرۆشتنی گندۆرە، لەنزیک (سێ تاقان) پاڵەوانێکی (حەماغا) پێشی لێدەگرێ و تەشقەرەی پێدەکات و بارەگندۆرەکەی خراپ دەکات و گێچەڵی تەواوی پێدەکات، ئەویش نایکاتە نامەردی بەیەک لێدان و ناوقەدگرتنی پاڵەوانەکەی حەماغا لەگەڵ زەوی تەخت دەکا، دواتر کەماڵی حەماغا بەمە دەزانن بەپاڵەوانەکەی خۆیان دەڵێن" هێڵکەوروون خۆر،

ئەوەندەشی؟"!
-5ئەگەر زاڵم تەعدای لێکردی، تۆش لەخاکی قایم بکە
لەکۆنەوە زولمَکردن هەر هەبووە، ئەوانەی دەسەڵاتداربوون زۆرجاران زولمَیان لەبێ دەسەڵاتان کردووە، لەسەردەمی(حاجی ئۆمەری حاجی مەولود)جەندرمەو زەفتیەی عوسمانی هاتوون بۆ گوندی ئۆمەرگومبەت و هەندێک جار زولمَی باشیانکردووە، بەتاڵان وپرۆ وشتی تر، بۆیە حاجی ئۆمەر ووتویەتی" ئەگەر زاڵم تەعدای لێکردی، ئەتۆش لەخاکی قایم بکە" واتە باشتر بایەخ بەزەوییە کشتوکاڵیەکانتان بدەن و هەرخاکە دەتوانێ بەرهەمی باش و جوان بدات بەڕەنج وماندووبون، زاڵمیش خودا حەقی لێ وەردەگرێتەوە.
-6ئامین هەندێک خوێ بێنە، ئاشەکە بێ خوێ یە!
لالە برایمی کوری عەبدولرەحمانی کوری برایمی عەبدوڵلای برایم بۆی گێرامەوە و وتی" ساڵی 1970تازە ژیانی هاوسەریم لەگەڵ(ئامین)ی خێزانم پێکەوەنابوو، لە یەکێک لەڕۆژەکانی ئەو ساڵە، دوو خۆشناوی غەریبەی کاروانچی بۆ ئێوارە بوونە میوانمان، ئامینیش ئاشی شۆربای نیسکی بە ئاوەتەماتەی لێنابوو، سفرەوخوانی ئامادەکرد وئاشەکەی خستە سەر سفرەکە، پێش میوانەکان کەوچکێکم لەشیوەکە خوارد، ئەوەندە سورو پرخوێ بوو، کەبینیم میوانەکانیش دەستیان بۆ کەوچک برد و سەیری یەکتریان کرد، منیش بۆئەوەی کابانیەکەی ئامینی خێزانم نەشکێ ووتم"ئامین هەندێک خوێ بێنە، ئاشەکە بێ خوێ یە؟!"کە ئامین خوێیەکەی هێنا یەک کەوچکیترم خوێ کردە قاپەکەی بەردەمی خۆمەوە و شیوەکەم خوارد و ناوەناوەش بەمیوانەکانم دەووت" شەرمێ مەکەن ئەگەر ئاشەکە بێ خوێ یە خوێی تێبکەن!"ئەوانیش دەیان ووت" بەزیاد بێت عەیبی نیە؟."!
-7هەموو وەرزێک دەبینن بەڵام بەمرازان ناگەن
)زاڵم هەموو وەرزێک دەبینێت، بەڵام بەمراز ناگات(
گوندی ئۆمەرگومبەت ئاغا دێ نەبووە، بەڵام لەسەردەمی ئاغاو دەربەگان، ناوە ناوە ئاغاکان چاویان پریوەتە گوندەکەو هەوڵیانداوە داگیری بکەن لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم(1900-1950)یەکێک لەئاغاکان کەسێک دەنێرێتە گوندەکەو بەحسابی ئەوەی کە نوێنەری ئاغاکەیە، خەڵکی ئۆمەرگومبەتیش لەلایەن لالەو بەساڵاچووەکانیانەوە تەگبیر دەکەن و بەخەڵکی ئاوایی دەڵێن" با هەموو جەمێک(ژەمەخۆراک) بچینە ماڵی ئاغاو لەبنی دەربێنین" ئیتر خەڵکی ئاوایی ئەو تەگبیرە جێ بەجێ دەکەن و کابرای نوێنەری ئاغا دەهێننە سەر (ساجی عەلی) و بەناچاری گوندەکەیان بۆ بەجێدەهێڵێت، جارێکیتر ئاغاکانی کۆیەوشێخ بزێنی هەوڵی خۆیان دەدەنەوە بۆ دەست بەسەراگرتنی گوندی ئۆمەرگومبەت، بەڵام(حاجی سۆفی) بەیەکێک لە ئاغاکان دەڵێت"ئاغا هەموو وەرزێک دەبینن، بەڵام بەمراز ناگەن" ئاغاش تێدەگات بێسوودە لەگەڵیان بۆیە وازیان لێ دەهێنێت و گوندەکەیان بۆ بەجێ دەهێڵێت.
-8داستانی شیربەو بەگ
لە ئاقاری(ئەحمەکلاو)، هاوینەواری(قەیتاس)لەگوندی ئۆمەرگومبەت هەبووە، لەو هاوینە هەوارە ژنێکی زۆرجوان بەناوی(زەمانە) هەبووە، دیارە لە ووڵاتی ئێران پاشاکەی گەڕاوە بۆ ئافرەتێکی جوان، لەڕێگەی گەڕیدەو جاسوسەکانیەوە بە شۆخ وشەنگی و جوانی ئەم ژنە دەزانێت، بۆیە لەشکر دەنێرێ و داوای ئەم ژنە جوانە

دەکات، خاوەنی ئەم ژنە ناوی(شێربەو) بووە واتە(شێربەگ)پیاوێکی ئازاو ڕەشید بووە تا شەهید دەبێت لەگەڵیان دەجەنگیٚ، هەر بۆیە ئەمڕۆ بەو شوێنە دەوترێت(گردی شێربەو.(
-9زەفتیە کوشتن لەهەنارەی عەمدۆن
زەفتیەکانی عوسمانی زوڵمیان زۆر لەخەڵک دەکرد، بۆیە جارێک لەجاران خزمانی ئۆمەرگومبەت دەیانەوێت سنورێک بۆ ئەو زوڵمکردنەیان دابنێن، پلانێک دادەنێن و سنوری خۆیان بەجێدەهێڵن و دەچنە ئاقاری سەختی هەنارەی گوندی عەمدۆن تاوەکو نەزانرێت گەنجانی ئۆمەرگومبەت دەستیان لێوەشاندوون، بۆسەیەک بۆ زەفتیەکانی عوسمانی دەنێنەوە، زەفتیە چەتەکانی ئەو کاتە کەزوڵمیان دەکرد دەکەونە بۆسەکەوە کەناویان(خلەپیزە و عەریف سەقا و مەنتیقەڕەش و حەمەدەمین ڕەواندزی) هەموویان دەکوژرێن تەنها یەکێکیان بەبرینداری ڕزگاری دەبێت، بەهۆی گەرمەی هەڵمەت و تەقەکردنەوە یەکێک لە جاحێلەکانی ئۆمەرگومبەت بەشێوەزاری خۆیان قسە دەکات بەمە ئاشکرا دەبن کە کورانی ئۆمەرگومبەت و برازاکانی (حاجی ئۆمەری حاجی مولود)ن، هەر بۆیە زەفتیەکانی عوسمانی بۆ ڕۆژانی دواتر دێنە (شێروەزان) لەجوتیارێک دەدەن ئەویش خۆی لەبەر ئازارەکە ناگرێ و دەڵێ"حاجی ئۆمەر لە ئێوەی داوە ئەوەتە بۆ لەمن دەدەن"زەفتیەکانیش حاجی ئۆمەر دەستگیر دەکەن و دەیبەنە کەرکوک، حاجی ئۆمەریش هەر دەلیٚ"یا ئۆمەر گومبەت هاوارە"
-10شوانەی شێرکوژ(وامزانی پخەکەش پەلاماری شێرەکەیە(
دەگێرنەوە لەبێشەڵانی شێروەزەنی نێوان گوندی(کانی لەلە و ئۆمەرگومبەت) شێرێکی غەزری دەبێت، کەس ناوێرێت بەو شوێنە گوزەر بکات، ڕۆژێک لە ڕۆژان شوانێکی(مەنتک یان سورچی) ڕێی دەکەوێتە ئەو ناوچەیە و شێرەکە پەلاماری دەدات، ئەویش هەر لەگەل دەنگی شێرەکە ووریا دەبێت و گۆپاڵەکەی دەستی توند دەگرێت ولەتەپڵی سەری شێرەکەی دەدات و شێرەکە لەهۆش خۆی دەچێت و شێرەکە دەکوژێت، ئەم هەواڵە بڵاودەبێتەوە ودەگاتە سەرای کۆیە، لەکۆیەش دەڵێن ئەو کەسەی شێرەکەی کوشتووە خەڵات دەکرێت، بۆ ڕۆژی خەڵات وەرگرتن(10)کەس دەچنە سەراو هەموویان دەستی خۆیان پێچاوەتەوە، بەڵام ئەو کەسەی کە دەیەوێت خەڵاتەکە بدات یەک یەک چاوپێکەوتنیان لەگەل دەکات و پرسیاریان لێدەکات کە چۆن چۆنی شێرەکەیان کوشتووە؟ لەپرێکیش پخێک دەکات(9)کەسی یەکەمیان لە(پخەکە)دەترسن و ئاشکرا دەبێت کە ئەوانە شێرکوژەکە نین! کە نۆرەی شوانە دێت بۆ چاوپێکەوتن هەمان پرسیاری ئاراستە دەکرێت و لەکاتی وەڵامدانەوە کابرای سەرای کۆیە پخەیەک دەکات و شوانەکەش هەتا خودا دەیگرێت دەکێشێت بەدەم وقەپۆزی کابرا، کابرای سەراش دەڵێت"بەڕاستی تۆ شێرەکەت کوشتووە، بەڵام بۆ وەها توووند لەمنت دا"شوانەش دەلێت" من بەتەواوەتی لە ناو گێرانەوەکەدا بووم، وامزانی پخەکەش پەلاماری شێرەکەیە؟."!
چاکی ئۆمەرگومبەت(شەخسی ئۆمەرگومبەت(
ئەم چاکە لەسەرووی خۆرئاوای گوندی ئۆمەرگومبەت هەڵکەوتووە، بەدووری یەک سعاتە ڕیٚ، دەکرێت یەکێک لەپیاوچاکان بوو بێت وپلەی خواناسی و لەخواترسانی بەرزبووە، بەڵام بەداخەوە وەک ئەوەی ناوی تەواو و بنەچەی ئەم زاتە هەبێت نەمبیستووە و نەکەوتۆتە بەرچاویشم لەهیچ سەرچاوەیەک و کتێبێک تەنها

لەناوەکەی دەردەکەوێت ئەو چاکە(عومەر)ی ناو بووە، خەڵکی ئۆمەرگومبەت و نەوەکانی جومعە دەربەندیش درەنگ بەو چاکەیان زانیووە، بەهۆی گاوانێکەوە کە گایەکی لێدەکەوێتە چاڵی مەرقەدەکەوە، ئەم رووداوە لەلای خەڵکی ئۆمەرگومبەت بووە بەسەربووردەو گێرانەوە، هەر دوای ئەم ڕووداوەش گوندی ئۆمەرگومبەت ئەم ناوەی بەسەرداپڕاوەو بووە بەگوندی(ئۆمەرگومبەت.(
ناشزانرێت ئەم مەرقەدە دوای مردنی(عومەر)ی خواناس دروستکراوە یان خۆی بۆخۆی دروستیکردووە؟! چونکە گێرانەوەکان لەهەندێک حاڵەتدا دەبنە پێچەوانەی یەکتری، گومبەتەکە شێوەی بازنەیی یە وتیرەکەی(3)مەترەو بەرزیەکەی(2)مەترە، لەنێو خەندەقی بازنەی مەرقەدوگومبەتەکە بەلای ڕاستدا(2)تونێل بەدیدەکرێت ناشزانرێت ئەم تونێلانە چەند دوورو درێژو قوڵن وبۆچ مەبەستێک لێدراون، هەندێک دەڵێن یەکێک لەتونێلەکان دەچێتە سەر کانیاوێک لەدۆڵەکەی تەنیشتی مەرقەدەکەوە، سەری تونێلەکان لەناو گومبەتی مەرقەدەکەوە بەشێوەی دەرگا دەردەکەون و نیوە کەوانەیی(50)سانتیمەترین.
کەرەسەکانی کە گومبەت ومەرقەدەکەی پێ دروستکراوە بریتین لە بەرد و کەرپوچ ولمی قورینەی سەردەمانی زوو(4)، ئەوەی تێبینی کراوە ئەم مەزاروگومبەت و مەرقەدەی ئۆمەرگومبەت تا ئەمڕۆش بە مەزارگایەکی ئاینی دادەنرێت و باوەڕدارانی پروایان بەپیاوچاکی ئەو چاکە هەیە، ساڵانە لەسنوری پارێزگای هەولێروگوندەکانی دەوروبەری لێرەولەوێ سەردانی دەکەن بۆمرازوهانای بۆ دەبەن، ئەوەی لەزاری خەڵکەوە لەسەر ئەو مەرقەدەوە بیستومە هەندێکی دەخەمەڕوو:
عەبدولعەزیزی حاجی سۆفی حاجی ئۆمەر لەدایکبوی 1922ی ئۆمەرگومبەت بۆی گێڕامەوە و وتی: عەبدوڵلای حاجی محەمەدی هەمەی گۆرقەرەجی لەکاتی پەلاماری ئەنفالی ساڵی 1988 رژێمی بەعس بۆ سەر ئۆمەرگومبەت، خەونێکی بینیبوو بۆی گێڕامەوە ووتی"لەخەوما سێ کەس هاتنە پێش جەیش وجاش ئەوانیش(ئەحمەشێخان ومەلا ئەحمەدی گەورەو چاکی ئۆمەرگومبەت)، ئۆمەرگومبەت لەجەیش وجاشەکە هاتە وەڵام و ووتی: لەڕووبار بپەڕنەوە هەردوو چاوتان دەردەکەم "، بەمەش بۆ بەیانی کە جەیش وجاش هاتن لەڕووبار نەپەڕینەوە و نەهاتنە ئاقاری گوندی ئۆمەرگومبەت، هەر ئەمەش وایکرد ژن ومنداڵ وفیرارێکی زۆری گوندی ئۆمەرگومبەت لە ئەنفال رزگاریان بوو.
هەروەها ووتی: دوای کوشتنی زەفتیەکانی عوسمانی لەشکری عوسمانی دێنە شێروەزەن و حاجی ئۆمەری باپیرەم دەگرن و دەیبەنە کەرکوک، حاجی ئۆمەریش دەڵێت"یا ئۆمەرگومبەت هاوارە"، ووتویەتی:"لەکەرکوک کاتێک زەلامێکی سپی بەدەرکەوت وسینگی نا بەمێزەکەی بەردەمی لێپرسراوی زەفتیەکان ووتی" وەڵلا ئەو پیاوە عاجزبکەی هەردوو چاوت دەردەکەم" لێپرسراوی زەفتیەکان کەوتە دوایی و هەموو شوێنەکانی لەدوای کرد و لە هەرچی پرسیاری کرد دەیان ووت نەمانبینیووە؟! ڕەنگی سپی دەبێت بە نوسەرەکەی کە ئەوراقی دەنوسی دەڵێت: بیکە بەخاتری خودا لێی گەڕێ باپڕوات و بۆ ڕۆژی دوایی حاجی ئۆمەر ئازاد دەکەن و دەگەڕێتەوە ئۆمەرگومبەت.
لالە برایمی عەبدولرەحمانی برایمی عەبدوڵلا لەدایکبووی 1940ی ئۆمەرگومبەت بۆی گێڕامەوەو ووتی" مەرقەدی ئۆمەرگومبەت خەڵک لەکۆنەوە بۆ چارەسەرکردنی شێت ونەخۆش و مرازو چاکەکاری سەردانیان کردووە، شوێنی خەڵوەتگرتن و عیبادەت بووە،

حەیوان بەمێگەلەوە بۆلای مەرقەدەکە بردراوە یەکێک لە ئاژەڵەکان بەقاڕە قاڕەوە دەچووە لای مەرقەدەکەو ئەم حەیوانە دەکرایە قوربانی وخێر، هەروەها ووتی کابرایەک لەسێگردکانەوە هاتووە بۆ سەر مەرقەدەکەو میزی گیراوە کە گەیشتۆتە سەر مەرقەدەکە میزەکەی کراوەتەوە، وە سەرگوزشتەیەکی کۆنی گێرایەوە و ووتی: گایەک دەکەوێتە ناو مەرقەدەکەوە کەخاوەنەکەی پێی دەزانێت دەڵێ گایەکە مەولودی پێغەمبەر خێر بێت بەڵام کەس هیچی لێ نەیەت، کە دەگاتە لای مەرقەدەکە گایەکەی ساغ وسەلامەتە، بۆیە پەشیمان دەبێتەوەو لەدڵی خۆیدا گایە خێرەکە دەکاتە بزنێک بۆ خێرەکەی، کە گایەکە دەردێنن دەست دەکاتە لرخەلرخ بەهەزار حاڵ چەقۆی پێ ڕادەگات، هەر لەکۆنەوە خەڵکی ئاواییەکانی میرکە ونێرەگین وسماقەو قەمبەرو ئیلنجاغی گەورەو سێگردکان سەردانیانکردووە.
قادری حەمەمستەفای ئەحمەد ناسراو بە قادری خەجێ لەدایکبووی 1954ی ئۆمەرگومبەت سەبارەت بەمەرقەدەکە ووتی: شوێنەواری ئۆمەرگومبەت لەتابووک وخشتی سورەوەکراو لەشێوەیەکی گۆزەیی دروستکراوە و دوو دەرگای هەیە و جەنازەی ئۆمەرگومبەتی تێدایە، 3×4مەترە ڕووبەری مەرقەدەکە ودەرگایەکیان دەچێتەوە سەر شیوی (سەرقەل دووتوان) ئاوی خواردنەوەی هەیەو بۆ ژیان گوزەران و دەستنوێژهەڵگرتن بەکارهێنراوە، بەڵام دەرگای دووەمی ڕوو لەقیبلەیە شوێنی نوێژکردنەوکۆتایی دێت و دەرگای نیە، ووتیشی: لەدوای ڕاپەرین پارەیان لێدۆزیوەتەوە و سەری مەرقەدەکەش لەساڵی 1979چیمەنتۆکراوە لەلایەن (حاجی شەمسەدینی ئەحمەدی ڕەحمەی تەقتەق)، ساڵانە عەبدوڵلای مام قادری ئۆمەرگومبەت سەرپەرشتی قوربانی سەر مەرقەدەکەی کردووە و تا ئەم دواییانەش خەڵکی عەقیدەیان پێی هەیە و لەکاتی نەخۆشی وتەنگانە هانای بۆ دەبەن.

خانەقای عومەرگومبەتی یان خانەقای دەربەندیان

خانەقای(ئۆمەرگومبەتیان) یان(دەربەندیان) لەگەڕەکی زێویەی ئیمام قاسم یەکێکە لە مزگەوت وخانەقا و قوتابخانە کۆنەکانی شاری کەرکوک، ئەم شوێنە لەلایەن بەرەبابی(شەلەوەندی)ی دەربەندییەکان کە ناسراون بە(مەلازادەی دەربەندی) زیاتر لەدوو سەدە لەمەو بەر بونیاتنراوە، واتە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم(1785-1799)، سەرەتا بەخشت وقور دروستکراوە تا ساڵی(1966)، ئەم خانەقایە شوێنی خوێندن و خوێندنەوە بووە بۆ فەقێ و خوێندکارانی کورد بەگشتی و بۆ نەوەکانی تیرەی دەربەندی بەتایبەتی.
هەروەها شوێنێک بووە بۆ پەخش و بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ وزانستی زمانەوانی و عەقڵی و نەقڵی، ئەم کانگا وچاوگە بەنرخە ڕۆژبەڕۆژ لەگەشەدا بووە، نەوەکانی(مەلا هاشمی دەربەندی) خاوەنی ئەم مەقامەن و دەڵێن"باپیرە گەورەمان مەلا نورەدین دروستیکردووە، خۆشی کاری مەلایەتی خانەقاکە بووە تا مناڵەکانی پێگەیشتوون، دواتر خۆی گەڕاوەتەوە گوندی ئۆمەرگومبەت، بۆ سەرپەرشتی زەوی و زارەکانی و ئاشەکانی کە لەبەستی شەرغە هەیبووە، دوای خۆی کورەکەی(مەلا ئەبوبەکر) خانەقاکەی بەڕێوەبردووە."
ئەم خانەوادەیە پشتاوپشت خانەقاکەیان بەڕێوەبردووە دوای مەلا ئەبوبەکر، مەلا ئیبراهیمی کوری و دواتر مەلا عەبدوڵلای کوری مەلا ئیبراهیم و مەلا عومەری کوری مەلا عەبدوڵلای کوری مەلا ئیبراهیم کە ئەمەیان بە(مەلا عومەری گەورە) بەناوبانگە. لەسەردەمی مەلا عومەری گەورە، کە مودەریسی خانەقا بووە، خزمانی دەربەندی

هاوکار دەبن بۆ گواستنەوەی شوێنی خانەقاکە و خانەقا کۆنەکە دەکرێتە شوێنی ماڵ ومناڵ و خانەقا تازەکە دەکرێتە بەرد وگەچ و 4هۆدەو هەیوانێکی بۆ دروستدەکەن، بەم هاوکارییەش لەمێژووی خانەقاکە دەوترێت(زبارەی دەربەندیان) کە 25خێزان لەئۆمەرگومبەتەوە بەژن وپیاوەوە دێن و بەشداری بونیاتنانی دەکەن لەساڵی(1273)کۆچیدا.

دوای مەلا عومەری گەورە، مەلا عەبدولرەحمانی برای، ئینجا مەلا سدیقی برایان، تاوەکو سەرپەرشتیاری خانەقاکە کەوتۆتە دەست(مەلا عومەر)ی برازایان کوری مەلا ساڵحی مەلا عەبدوڵلای مەلا ئیبراهیم کە بە(مەلا عومەری دووەم) ناسراوە، دوای ئەویش نەوەی مەلا عومەر بەتایبەتی(مەلا محەمەدساڵح کوری مەلا عومەری کوری مەلا ساڵح.(

خانەقای عومەرگومبەتی یان دەربەندی-یان لەسەردەمی(مەلا سدیقی کوری مەلا عەبدوڵلای مەلا ئیبراهیمی مەلا ئەبوبەکری مەلا نوردەینی شەلەوەندی دەربەندی) کتێبخانەیەکی گەورە و بەنرخی هەبووە، پڕبووە لەدەستنوسی مەلایەکانی دەربەندی وەک:

-1ئەحمەد کوری ئیبراهیمی ئۆمەرگومبەتی کوری ئەبوبەکری کوری نورەدین.

-2ئەحمەدی دووەمی ئۆمەرگومبەتی کوری محەمەد.

-3مەلا عومەر ئۆمەرگومبەتی کوری مەلا عەبدوڵلای کوری مەلا ئیبراهیم(مەلا عومەری گەورە.(

-4عەلی ئەعرەجی کوری محەمەدی کوری ئیسماعیلی ئۆمەرگومبەتی.

-5مەلا دەروێش کوری مەلا ئیبراهیمی کوری فەقێ دەروێشی کوری حاجی مەلا ئیبراهیمی ئۆمەرگومبەتی.

بەڵام بەداخەوە لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا کە ناسراوە بە(سفربلک)، مەلا سدیق ناچار دەبێت خانەقاکە کلیل بدات وبچێتەوە ناو خزمەکانی بۆ ئاوایی(ئۆمەرگومبەت)، ئینجا دزو جەردە کتێبەکان و(24) پارچە مافوری خانەقاکە دەدزن وجەندرمەی عوسمانیش(دیرەگ)ی ژوورە قورەکان دەردەهێنن بۆ خۆگەرمکردنەوە دەیسوتێنن .

ڕووخان وکاوڵکارییەکانی گوندی ئۆمەرگومبەت لەشۆرشەکانی کورد

-1حکومەتی عێراق لەسەردەمی حەرەس قەومی(پاسەوانی نەتەوەیی یان گاردی نەتەوەیی)لەساڵی 1963بەفرۆکە بۆردوومانی گوندی ئۆمەرگومبەتی کردووە و لەنێوان گوندی(کانی لەلە و ئۆمەرگومبەت)هاوڵاتیەکی گوندەکە بەناوی(خدر وەسمان حەمە خێڵ)شەهید دەکات، جگە لەسوتانی ماڵی چەند هاوڵاتیەکی ئۆمەرگومبەت و بریندارbوونی دوو هاوڵاتی بەناوەکانی(فاتمە خدر وەسمان و عەبدوڵلای حەمەدەمینی محەمەد) هەر لەو بۆردوومانەدا.

-2هەروەها لەداستانی 14-8-1982ی نێوان رژێم و پێشمەرگەکانی تیپی 86ی دەشتی هەولێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هەرچەندە هێزی پێشمەرگە سەرکەوت بەڵام هەندێک خانووی هاوڵاتیان زیانی بەرکەوت وروخان وسوتان و دوو کچی لالە (حەکیم عەبدولرەحمان شەلەوەندی)یش برینداربوون بەناوەکانی(فاتمەوحەلیمە.(

-3جارێکیتر لەساڵی 1986فڕۆکە مەرگچێنەکانی ڕژێم بۆردوومانی گوندەکەیان کردوو هاوڵاتی(کافیە عەبدوڵلا حاجی حەمەدەمین)بریندارbوو.

-4جارێکیتر هەلیکۆپتەرە مەرگچێنەکانی ڕژێم لە(26 / 1988/8) لەهەورازی جەمشیری سنوری ئۆمەرگومبەت (3)هاوڵاتیان بەناوەکانی(مریەمە عەبدولرەحمان عەبدولعەزیز فەقێ محەمەد وهەیبەتی خوشکی ومەجید حەمەدەمین قادر حەمەسوور)شەهید کرد لەگەڵ زامداربوونی دوو کچیتری کێخوا عەبدولرەحمان بەناوەکانی(ئامینە وگوڵان)تا ئەمڕۆشی لەگەل دایێت کەم ئەندامن.

-5دواجار لەپرۆسەی ئەنفالی چواردا لە(3-8) ی ئایاری 1988وەک تێکرای ئاواییەکانی سنورەکە بەتەواوی وێرانکرا.

داستانی ئۆمەرگومبەت،

یەکەم شەڕی ناودێ لە دەشتی هەولێر

لەشۆڕشی نوێدا گوندی ئۆمەرگومبەت لەدەشتی هەولێر ئەو شەرەفەی پێبڕاوە کە یەکەم گۆرەپانی شەڕی دەستەویەخەی نێوان (هێزی پێشمەرگەی کوردستان و رژێمی بەعس)بووە، بەسەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەش لەو داستانە ئەوەندەی تر(داستانی ئۆمەرگومبەت) دەنگی دایەوە.

لەهاوینی ساڵی 1982، کەرتی(2)ی تیپی 86ی دەشتی هەولێر بەسەرپەرشتی فەرماندەی کەرت(شەهید ئەحمەد قەمبەری) وچەند پێشمەرگەیەکی کەرتی(1)ی شەهید ئاودێر، کە تێکرا ژمارەیان(36)پێشمەرگەبووە، هەواڵیان پێگەیشتووە کە حکومەت لەشەوی 13/14-8-1982 هێرشیان دەکاتە سەر، ئەو پێشمەرگانەش لەو شەوەدا لەسعات(8)ی ئێوارە تاوەکو(3)ی بەیانی لە نێوان گوندی(کانی لەلە و ئۆمەرگومبەت) بۆسە بۆ ڕژێم دەنێنەوە، بەڵام ڕژێم پەلامارەکەی ناهێنێت، بۆیە پێشمەرگەکان بۆسەکە چۆڵ دەکەن و لەسەرلەبەیانی 14-8-1982دەچنە ناو ئاوایی ئۆمەرگومبەت، دوای(2)سعات لەچۆلکردنی بۆسەکەیان ڕژێم سعات(5)ی بەیانی بەجەیش وجاشێکی زۆرەوە پەلاماری گوندی ئۆمەرگومبەت دەدات و ژمارەی جاش وسەرباز(3)هەزارچەکدارو بەپاڵپشتی (3)ناقیلە و(7)هەلیکۆپتەر، کە سەر بەفەیلەقی کەرکوکی سوپای عێراقی ئەوکات بوون، پێشمەرگەکانی تیپی 86ی دەشتی هەولێر لێیان دێنە دەست و لەماوەی نێوان سعات(5)ی بەیانیەوە شەڕ دەستپێدەکات تاوەکو سعات(11.5)ی نیوەرۆ، سەربازوجاشێکی زۆریان لێدەکوژرێ و ڕژێم ناتوانێت بچێتە ناو گوندەکەو بەناچاری دەکشێتەوە، لەو داستانەدا هیچ پێشمەرگەیەک شەهید نابێت تەنها دوو منداڵی (لالە حەکیمی شەلەوەندی)بریندار دەبن بەناوەکانی(فاتمە وحەلیمە.(

شەهیدانی گوندی ئۆمەرگومبەت

گوندی ئۆمەرگومبەت وەک هەموو گوندەکانی تری کوردستان لەشۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێ و ڕاپەرین چەندین ڕۆلەی بووە بەقوربانی، کە 13هاوڵاتی جوتیارو ژن ومناڵ و2ئەنفالکراو و 4پێشمەرگەی شەهیدی داوە وەک لەخشتەی خوارەوە خراوەتەڕوو:

ژ ناوی شەهید پلە شوێنی شەهیدبوون ساڵەکەی دوژمن ئۆرگان شۆرش

-1عەبدولرەحمان حەمەدەمین حەمەی گەردی سەرباز بەغداد 1958 مەلیکی - عبدالکریم قاسم

-2خدر وەسمان حەمەخێڵ هاوڵاتی کانی لەلە 1963 بەعس - ئەیلولی مەزن

-3دیاری قادر عومەر ساڵح مناڵ سێگردکان 1974 بەعس - ئەیلولی مەزن

-4عومەرقادر عومەر سالّح منالّ سێگردکان 1974 بەعس - ئەیلولی مەزن
-5توانا قادر عومەر سالّح منالّ سێگردکان 1974 بەعس - ئەیلولی مەزن
-6محەمەد عەبدولعەزیز حاجی سۆفی هاولاتی ئیلنجاغی شوان 1981 بەعس - شۆرشی نوێ
-7خەجیلە مستەفا ئەحمەد ئۆمەر هاولاتی ئۆمەرگومبەت 1986 بەعس - شۆرشی نوێ
-8مەلیحە عەلی حەمە هاولاتی ئۆمەرگومبەت 1986 بەعس - شۆرشی نوێ
-9عەبدوڵلا کێخوا ئەحمەوی حاجی مەولود هاولاتی سێگردکان 1986 بەعس - شۆرشی نوێ
-10خدرحاجی قادر حاجی رەشید هاولاتی سارتک-ئاومالّ 1987 بەعس - شۆرشی نوێ
-11مەلا قادری مەلا عومەری سالّحی خانەقا سەرکردە ئەبوغرێب 1987 بەعس ی.ن.ک شۆرشی نوێ
-12مەجید حەمەدەمین قادر حەمەسور هاولاتی ئۆمەرگومبەت 1987 بەعس - شۆرشی نوێ
-13مریەمە عەبدولرەحمان عەبدولعەزیز هاولاتی ئۆمەرگومبەت 1987 بەعس - شۆرشی نوێ
-14هەیبەت عەبدولرەحمان عەبدولعەزیز هاولاتی ئۆمەرگومبەت 1987 بەعس - شۆرشی نوێ
-15عەبدوڵلا خدر عەبدولرەحمن-ئەنفالکراو هاولاتی ئۆمەرگومبەت 1988 بەعس - شۆرشی نوێ
-16ئازاد عومەر قادرهوری-ئەنفالکراو هاولاتی هەولێر 1988 بەعس - شۆرشی نوێ
-17عەبدولرەزاق ئەحمەد ئۆمەر مامیل سەرکردە کەرکوک 1991 بەعس ی.ن.ک ڕاپەرینی 1991
-18رەمەزان عەلی حەمەدەمین هاولاتی کەرکوک 1991 بەعس - ڕاپەرینی 1991
-19محەمەد عومەر حەمە مستەفا کاکی پێشمەرگە بنەباوێ 1997 براکوژی ی.ن.ک شەڕی ناوەخۆ

کەسایەتیەکانی مێژووی گوندی ئۆمەرگومبەت
-1شێخ مەلا ئەحمەدی کۆر ئۆمەرگومبەتی و نەوەکانی
شێخ مەلا ئەحمەدی کۆر ئۆمەرگومبەتی، شێخ و وەلی وپیاوچاک بووە، لەسەردەمی خۆیدا لەسنوری(تەقتەق وکۆیەوبەستی شەرغە) زۆر لەکەڕامەتەکانی ئەگێرنەوە، ئەم زاتە مەزنەی ئۆمەرگومبەت لەسەر دەستی(شێخ نورەدینی بریفکانی) پێگەیشتووە، دوای ئەوەی تەریقەتی سۆفی گەری لەشێخ نورەدینی بریفکانی وەرگرتووە، ئەوەندە خواناس بووە و فەنابووە، ئەگێرنەوە جارێکیان لەناوشاری کۆیە سواری قەمیشێک بووە لەناو بازاڕدا ڕایکردووە و ئەمەی ووتووە:
حەیران وەرە لەباینی
چاوەکی کۆرە، یەکی نادینی
دەست لۆ هەناران دەبا
هەنجیران دەپیسێنی

لەدایکبوونی نەزانراوە بەڵام لەساڵی(1331)کۆچی کۆچی دواییکردووە، لەگۆرستانێک نێژراوە کە دواتر گۆرستانەکە بەناوی ئەوەوە ناونراوە بەگۆرستانی(شێخ مەلا ئەحمەد)، لەدوای خۆی چوار کوری بەناوەکانی:
-1نور محەمەد، مەلا و کێخوای سێگردکان بووە، زۆر بلیمەت و ئازابووە.
-2موحەمەد نور، پێش نوێژو مودەریس و ووتارخوێنی مزگەوتی ئۆمەرگومبەت بووە.
-3خەلیفە عەبدوڵلا، لەگوندەکانی(تاڵەبانی گچکە و تەکەڵتو وسماقەی شێخ بزێنی) مەلایەتیکردووە.
-4موحەمەد غەریب، بەرەبەنی ژیاوەو لەبەغداد کۆچی دواییکردووە.
دایکی هەرسێ مەلای ناوداری سنوری قەزای کۆیە(مەلا مەعسوم هەورامی ومەلا نورمحەمەدی ئۆمەرگومبەتی و مەلا سدیق ساڵحی گەرمکی) خوشک بوون، وە هەریەک لەمامۆستا(نورمحەمەد ومحەمەدنوری شێخ مەلا ئەحمەدی کۆر ئۆمەرگومبەتی) لەسەر دەستی (مەلا ئەحمەدی فەرقانی ڕۆژبەیانی) مۆلەتی مەلایەتیان پێدراوە لەناحیەی(لەیلان)ی کەرکوک.
)موحەمەد نورئۆمەرگومبەتی) : لەساڵی(1350ی کۆچی) پیاهەڵدانێکی بۆ پێشەکی تەفسیری قورئانی پیرۆزی مامۆستای بەناوبانگی شاری هەولێر(حوسێنی شێخ سەعدی) نوسیووە، کە ئەوکات محەمەد نور پێش نوێژو ووتارخوێنی مزگەوتی ئۆمەرگومبەت بووە، ئەمەش دەقی پیاهەڵدانەکەیەتی کە بەشیعر نوسیوویەتی:
گەلێ شوکری خودا کەن، گەلی کوردان
کە بەختی بەد بەریدان و لەخەو هەڵسان
حوسێنی شێخ سەعدی عالمی فازیڵ
بەیانی کرد بەکوردی، ئایەتی قورئان
ژیانی دا بەئینسان فکر تأسیسی
أساسی علمی دانا بۆ هەموو کوردان
نیشانی سەعدە، سەعدی زادی پڕ غیرەت
جەزای چاکە و کەرەم کەی خالقی مەننان
لەنوری گەر دەپرسی ساڵی تأریخی
بەتەفسیری حسێنی سەهل ئەبو قورئان
1350ک
ئیمام ومودەریس ئۆمەرگومبەت
محەمەد نور
نور محەمەدی ئۆمەرگومبەتی: بەداخەوە بۆمێژووی لەدایکبوون و مردنی ئەم زاتە کە چی وا لەبەر دەست نەبوو، تا خزمانی ئۆمەرگومبەتیش شارەزایی ئەو تۆیان لەسەر نەبوو، ئەگەر بابەتەکەی بەرێز(دکتۆر جەمال محەمەد باجەلان) نەبوایە کە لەڕۆژنامەی(تاک، ژمارە-18-ی ساڵی دووەم، حوزەیرانی 2006لە لاپەڕە-6-)بەناونیشانی" نورمحەمەدی مەلا ئەحمەدی کۆر ئۆمەرگومبەتی و چەند بلیمەتێک"بڵاویکردۆتەوە، وێرای ئەوپەڕی رێزم بۆ دکتۆر چەند دەقێکی ئەو بابەتەی بەئەمانەتەوە لەسەر نورمحەمەد لێرەدا بڵاو دەکەمەوە:
ئەم پیاوە مەلایەتی لە(دەشتی دزەیی، هەولێر، سێگردکان) کردووە، لەسێگردکان مەلاوکێخواش بووە، زۆر بەدەست و قامی خۆی ئازاو بەجەرگ بووە و زیرەکیەکی زۆری هەبووە، هەرچەندە خوێندنی مەلایەتی تەواو نەکردووە، تا کتابی

سیوگی(الهجه المرچیه)ی خوێندووه بەرامبەر(پۆلی پێنجەم یا شەشەمی) ئامادەیی ئەمڕۆ بووه، تاوەکو دەگێرنەوه کە مەلا محەمەدی گەورەی کۆیە پێی ووتووه" خوا ڕەحمی پێمان کرد هەر ئەوەندەت خوێندوو ئەوەندە بلیمەتی، ئەگەر خوێندنی مەلایەتیت تەواو کردبا چیمان بۆ ئەماوه؟"!

ئەم پیاوه نەک بەزمانی کوردی بەڵکو بەزمانی عەرەبی و فارسی توانای شیعرنوسینی هەبووه، هەربۆیە (تخمیس)ێکی شیعری(حافزی) فارسی بەناوبانگی کردووه بەزمانی عەرەبی ئەمەش دەقەکەیەتی:

فکل الخلق بعد النپر فی گی
ولم یبق سوی الباقی هو الحی
فقل المرء دع عنک الجهل والفی
جیهان جام وفلەک ساقی ئەجەل مەی
خلائق باد منووشی ئەز مجلس وی
فسبحان الژی بالعبد اسری
ممیت الخلق والاکوان گرا
فبا من عاش هلافا ودهرا
خلاصی ینست هیچی کرا
ازاین جام وازانی ساقی وازاین می

ئەمەش ئەگەر کەسێک تۆزێک شارەزای عەرەبی بێت ئەوه دەزانێ ئەم داڕشتنەی چ توانایەکی تێدابووه، هەروەها یەکێک لە ئەدگارە جوانەکانی تری (نورمحەمەد) سەخاوەتی و دەست کراوەیی بووه بۆ میوانان، تا دکتۆر جەمال محەمەد باجەلان لە زاری دکتۆر فوئاد مەعسوم هەورامی-یەوه بەسەر هاتێکی دەگێڕێتەوه و دەلێ" جارێک خۆشناوێک(5)دیناری قەرز ئەبێ لە لای نورمحەمەد، ئەویش لەبەر خاتری ئەوەی کە بەمیوانی هاتووه، ئەچێ دابەستەیەکی قەڵەوی باشی بۆ ئەکڕێ، لەگەل برنج و پێداویستی خزمەتکردنی میوان، پاش نان خواردن، کابرای خۆشناو پێی ئەلێ مەلا نور بەخوا پارە هەرقابیلی تۆیە، گەردەنت ئازا بێت، لەکاتێکدا مەلا نور هەر ئەوەندەشی هەبوو چیترنا؟ "!

زانیاری نوێ سەبارەت بەمەلا ئەحمەدی کۆر

هەروەها چەند زانیاریەکیترم لەسەر ئەو کەسایەتیەی مێژوی گوندی ئۆمەرگومبەت وەدەست کەوت، مەلا ئەحمەدی کوێر کوری بابەڕەسولی کوری برایمە نەوەی پیرخدری شاهۆن، لەساڵی(1825) لەگوندی ئۆمەرگومبەت هاتۆتە ژیانەوه، لەگەل سەیدەکانی(جلبەسەر)ی سێگردکان و(گەورەدێ و شێخ سمایلی ئاوەڵانی)ئاغجەلەر دەبنەوه یەک پشت و یەک دەگرنەوه و خوارزای شاعیری گەورەی کورد(حاجی قادری گۆرقەرەجی)یە، دایکی ناوی(دەوڵەت خانم) بووه کچی مام ئەحمەدی مەلا ساڵحی مەلا ئەحمەدی گەورەی گۆرقەرەجی باوکی حاجی قادربووه، مەلا ئەحمەدی کوێر دوو ژنی هێناوه، ژنی یەکەمیان ناوی(خەدیجەی کچی مەلا مەحمودی بازرگان) بووه، خەڵکی شاری کۆیە بووه و(5)مناڵی لێی هەبووه(4) کور و(1) کچ بەناوەکانی(نور محەمەد لەدایکبووی 1880 و محەمەد نور لەدایکبووی 1883 وعەبدولرەحمان لەدایکبووی 1885 و عەبدوڵلا لەدایکبووی 1886 و مریەمە)ە، لە ژنی دووەمی کەناوی(خەدیجەی بەکراغای ئەمین ئاغای حەوێزی)بووه کە خزمی شێردڵ حەوێزی یە، یەک کوری لێی هەبووه بەناوی(حەمەغەریب لەدایکبووی

1910یە و لەشاری کەرکوک کۆچی دوایی کردووە.(
لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە شاعیری گەورەی کورد(حاجی) خاڵی(شێخ مەلا ئەحمەدی کوێر) بووە نەوەک خوارزای کە تا ئێستا بەهەڵە ئەوە بڵاوکراوەتەوە، ئەمە لەلایەک لەلایەکیترەوە شێخ مەلا ئەحمەدی کوێر سەیدە و دەربەندی نیە و لەنەوەی پیرخدری شاهۆیە و نابیناش نەبووە بەڵام چاوەکانی قووڵ بوون بۆیە پێی ووتراوە(کوێر)، لە دەربەندی شاهۆوە هاتونەتە گوندی ئۆمەرگومبەت دوای دەربەندییەکان و بەکاری مەلایەتی لە ئۆمەرگومبەت خەریکبووە و ئەمڕۆ نەوەکانی لەو گوندە نەماون تەنها دوو شوێنەوارییان ماوە(گۆڕەکانیان و دارخورمایەکی دەستچێنی شێخ مەلا ئەحمەدی کوێرکە لە شێروەزەن چاندویەتی) و دوو براشی هەبووە مەلا ئەحمەد بەناوەکانی(عەبدولرەحمان و وەیسی)بەڵام یەکێکیان بەمناڵی و ئەویتریان بەگەنجی کۆچی دواییان کردووە بۆیە وەچەیان لیَ نەکەوتۆتەوە، دواجار مەلا ئەحمەدی کوێر لەساڵی(1330) کۆچی کۆچی دواییکردووە کە بەرامبەر ساڵی (1912)ی زاینیە و لەگۆڕستانێک نێژراوە کە دواتر گۆڕستانەکە بەناوی ئەوەوە ناویان ناوە گۆڕستانی(مەلا ئەحمەدی کوێر یان شێخ مەلا ئەحمەد) لەگوندی ئۆمەرگومبەت.
-2مەلا عومەری مەلا ساڵحی خانەقا
ناوی تەواوی(حاجی مەلا عومەری کوڕی مەلا ساڵحی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای کوڕی حاجی مەلا ئیبراهیمی کوڕی مەلا ئەبوبەکری کوڕی مەلا نورەدین)ە، لە تیرەی(دەربەندی) بەرەبابی(شەلەوەندی) گوندی ئۆمەرگومبەتی ناحیەی سێگردکانە، نازناوی(ئۆمەرگومبەتی) بووە، لەساڵی(1882)ی زاینی لەدوای مردنی مامی(مەلا عومەری مەلا عەبدوڵلا)لەشاری کەرکوک هاتۆتە ژیانەوە، بەناوی(مام)یەوە ناونراوە بە(عومەر) وە ناوداریش کراوە بە(عومەری دووەم.(
شوێنی جوگرافی سۆران سەنتەری قەزا لە پانتایەکی رووتەختی و بانەکاندا پێهاتووە، دەکەوێتە باکوری رۆژهەلاتی هەولێری پایەخت و تەنها 120 کلیۆمەتر لە پایەختەوە دوورە، هەروەها دەکەوێتە نێوان کێوە بەرزەکانی کۆرەک لەرۆژهەڵات و گۆرەزو حەسەن بەگ لە باکورو برادۆست لە رۆژئاواو لە باشوریش کێوی هەندرێنە، رێگای گشتی هاملتۆن لە هەولێرەوە بۆ حاجی ئۆمەران کە لە سالانی 1928تا 1930 لەلایەن ئەندازیار هاملتۆن درێژکرایەوەو قەزای سۆران لەت دەکات، قەزای سۆران ئاووهەوایەکی شێدارو زستانان دابارانی باران و هاوینان گەرمی شێداری هەیە، واتە هەرچوار وەرزی ساڵ دەبینێت، ئاستی بارینی بەفر لەو ناوچەیە لە زستانان مام ناوەندیەو وەرزی بەهاریش باراناویەو سروشتیش سەوزە. رووبەری قەزای سۆران دوو روباری گەورەی پێدا رەت دەبێ و دەڕژێنە زێی بچوک، رووباری شێخی کەلە ولاتی ئێران و کوێستانەکانی بالەکایەتی لە قەزای چۆمان هەڵدەقولێن و بە سنوری قەزای سۆراندا تێدەپەرێ و دەرژێتە زێی بچوک، هەروەها رووباری برادۆست کەلە کوێستانەکانی برادۆست و خاکی تورکیا هەڵدەقولێ، ئەویش بەهەمان شێوە لە سنوری شارەدێی سیدەکان و دیانان دەچێتەوە زێی بچوک، هەردوو رووبار لە دوا رۆژ سود بەخش دەبن بۆ بەنداوی بێخمە. رووبەری گشتی قەزای سۆران 809616 دۆنمە، کە 737544 دۆنم بە کەلکی داچاندن و کشتوکاڵی دێت، ئەوەی تریش نیشتەجێی و شاخاویە. ئەو بەروبومە خۆرسکیانەی لەناوچەکە دەروێن و سودبەخشن (قەزوان، بەڕو، بڵالوک، کرۆسک، گێوژ، رێواس، کوارگ) هەروەها دار مازی بەرەکەی وەک بەروبوومەو چڵوەکەشی کەبە گەلایەکی دەگوترێ بۆ ئاژەڵ سودی لێ دەبینن، بەڵام ئەو رووەکەی کە زۆر بە شێوەی کشتوکالی بەرهەم دێت، بریتیە لە (دانەوێڵە بەتێکڕایی و دارگوێزو سپیندارو سێو هەرمێ و هەلوچەو هەنارو هەنجیرو ترێ و چەندین سەوزەی تریش). ئەو ئاژەڵانەی کە کێوین و لە ناوچە

شاخاویەکاندا هەن (گورگ و ورچ و کەمتیارو کورەبەشەو سیخورو سمۆرەو مارو پشیلەی کێوی و سەگاوی ئاوی و ماسی و بزنی کێوی و بەراز)ی لێیە، بەڵام ئەو ئاژەلانەی بەخێو دەکرێن بریتین لە (مانگاو بزن و مەڕو سەگ و کەرو ئەسپ و ئێسترو پەلەور) بەگشتی لێیە .
گەشت گوزاری قەزای سۆران بەناوبانگە بە هەوارگەکانی (جوندیان و بێخاڵ) و تاڤگەی گەلی عەلی بەگ کەلەسەر دراوی عێراقی فیدرالیشدا کێشراوە بەناوبانگن، هەروەها هەوارگەکانی بناری (حەسەن بەگ و بێرمە ساردو بێرۆیان) و چەندین شوێنی تر ساڵانە بەهەزاران گەشتیار رووی تێ دەکات، لە ناوەڕاستی عێراق و زۆر لە ولاتانی دراوسێش، ئەمەش زیاتر بەهۆی دڵرفێنی ئەو هاوینە هەوارانە .
سنورەکانی قەزای سۆران لە باکورەوە بەندە بە وڵاتی تورکیاو قەزای مێرگەسۆر، لە رۆژهەلاتەوە هاوسنورە لەگەل قەزای چۆمان، لە باشوریشەوە لەگەل قەزای رواندز پشدەر بەندە، بەڵام لە خۆرئاواوە لەگەل قەزای شەقلاوە پێکەوە بەندن .
لە رووی کارگێریەوە قەزای سۆران هەرسێ ناحیەی سیدەکان و دیانان و خەلیفانی هەیە، تێکڕای زیاتر لە 400 گوند لە خۆدەگرێت و 175000 کەسیش دابەش بوونە بەسەر ئەو گوندانەدا، سەنتەری قەزای سۆران 36 گەرەکەو بەشێوەیەکی مۆدێرن ئاوەدانن، لە رووی پرۆژەکانی رێگاوبان و ئاوو کارەباو گەیاندن و هاتوچۆ بێ گرفتن، لە سەنتەری قەزای سۆران 65 دائیرەی حکومی هەیەو کە 45 دائیرە ئیشو کارەکانی هەرچوار قەزای (سۆران و مێرگەسۆرو چۆمان و رواندز) بەڕێ دەبەن، هەروەها 14 بارەگای حزبە سیاسیەکانی لێیەو لەگەل 10 بارەگا پێگەیاندنە کۆمەڵگە مەدەنیەکان وەک سەنتەرو فەرهەنگ خانەو بنکە چالاکیەکان و رێکخراوە ناحکومیەکان چالاکیەکانی خۆیان لێ ئەنجام دەدەن.
ئاستی رۆشنبیری لەو شارەدا بەرزەو ژمارەیەکی زۆری رۆژنامەنووس و نووسەرو هونەرمەندی لێیە، رۆژانە چالاکی هونەری و رۆشنبیری لێ ئەنجام دەدرێ. هەربەم هویەشەوە کێشە کۆمەڵایەتیەکانی کەمن و بەشێوەی رۆشنبیری و مۆدێرنانە بیر لە کێشەکان دەکرێتەوە. بەهۆی ئاستی رۆشنبیری ناوچەکەو جێ بەجێ بوونی ریزبەندی ئەرکەکانی دەولەت سالانە بە پری زیاتر لە 100ملیۆن دۆلار پرۆژەی خزمەتگوزاری لێ ئەنجام دەدرێ، ئەمەش کاریگەریەکی زۆری کردۆتە سەر ئاوەدانی بەردەوام لەو قەزایەدا .
لەسەنتەری قەزا قۆتابخانەی مۆدیرن و گەورە هەن کە نزیکەی (50000) قوتابی لە پۆلی 1ی سەرەتایی 12 بنەڕەتی لە خۆدەگرێت، باخچەی ساوایانیش هەیەو منداڵە چاو گەشەکانی لێ پەروەردە دەکرێت، هەروەها نەخۆشخانەیەکی گەورەی لێیەو بۆ ئەمساڵ و ساڵی داهاتوو دوو نەخۆشانەی تریش بەکۆتا دێن، بە رادەیەکی زۆر چاودێری تەندروستی لە ئارادایەو تاکو ئێستا هیچ لەو نەخۆشیە کوشندانەی لێ بەدی نەکراوە، بەکارهێنانی ئاوی خواردنەوەی سروشتی و زۆر پاکە، هەروەها زیاتر لە 5 بنکەی تەندروستیش لەگەرەکەکاندا هەیە. هەر لە سنتەری قەزا دوو پەیمانگای لێیەو لەگەل چوار کۆلیژو سەرۆکایەتی زانکۆ .
قەزای سۆران ناوچەیەکی دڵرفێن و دڵگرە لە هەموو روێکەوە، بازارو کوچەو کۆلانەکانیش پاکن و هاولاتیان هەماهەنگن، واتە هاولاتیان بەشێکی گرنگن لە بەرەوپێش چوونی ولات و ئاستی زانستی و رۆشنبیری ئاوەدانی و چارەسەری کێشەو گرفتەکان، بۆ کات بەسەر بردن چەندین پارکی بچوک هەن لە گەرەکەکاندا،

هەروەها لە بەشی رۆژهەڵاتی ئەو قەزایەشدا پارکێکی گەورەی لێیەو شەو رۆژ هاولاتی کاتی خۆشی لێ بەسەر دەبات .
لەرووی بژێویەوە وێرای ژمارەیەکی زۆری ناوچەکە فەرمانبەری حکومەتن، بەشێکی زۆریش بە بازرگانی سەرقاڵن، چونکە ناوچەکە دەکەوێتە سێگۆشەیەکی گرنگی هەرسێ ولاتی تورکیاو ئێران و کوردستان و عێراقی فیداڵ، لەو ناوچەیەدا بازاری گشتی لێیەو رۆژانە ئاڵوگۆری بازرگانی زۆری لێ روودەدات و بەهۆی جەنجالی و سەردانی خەڵکێکی زۆر بۆ بازارەکانی سەنتەری قەزای سۆران کڕین و فرۆشتن زۆر لێی بەدی دەکرێت. ئەو کەلوپەلانەی لەوبازارەدا مامەلەی پێدەکرێت بریتین لە جل و بەرگ و پێداویستی ماڵ و کەلوپەلی رۆژانەو خواردن و ئۆتۆمبیل و زۆر شتی تر.
بەهۆی بچوکی ناوچەکەو کەمی مێژووی ئاوەدانی ئەو ناوچەیە کارگەی گەورەی نیەو ئەو کارگانەی لەناوچەکەدا هەن بچوکن و بەرهەمی کەمن.
سەرچاوە: ئیسماعیل گوندەژۆری - ماڵپەری قەزای سۆران

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: شارۆچکە

---

ژمارە: 1362

## سۆرەبان

http://www.kurdipedia.org/?q=2013102420164392433



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: چۆمان

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 1363

## سۆغانلوو

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120669

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1364

## سۆفی سمایل

http://www.kurdipedia.org/?q=2012112916522574026

گوند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: مەخموور

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 1365

## سۆفیان

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120670

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1366

## سۆفیبلە

http://www.kurdipedia.org/?q=2011050915465757657

گوند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولّات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: مەریوان

---

ژمارە: 1367

## سۆلاف

http://www.kurdipedia.org/?q=2014031815034754094



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولّات: باشووری کوردستان

شارەکان: دهۆک

شوێن: سەیرانگا

---

ژمارە: 1368

## سۆیناس

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120671

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1369

## سیادەر

http://www.kurdipedia.org/?q=2012052213254164829

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: سەقز

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 1370

## سیاری

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621702

گوندێکە سەربە شارەدێی (چەمانکێ)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1371

## سیارێ

http://www.kurdipedia.org/?q=2010120613191310947

چەمانکێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:  باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1372

## سیارە

http://www.kurdipedia.org/?q=2011040720463914055

گوند - دەربەندیخان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: سلێمانی

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 1373

## سیاساران

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120672

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1374

**سیاقۆڵ**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120673

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1375

**سیاگزار**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120674

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1376

**سیامێوە**
http://www.kurdipedia.org/?q=2012012814255564082



سەر شارەدێی ناڵپارێزی شارۆچکەی پێنجوێنە، ئەم گوندە دەکەوێتە بناری چیای سورێنو نێوان بەرزاییەکانی قەڵای سورخابو قوچی بەردەبەلو سەراش-وە، سەراش گردێکی گەورەیە کە پێدەچێت دەستکرد بوویێت وەک خەڵکی گوند ئاماژەیان پێکرد. هاوکات بەرزایی عەرەب سوار لەلایەکی ترەوە ئەم شاخە بەناوی سوارێکی عەرەبەوە کە ناوەکەی نەزانراوە ناونراوە ئەو شاخە چەمی کونێ-ی پێدا تێپەڕ دەبێت کە بەنێو شاخەکەدا گوزەر دەکات، لەکۆندا ئەو شاخەی بۆ کون کراوەو ئاوەکەی دەچێت بۆ گوندی وەڵە سمت. چەمی کونێ جۆگەیەکە کە لەچەمی چەقانەوە وەرگیراوە.

پێگەو سروشتی گوندەکە

سیامێوە دەکەوێتە نێوان گوندەکانی خڕنوکو بۆریدەرو وشقوبەو کانی سێفەوە، ناوی ئەم گوندە سیامێوە لەمێوە رەشەوە سەرچاوەی گرتووە، سیا لەزمانی فارسیدا بەمانای رەش دێتو مێو هەر مێوە کە هەمووومان دەیزانین ئەم ناوچەیە بەوە ناسراوە کە رەشە بۆ داری مێو بەو مانایەی تێدا مێوی رەزو مێوی تێدا بەرهەم نایەتو گەر بروێت تێیدا، ئەوا دوای یەک دوو ساڵ وشک دەکات.

دانیشتووانی سیامێوە لەهەردوو تیرەی رووخزاییو مام وەیی پێکهاتوون کە هەردووکیان سەر بەهۆزی جافن. ژنو ژنخواز لەنێو هەردوو تیرەدا هەیەو هیچ کێشەو گرفتێکیان نییە، بەجۆرێک ئەم دوو هۆزە لەناو یەکدا قاڵبوونەتەوە کە رەنگە ئەستەم بێت جیاکردنەوەیان. خەڵکی گوند بەخۆشیو کامەرانی لەباوەشی زێدی بابو باپیرانی خۆیان دەژیان، ژمارەی خێزانەکانی دانیشتووی ئەم گوندە پێش راگواستن دەگەیشتە زیاتر لە50 خێزان. هەرچەندە رژێمی بەعس لێیان نەگەڕا ئەو ئارامییە بەردەوام بێت، لەدوای ئەو هەموو نەهامەتی تۆپبارانو هەڕەشەو توندوتیژیەی لەلایەن رژێمی بەعسەوە بەرامبەر بەدانیشتووانی سیامێوەو دەوروبەری کرا، دوای ئەوەی بۆ چەند جارێک سەربازانی بەعس دادەبەزینە ناو گوندو هەڕەشەیان لێئەکردن کە ئەگەر پێشمەرگە یەک فیشەک بتەقێنێ، ئەوا هەموویان رەمی دەکرێن.

ئەم گوندە لەساڵی 1980دا دواهەمین گوندی ئەم ناوچەیە بوو کە داگیرکراو بەرەو ئۆردوگا زۆرەملیەکان بەڕێ کرانو گوندەکە روخێنراو پاشانیش سوتێنرا. خێزانەکانی ئەم گوندە بەزەحمەت توانیان کە هەر خێزانەو ئەوەندەی بارێکی هێستر، شتومەکو کەلوپەلی پێویستی خۆیان دەربکەن، وەک خۆیان ئاماژەیان پێکرد زەویو زارو بەرەکەتی ئەم گوندە بەقەد کۆرپەیەکیان شیرین بووە لایان کە وەک ئەوە وابوو کۆرپەکانیان لەوێ جێهێشتبێ. پاش ئەوەی برانە کۆمەڵگای شانەدەریی لەبەر تۆپبارانی شەڕی عیراق - ئێران هەر رۆژەی لەشوێنێک بوون، لەترسی تۆپبارانو پاشان خەڵکەکە جارێکی تر بەناچاری چوونە ئۆردوگا زۆرەملیەکانی نەسر و باریکە، تا راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری 1991و پاش کۆڕەوە مەزنەکە، خەڵکی ئەم گوندە بڕیاری گەڕانەوەیاندا بۆ سەر زێدی باو باپیرانیانو جارێکی تر بەگوندەکەیان شاد بوونەوە. هەوڵیانداوە بۆ جارێکی دی دروستی بکەنەوەو باخو رەزەکانیان بژێننەوە، ئێستا دانیشتووانی ئەم گوندە دەگاتە 67 خێزانو ئەم ژمارەیەش پێدەچت لەزیادبووندا بێت، ئەگەر خزمەتگوزاری پێویستیان بۆ بچێت.

دانیشتووانی سیامێوە بەبەخێوکردنی باخە هەنارو چنارەوە خەریکنو بەکەمیی تەماتەو بامێو سەوزەواتی تێدا دەکرێ، لەبەر ئەوەی زەوی بەراویان کەمە، بەڵام لەکاتی گرانییەکە کە ئابڵوقەی ئابووری لەسەر عیراق بوو، خەڵکی گوند مەرەزەو

گەنمیان دەکرد، بەڵام ئێستا ناکرێتو لەپێش راگواستنیشدا هەر کراوە، بەڵام ئەوکات زەوی بەگا کێڵدراوە، چونکە ناوچەکە شاخاویە، بەڵام ئێستا کێڵانی زەوی بەگا کەمبۆتەوەو خەڵکەکەش ئەو توانایەی جارانی نەماوە کە دانەوێڵە بکات. هەندێکی دیکەش لەو خێزانانە بەئاژەڵداریەوە خەریکن، ژمارەی رەشە وڵاخ لەگوندەدا دەگاتە 60-70 سەرو ژمارەی مەڕو و بزنیش دەگاتە نزیکەی 2400 سەر .
ئەنجومەنی گوند دەڵێ:(بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵەکانمان، کێشەی زۆرمان بەرەو روو دەبێتەوە، لەبەر نەبوونی زەوی پێویست لەم ناوچەیە بۆ کردنی کاو چاندنی جۆی پێویست بۆ ئالیک، بۆیە دەبێت بچینە سەید سادق بۆ کڕینی ئالیک بۆ ئاژەڵەکانمان، هەروەها کەمی باران لەم ساڵانەی دواییدا وایکردووە کە لەوەڕگاکانی ئەم ناوچەیە زۆر زوو کۆتاییان پێ بێتو تەواو بێت کە ئەمەش بۆ ئاژەڵدار زۆر زەحمەتە، مەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێ هاریکاریمان بکات بەپێدانی ئالیک بۆ ئاژەڵەکانمان.(
لەچەند ساڵی رابردوودا زۆرینەی پیاوانی ئەم گوندەو گوندەکانی دەوروبەری، بەکۆڵبەریەوە خەریک بوون، بەو پێیەی ئەم گوندانە دەکەونە سەر سنورەوە.
ئێرانیەکان بەتانیو فەرشو کراسو کەلوپەلی تریان دەهێنایە ئەم دیوو و ئەمانیش برنجو شەکرو چاو و تایدو سابونو جگەرەیان دەنارده ئەو دیوو. ئەم مامەڵەیەش لەشاخی بنی بەردی گوملێو لەگوندی کانی سێفەوە دەکراو کۆڵبەرەکان دەهاتنە ناو خاکی عیراق بەهێستر. ئەم جۆرە مامەڵەکردنە زیاتر لەساڵەکانی 1977-1980 بوو، پاشانیش لەساڵی 1993 دەستی پێکردەوە تا سەرەتای ساڵەکانی 2000، پاشان ئێران سنووری داخستو رێگەی نەدا ئەم مامەڵەیە بەردەوام بێت کە ئەمەش زیانێکی گەورە بوو بۆ کاسبکارانی ئەم گوندەو گوندەکانی دەوروبەری کە بژێوی ژیانیان لەسەر ئەم مامەڵەکردنە بوو. ئەمە جگە لەوەی مامەڵەی کڕینو فرۆشتنی ئاژەڵیش هەبوو لەنێوانیادا، ئەگەر دینار بەرز بوایە لێرە، ئەوا ئەوان دەهاتن کەلو پەلێکی زۆریان دەکڕی، ئەگەر نزمیش بوایە، ئەوا ئەمان دەچوون کەلوپەلی پێویستیان دەکڕی، بۆیە زۆربەی بژێوی گوندەکانی ئەم ناوچەیە، لەسەر ئەم جۆرە مامەڵانە بوو.
ناسراوەکانی گوند
لەکەسە ناسراوەکانی ئەم گوندەو دەوروبەری، حاجی مەحمود شەریف بوو کە بنەماڵەیەکی گەورە بوونو شەش کوری هەبوو، خێزانێکی ئاژەڵداری دەست رۆیشتوو بوونو هەمیشەماڵیان کراوە بوو بۆ پێشمەرگەو ئەوانەی لەئێرانەوە بۆ کاسبی هاتوونو هەر رێبوارێک کە پێویستبایە لەو ناوچەیە بحەوێتەوەو پشوویەک بدات، ئەم خانەوادەیە هەمیشە سفرەو خوانیان ئامادەبوو. هەروەها حاجی توفیق شەریف، ریش سپیو موختارو خەمخۆری گوند بووەو هەمیشە هەوڵی داوە بەهاوکاری خەڵکەکە کێشەو گرفتەکانی سیامێوەو گوندەکانی دەوروبەری بۆ چارەسەر بکاتو داواکاریو خواستەکانی ناو گوند بگەیەنێتە جێگەی خۆی. هەروەها ژنێکی کارامەو لێهاتوو بەناوی دادە لەیلێ کە مامانی گوندو حەکیمی منالآن بووە، زۆرینەی منالآنی گوند لەسەر دەستی ئەودا چاویان بەسروشتی جوانی سیامێوە هەڵهێناوە،ئێستاش لەژیاندا ماوە، بۆیە زۆربەی ژنانی گوند خۆیان بەقەرزاری ئەم خاتوونە لێهاتووە دەزانن.
کارەباو ئاو
سیامێوە دوو کانی تێدا هەڵدەقوڵێ، یەکێکیان پێی دەوترێت کانی گڵەکەوە کە پرۆژەی ئاوی گوندی لەسەر دروستکراوە، ئەم کانیە ئاوێکی سازگاری هەیە، بەڵام

بەداخەوە ئەم پرۆژەیە لەکار کەوتووەو هەر ماڵێک بۆ خۆی بەسۆندە لەحەوزی پرۆژەکەوە ئاوی راکێشاوە کە ئەمەش گرفتی بۆ دروست کردوون، بەتایبەتی لەوەرزی زستاندا، چونکە ناوچەکەیان ساردەو ئاوەکەیان ئەیبەستێو سۆندەکان بەرگە ناگرن، کانیەکەی تریشیان پێی دەوترێ (کانی سەرسیامێوە) کە لەسەروو ئاوایی هەڵدەقوڵێو بەناو گونددا گوزەر دەکات کە خەڵک بەچەمی سیامێوە ناوی دەبات، خەڵکەکە سوود لەم ئاوە وەردەگرن بۆ کاروباری رۆژانەیانو بەتایبەت لەزستاندا کاتێ کە ئاوی پرۆژەکەیان دەیبەستی ئەو ئاوەی بەسۆندە دەیهێنن، ئەوا ژنان لەم چەمەو هەندێ جاریش لەچەمی چەقان بەسەتڵ ئاو دەهێنن. بۆ کشتوکاڵ کردنیش سوود لەو جۆگانە وەردەگرن کە لەسەر چەمی چەقانو چەمی سیامێوە لێدراون بەتایبەت 8 جۆگەکەی سەر چەمی چەقان، چونکە ئەو 7 جۆگەیەی تری سەر چەمی سیامێوە ئاوەکەی لەهاویندا زۆر کەم دەکات بەتایبەت لەم ساڵانەی دوایی کە وشکە ساڵی بوو. خەڵکی ئەم گوندە زۆر ماندوون بەدەست جۆگە ماڵینەوە، چونکە جۆگەکانیان تا ئێستا بۆ کۆنکریت نەکراوە، بۆیە داواکارن لەلایەنی پەیوەندیدار کە ئاورێک لەم گوندە بداتەوە جۆگەکانیان بۆ کۆنکریت بکەن.

سەبارەت بەکارەبا، سیامێوە خزمەتگوزاری کارەبای نیشتمانیی پێگەیشتووەو خەڵکەکە خۆشحاڵن بەدابین کردنی کارەبا بۆ ناو گوندو دەڵێن:(کارەباکەمان لەگەڵ کارەبای شارەکان، هیچ جیاوازییەکی نییە وەک یەک کارەبامان هەیە .(

ئاستی خزمەتگوزاریەکان

ئەم گوندە بینای بنکەیەکی تەندروستی گونجاوی بۆ دروستکراوەو لەساڵی 2005وە تا ئێستا نەخراوەتە کار لەبەر نەبوونی ستاف کە چەند جارێک خەڵکی سیامێوەو گوندەکانی دەوروبەری داوایانکردووە، بەڵام وەزارەتی تەندروستی وەڵامی داونەتەوە کە ستافیان نییە، بەڵام وەک دەڵێن:(بەم دواییانە کەسێکی بۆ دامەزراوە کە ئێستا بەشداری خولێک دەکاتو بڕیارە دوای تەواوبوونی لەو خولە، دەستبەکاربێت). بەمەش کێشەی تەندروستی ناوچەکە تا رادەیەک چارەسەر دەبێت، گەرنا دەبێت بچن بۆ نەخۆشخانەکەی سەید سادق. وەک گوندنشینانی سیامێوە ئاماژەیان بۆ کرد، جاری واهەبووە لەشەودا کەسێک دووپشک پێوەی داوەو لەبەر ئەوەی لێرە هیچ بنکەیەکی لێ نەبووە، بەو شەوە 50 هەزار دینارمان داوە بەتەکسی تا بمانگەیەنێتە نزیکترین نەخۆشخانە، پار ساڵ ژنێک بەناوی رۆشنا عەلی دووپشک پێوەیدا، تاگەیاندیانە سەید ساق بەداخەوە گیانی لەدەستدا، هاوکات ژنێکی تر کە دووگیان بوو بەناوی عائیشە سابیر لەبەر نەبوونی پزیشک، گیانی لەدەستدا.

رێگەی ئەم گوندە تائێستا خۆڵە و کە گرفتی بۆ خەڵکەکە دروستکردووە، بەتایبەتی لەوەرزی زستاندا، هەروەها بۆ منداڵانی گوندو دەوروبەری کە دێنە گوندی سیامێوە بۆ خوێندن. ئەم گوندە خاوەنی چەندین شەهیدە کە ژمارەیان دەگاتە 20 کەس، هەر لەشەهیدی پێشمەرگەو قوربانیەکانی دەستی رژێمی بەعسو تۆپباران، دەوروبەری ئەم گوندە مینو تەقەمەنی زۆری تێدایە کە تا ئێستا چەندین کەس بونەتە قوربانی، لەوانە 3 کەسیان شەهید بووەو 6 کەسی تریشیان کەمئەندام بوون .

شایانی باسە سیامێوە، خوێندنگایەکی شەش پۆلی تێدایە، بەڵام ئێستا کراوەتە 9 پۆلی بەبێ ئەوەی هیچ زیادکردنێکی ژووری بۆ بکرێت، بەمەش باری خوێندنی قورستر کردووە لەسەر شانی مامۆستاو قوتابی. منداڵانی گوندەکانی خڕنوکو بۆریدەری سەرو خواروو هەروەها جۆمەرەسی، بەزستانی سەخت بەپێ دێن بۆ

سیامێوە تا درێژە بەخوێندن بدەن، ئەمە جگە لەوەی کە منداڵەکانیان قۆناغی بنەڕەتیان تەواو کردووەو بۆ دواناوەندی دەبێ روو بکەنە سەید سادق، بۆیە زۆربەی منالانی گوند واز لەخوێند دەهێنن لەبەر نەبوونی خوێندنگەو هەروەها گرانی کرێی هاتوچۆ بۆ سەید سادق. دانیشتووانی ئەم گوندەش تا رادەیەک توانیویانە سوود لەپێشینەی خانووبەرە وەربگرن، 8 خێزان ئێستا خەریکی ئەوەن خانووەکانیان بەشێوەیەکی مۆدێرن دروست بکەنەوە کە لەگەڵ ژیانی ئەمڕۆدا بگونجێت.
سەرچاوە: سۆران کەریم - ماڵپەڕی کوردستانی نوێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: پێنجوێن

---

ژمارە: 1377

## سیاناو

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120675

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1378

## سیاوان

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120676

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1379

## سیتکێ

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621703

گوندێکە سەربە شارەدێی (ئەتروشێ)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1380

## سیتەک

http://www.kurdipedia.org/?q=2010112820252210929



شارەدێیەکی ناوچەی شارباژێرە لە شاری سلێمانی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: شارەدێ

---

ژمارە: 1381

## سیدانێ

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621704

گوندێکە سەربە شارەدێی (ڕێبو(

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1382

## سیداوە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013102420400592514

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن:   گوند

شارەکان:   مەخموور

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 1383

## سیدزاری

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621705

گوندێکە سەربە شارەدێی (سێمێلی(

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1384

## سیدەکان

http://www.kurdipedia.org/?q=20100225171551372



شارۆچکەیەکی خنجیلانەی سەر بە قەزای سۆرانە لە ئەوپەڕی باکووری پارێزگای هەولێر و کەوتۆتە رۆژئاوای شاری شنۆ وە. سیدەکان کە بە ناحیەی برادۆست دەناسرێت لە رووی رووبەرەوە گەورەترین ناحیەکانی هەولێرەو زۆربەی دەڤەرەکە شاخاویەو دەشتانیی کەمە. باشترین شوێنە بۆ بەروبوومی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ هەروەها لە رۆژگاری دێریندا رێرەوێکی گرینگی بازرگانی بووە رۆژهەڵات و رۆژئاوای پێکەوە بەستۆتەوە بە رێگەی کێلە شینەوە.

مێژووی سیدەکان:

مێژووی سیدەکان زۆر کەونارایە.. بنکەی خۆرپەرستی رۆژگاری ئۆرارتۆ لە نزیک ئەم شارۆچکەیە بووە و بە مساسر یان موصاصیر دەناسرا کە ئەمڕۆ پاشماوەکانی لە گوندی مجێسەر دا ماون. شای ئاشووریەکان سەرگۆنی دووەم لە 714 پێش زایین هێرشێکی لە ناکاوی بردۆتە سەر پاشای موساسر ئورزانا و بەزاندوویەتی و پەرستگای پیرۆزی مساسری خاپوور کردووەو تالانی زێرو زیوو و سەر و ماڵاتی دەڤەرەکەی خەڵکەکەی گواستۆتەوە بو نینەوای پایتەختی ئاشووریەکان.. تۆمارەکانی خرسابادی نینەوا باس لەم هێرشەی شای ئاشوور دەکەن. نووسراوەی کێلەشین (کە ئەمڕۆ لە مۆزیمی ئورمیە پارێزراوە)و نووسراوەی سەر کێلی تۆپزاوا (کە لە مۆزیەمی هەولێرە) دوو شایەتحاڵی گرینگی مێژووی کەونارای سیدەکانن. لە رۆژگاری عەبباسیەکان سیدەکان بەشێک بووە لە ویلایەتی ئازەربێجان و مووسڵ و بۆ ماوەیەک یەحیا ی بەرمەکی کە والی مووسڵ و ئازەرێجان بوو سەرپەرشتی ئیدارەی باج و دەرامەتی رێرەوی کێلەشین و گەلیی دەکرد. رۆژگارە کوردانی زەرزا (زەرزاری) و رەوەندی هەدبانی رۆڵی گرینگیان هەبوو لەم ناوچەیەدا. لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئەییوبیەکان سیدەکان بەشێک بووە لە دەوڵتی ئەییوبی و باج ودەرامەتی کێلەشین بە هۆی میرەکانی زەرزاوە رەوانەی میسڕ دەکرا. لە کتێبی صبح الاعشی دانراوی ساڵی 812 کۆچی باس لە سیدەکان و بەرازگر و کێلەشین دەکات و دەڵێت : چیای جنجرینی هەنداو شنۆ لەلای راستەوە زیدی هۆزێکە بە ناوی زەرزا هەروەها باس لە دەڤەری مازکرد (بەرازگرد) و رستاق (رۆست) ومرت (هێرت) دەکات و ناوی میر حوسامەدینی زەرزاری دێنێت کە ئەوسا میری سیدەکان بووە و میر حنش کوری ئیسماعیلیش میری بەرازگر بووە و هاوچەرخی حوکمدارێتی هۆلاکۆ بوونە کە پاتەختەکەی لە مەراغەو تەورێز بووە. لە رۆژگاری شەڕی دمدم سیدەکان و رەواندز هەر بەدەست هۆزی زەرزاوە بوو پاشان میری سۆران داگیری کرد.. لە دوای شەڕی دمدم نەوەکانی خانی لەپزێرین میرایەتی سیدەکان و بەرازگریان پێدرا و تا لە رۆژگاری میری رەواندز (پاشای گەورە 1820) دووبارە خرایەوە ژێر کۆنترۆڵی میرنشینی سۆرانەوە. لە ساڵی 1837 کاتێک راولینسنی گەڕیدەی ئینگلیز گەیشتۆتە رەواندز ناوچەی برادۆست لە دۆخێکی نالەباردا بوو. پاش چەند ساڵێک لەشکری ئێران لە دیوی شنۆوە هێرشێکی کردە سەر قەڵای سیدەکان و بۆ ماوەیەک تۆپبارانیان کرد بەڵام دواتر کشانەوە بۆ ئەودیوی سنوور. لە سەرەتای سەدەی بیستەم پاش

هەرەسی شۆرشی شێخ عوبیدوڵای نەهری 1882 ناوچەکە شڵەقا و بووە پەناگەی چەندین خەڵکی ئورمێ و شەمدینان، لە 1917 کاتێک لەشکری رووسیا هێرشی کردە سەر رەواندز بەشێکی سوپای رووس وهاوپەیمانە ئاشوریەکان رژانە دیوی برادۆست.. هێرَشبەرانی رووس رووبەرووی بەرگری هۆزەکان بوونەوە و ئەوکاتە لەشکری برادۆست پێکهاتبوو لە مەحمود خانی بێنارو عەولابەگی بێنار لە دیوی سیدەکانیش محەمەدسلیم بوو. کاتێک سمکۆ پەنای بردە بەر سیدەکان لە گوندی ژووژیلەی بناری چیای بۆڵێ گیرسایەوەو لەشکری شکاک بە ناوچەکەدا بڵاوببوون تا ساڵی 1930 کاتێک سمکۆ گەڕایەوە ئێران ولە شنۆ شەهیدکرا. هەر لەو ساتەدا لە لۆلان خانەقای شێخ رەشید ناوبانگی دەرکرد و موریدێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردەوە. پاشان لە سیەکان لەگەڵ دراوسێکانی لە بارزان دووچاری کیشەو ناکۆکی بوون... لە سەردەمی ئینگلیزەگان لەو شوێنەی ئێستا یەکەیەکی ئیداری پێک هات و سیدەکان کرا بە ناحیە. لە سەردەمی کۆماری مەهاباد مەحمودبەگ گەورەی ناوچەکە بوو. لە پاش ساڵی 1958 شێخ رەشیدی لۆلان لە حکومەتی عەبدولکەریم قاسم هەڵگەڕایەوەو پەنای بردە بەر ئێران،، دواتر ناوچەکە لەلایەن شیوعیەکانی لایەنگری دەولەتی عیراق و بارزانیەکانەوە کۆنترۆڵکرا.. لە ساڵی 1961 تا 1975 ناوچەکە نائارامیەکی زۆری بەخوە بینی و لە ساڵی 1978 پاش پەیدابوونی مەفرەزەکانی پێشمەرگە لە هەکاری و خواکورک.. ناوچە سنووریەکانی چۆلکران و خەڵکەکەی راگوازرانەوە هەولێر و لە کۆمەڵگاکانی کەسنەزان و دیگەڵەو تۆپزاوە نیشتەجێکران. لە پاش ساڵی 1984 سیدەکان بەرەیەکی گرینگی شەڕی نێوان ئێران وعیراق بوو.

جوگرافیای سیدەکان:

ناوچەکە بە گشتی هاوینان فێنک و مەیلەو گەرمە و زستانیشی ساردو بەفراویە. رێژەی بارانبارینی لە چاو ناوچەکانی تر بەرزترەو و بەفر لە کێوە سەرکەژەکانیدا دەمێنێت..

)دەستکاری)رووبارەکان

گادەر و بۆگەن و هاجیبەگ و نزاری و زەنا هەر لە سیدەکانەوە سەرچاوە دەگرن. رێرەوی گادەر بەرەو شنۆ دەشتی سندووسە تا دەریای ورمی و هاجیبەگ دەڕژێتە زێی گەورە لە رێزان و نزارێ و زەنا تێکەڵی ئاوی رووباری قەلەندەر دەبنەوەو دەڕژێتە رووباری رەواندز و تێکەڵی ئاوی زێی گەورە دەبێتەوە

بێرم:

لە کۆپکی زۆزانەکانی برادۆست، چەند گۆمی مەزن هەن کە جێماوەی بورکانین و بە بێرم دەناسرێن. گرینگترینیان بێرمی دیندارانە. لە نێوان گوندی بیرکم و کێلەشین.

چیاکان:

بەرزترین چیای کوردستانی باشوور حەساررۆَست و کۆپکەکەی (هەڵگورد) کەوتۆتە رۆژهەلاتی سیدەکان. چیاکانی تر بریتین لە : چیای حەسەنبەگ (هەنداو دیانا) چیای رەبەنۆک و سەری بەردی گۆشینە (لە هەنداو شارۆچکەی سیدەکان) چیای بۆڵێ چیای بەربزین چیای قەلەندەر چیای شەکیو چیای ئاودەلکیو سیاکۆ شەماشە هاجەر چیاکانی خواکورک و بەرازگر

دەشتەکان:

گرینترین دەشتایی ناوچەی سیدەکانی برادۆست : بریتین لە دەشتی هێرت و

دەشتی بەرازگر.
گوندەکان:
ئارێ- ئاکوان- ئالانە- ئالموشی سەروو- ئالمووشی خواروو- ئالۆکان- ئالەدوا- ئالەکا-
ئاوبرا- ئینەمسید
باجارا- باسەکانی خواروو- باسەکانی سەروو –بالەکە- برەپیر- بزنکرە- بلەسەنان -بن
هەوراز- بناوانۆک- بناویلۆک- بنپەریزە- بندەر- بنکەور- بنی- رەشکین- بوزینە- بۆزان-
بۆلی –بیرتە- بیرکۆل –بیجوانا- بیرکمە- بیرۆشمە –بیزەفەران- بیژان- بیسۆت –
هاومار- بیسۆک -بیسیو -بیقەپوشک –بیکۆل- بیمەسوران- بیواسی خواروو -
بیواسی سەروو- بەرچیخە-بەردەسۆر- بەرگرد- بەرمیزە-بەرۆژە-بەرەبۆز-بەنان-بەنان-
بەنی
پارەو-پاشپال-پونگستا-پیرا برایم-پیربەینان-پیرکان-پیرەکە-پیخە-پەنجار-تالستا-تالین-
تالەجار-تاوکان-تاوکە-تۆبزاوە-تیروان-تەلان
جورجا-جۆخین گەلا-جۆنەرە-جەرا-چنارین-چناری-چونسە-چۆرت-چەمەلوا-خاستۆ-
خراوا-خشۆلا-خنیرە-خوماری-خوماریە-خۆراگر-خۆران-خەترە-خەروانە-خەزنە-خەلیفان
داسنی-دالە-دایلا-دوستانا-(دوستانا – دەشتی هیرت)-دوورەملک-دۆلا-دۆلهەلۆ-
دۆلەبیران-دیاناوا-دیریشکا-دیری-دیوین-دەراو-دەراوی خواروو-دەراوی سەروو-دەرهۆل-
(دەرهۆل – دەشتی هیرت)-دەریا سۆر-دەریا لۆک-دەریان-دەحلە کوش-دەلاوا-دەهۆلا-
رکاوا
رکاوە-رووسۆر-رەسول ئۆمەرا-زراوک-زیارەت-زیلۆی-زیرکان-زەروا-ژووژیلە-ژیلیا-سارداو-
سالاریا-سپیارا-سپیگا-سپینداری-سمخەیلا-سماقە-سنین-سویکینە-سۆریا-
سۆرەزەویا-سیدا-سیدەکان (شارۆچکە)-سیران-سیرۆ-سی کوچکە-سەربیش-
سەرگردسەروو
شابکی-شاناشا-شکیرا-شکەن-شناو-شۆشنەی خواروو-شۆشنەی سەروو-شیوان-
شیوەسان-شیوەسەقەر-شیوەگەرمی خواروو-شیوەگەرمی سەروو-شیوەن-شیخ
رەش-شیخان-شیلکان-شەمزینە کەلا-شەمەرما
عەرەب کۆلا-قەلیتان-کانی باز-کانی بەناو-کانی چنار-کانی شەعبان-کانی مەلا-
کانیە رەش-کاولا-کاولۆک-کاولە باس-کوژینە-کویرەکە-کویکان-کۆسپەتەنگ-کۆلیت-
کۆلیتان-کیلەگا-کەتینە-کەرزاوا-کەژەک-کەلۆیە-کەلەک-کەلەولا-کەمەک-کەندە هۆلا-
کەونە سیدەکان-کەونە گوند –کەوەرت
گردموسەک-گرکەبەن-گلە رەش-گوراکۆری-گوربەتراش-گورەشا-گولیژگە-گویزە قولی-
گۆرا-گۆرا-گۆرابیی-گۆرمەمک-گۆرەدیم-گەرەپیچ-گەلان گەردی
لۆکان-لۆلان-لیتان-لیرەبان-لیلکان-مارە مەلا-مالایەر-مالە مەلا-مالەدەر-ماونا-
ماوەتاوەی خواروو-ماوەتاوەی سەروو-ماوەرد-مجیسەر-مغار-موسلۆک-میرزیت-مینای
خواروو-مینای سەروو-میرگەرەش-مەرگەوەرۆکی خواروو-مەرگەوەرۆکی سەروو-
مەزرە-مەلا بادین-مەمدیا-مەیدان
ناودارۆک-ناورۆین-ناومیرگان-ناوەروان-نزاری-نیکەوە-نەیا-هارونە-هۆرەیس-هۆلی-
هیردەن-هیشم-هەتکای خواروو-هەتکای سەروو-هەجری-هەدنیی خواروو-هەدنیی
سەروو-هەرین-هەویلان-هەیات- وسوان.
سەرچاوە: ویکیپیدیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات:     باشووری کوردستان

شوێن:     شارەدێ

شارەکان: سۆران

---

ژمارە: 1385

## سیر خواروو

http://www.kurdipedia.org/?q=2011050915504457745

گوند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات:     رۆژهەلاتی کوردستان

شوێن:     گوند

شارەکان: دیواندەرە

---

ژمارە: 1386

## سیر سەروو

http://www.kurdipedia.org/?q=2011050915504457746

گوند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات:     رۆژهەلاتی کوردستان

شوێن:     گوند

شارەکان: دیواندەرە

---

ژمارە: 1387

## سیرمە

http://www.kurdipedia.org/?q=2013102420400292490

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: مەخموور

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 1388

## سیروان

http://www.kurdipedia.org/?q=200901261700371160

شارەدێیەکە سەربە شارۆچکەی هەڵەبجەیە و دەکەوێتە دووریی 10 کیلۆمەتری رۆژاوای هەڵەبجە و لەناوەڕاستی ژمارەیەکی زۆر گوندی دەشتی شارەزووردایە. سیروان ناوی رووباری سیروانیشە کە کەوتۆتە نێوان دەربەندیخان و مەریوانەوە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: شارەدێ

---

ژمارە: 1389

## سیری

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120677

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1390

## سیساوە

http://www.kurdipedia.org/?q=20130301134311824O5

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:            باشووری کوردستان

شوێن:            گوند

شارەکان:         هەولێر

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 1391

## سیسێر

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111931206 78

یەک لە گوندەکانی ڕۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1392

**سیقیان**
http://www.kurdipedia.org/?q=20110103121506217 06

گوندێکە سەربە شارەدێی (زمار)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1393

**سیلوان**
http://www.kurdipedia.org/?q=20120608144523650 80

شارۆچکە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باکووری کوردستان

شوێن: شارۆچکە

شارەکان: ئامەد

زمان - شێوەزار: ک. باکوور

---

ژمارە: 1394

**سینا**
http://www.kurdipedia.org/?q=20110103121506217 07

گوندێکە سەربە شارەدێی (سێمێل)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1395

## سیناوا

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120679

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1396

## سینگان

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120680

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1397

## سینیا

http://www.kurdipedia.org/?q=20110103121506217l0

گوندێکە سەربە شارەدێی (پێبو(

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:  باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1398

**سیوچ**
http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120681

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:  رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1399

**سیڤەرێک**
http://www.kurdipedia.org/?q=201009251926339627

شاۆرچکە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:  باکووری کوردستان

شوێن: شارۆچکە

---

ژمارە: 1400

**سێ ئاشان**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013010610283874714

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گەڕەک

شارەکان: مەهاباد

---

ژمارە: 1401

## سێ بیران

http://www.kurdipedia.org/?q=2012112622205073966

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: هەولێر

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 1402

## سێ تەپان

http://www.kurdipedia.org/?q=2011050915504457734

گوند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن:   گوند

شارەکان: دیواندەرە

---

ژمارە: 1403

**سێبواران**
http://www.kurdipedia.org/?q=2012112718300873977

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: رووبار

---

ژمارە: 1404

**سێپەکان**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120682

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1405

**سێتاقان**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013052720330078432

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گەڕەک

شارەکان: هەولێر

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 1406

**سێتەڵان**
http://www.kurdipedia.org/?q=2012112509341773892

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 1407

**سێرۆ**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120683

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1408

## سێف خواروو

http://www.kurdipedia.org/?q=2011050915465557593

گوند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: مەریوان

---

ژمارە1409 :

## سێف سەروو

http://www.kurdipedia.org/?q=2011050915465657594

گوند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: مەریوان

---

ژمارە: 1410

## سێگردکان

http://www.kurdipedia.org/?q=2013121920480787162



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولّات: باشووری کوردستان

شوێن: شارەدێ

شارەکان: کۆیە

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 1411

## سێگرکان

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120684

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولّات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1412

## سێلەکە

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120685

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولّات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1413

**سێمێل**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621711

گوندێکە سەربە شارەدێی (سێمێل(

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1414

**سێمێلێ**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621713

گوندێکە سەربە شارەدێی (سێمێل(

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1415

**سێناوە**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011082809595960785

سەربە شارەدێی خەلیفانە

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: گوند

ژمارە: 1416

## سێوسێنان

http://www.kurdipedia.org/?q=20100926231339670



گوند - سلێمانی
سەرچاوەی وێنە: فەیسبووکی قەیس قەرەداخی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1417

## سێونی

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120686

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1418

## سێور

http://www.kurdipedia.org/?q=20110509154657577642

گوند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: مەریوان

---

ژمارە: 1419

**سێوەدین**

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120687

یەک لە گوندەکانی ڕۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1420

**سێوەک**

http://www.kurdipedia.org/?q=2013102420332992460

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: ڕواندز

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 1421

## سێلۆێ

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120688

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1422

## سەباتلو

http://www.kurdipedia.org/?q=2010101615500910113



دەکەوێتە باشوری رۆژهەڵاتی شاری مەریوان
سەرچاوەی وێنە: فەیسبووکی قەیس قەرەداخی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1423

## سەدبار

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120627

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1424

## سەر گەلێ

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621678

گوندێکە سەربە شارەدێی (ئامێدیێ)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1425

## سەرئافکێ

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621680

گوندێکە سەربە شارەدێی (مانگێشکێ)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

زمان - شێوەزار: ک. باکوور

---

ژمارە: 1426

## سەرئەشکەوتان

http://www.kurdipedia.org/?q=2012091611041973125



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: سەیرانگا

---

ژمارە: 1427

## سەرا

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120628

یەک لە گوندەکانی ڕۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1428

## سەران

http://www.kurdipedia.org/?q=2013102420332992459

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: ڕواندز

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 1429

## سەراو
http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120629

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1430

## سەراو قەرەخان
http://www.kurdipedia.org/?q=20101013110224100054

یەکێک لە دێکانی دەوروبەری شاری دیواندەرەیە لە رۆژهەڵاتی کوردستان. بە پێی ئاماری سەرژمێری ساڵی 2006، ئەم دێیە پێک هاتووە لە 38 بنەماڵە و ژمارەی دانیشتوانی 224 کەسە.
سەرچاوە: ویکیپێدیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1431

## سەرباخچە
http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120630

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1432

## سەربەشاخ

http://www.kurdipedia.org/?q=20121129165225740 29

گوند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: مەخموور

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 1433

## سەرپێڵ - سەرپێڵ زەهاو

http://www.kurdipedia.org/?q=20100915231227951 2



یەک لە شارەکانی پارێزگای کرماشانی ئێرانە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: رۆژهەلاتی کوردستان

شوێن: شارۆچکە

---

ژمارە: 1434

## سەرتەنگ

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111931206 31

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1435

## سەرتەنگێ

http://www.kurdipedia.org/?q=20110103121506216682

گوندێکە سەربە شارەدێی (سێمێل(

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1436

## سەرتەکی بەمۆ

http://www.kurdipedia.org/?q=20110619114713583669



شارەدێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: شارەدێ

شارەکان: سلێمانی

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 1437

## سەرچاوە - بانی میرانی سەروو

http://www.kurdipedia.org/?q=20120624204600711179



گوندێکی دوورە دەستی سەر بەقەزای قەرەداغی ناحیەی سێوسێنانە، ئەم گوندە ناوی بانی میرانی سەروو بوو، چونکە وەک دەگێرنەوە ئەم گوندە تەختاییەکی فراوان بووە، خۆی بۆ خۆی میرنشینێک بووەو شوێنی میران بووە واتا میرەکانی تێدا نیشتەجێ بوون.
هاوکات بەگوندی سەرچاوە ناودەبرێ، چونکە سەرچاوەیەکی ئاوی تێدایە کە ماڵەکان لەبەردەمیدا دروستکراوەو ئەو ئاوەش هەر بەئاوی سەرچاوە ناسراوە. ئەم گوندە لەپێش ڕاگواستندا زیاتر لەبیست ماڵ بووە کە گوزەرانیان لەسەر کشتوکاڵ کردنو ئاژەڵداری بووە.
بارودۆخی سەرچاوە
کەلی پەیکوڵی کە پاسگەیەکی کۆنە، دەکەوێتە سنووری سەرچاوە یاخود تەنیشت ڕێگای پەیکوڵی کە وەکو گوندنشینان ئاماژەیان پێکرد کە کاتی خۆی خێڵەکانی جاف کە مەڕو ماڵاتیان بەڕێگای پەیکوڵیدا بردووە، عوسمانیەکانیش وەک باجگەیەک بەکاریان هێناوە بۆ باج وەرگرتن لەو خێڵانە هەرچەندە مێژووی پەیکوڵیو کەلکی پەیکوڵی یاخود ملەی پەیکوڵی باجگەو بتخانەکەی دەکەونە سنووری سەرچاوەو بەرکەلو ئەمەش لەلایەن پسپۆڕانی بواری شوێنەوارەوە چەندین بابەتی شوێنەواری زۆر گرنگی لەسەر نووسراوە .
سەرچاوە وەک هەموو گوندەکانی تری کوردستان لەتۆپبارانو کاولکاریو گرتنو ڕاوەدوونان بێ بەش نەبووە، ئەوەتا وەک خەڵکی گوند دەیگێرنەوە هەر لەساڵی 1963وە واتە لەزەمانی زەعیم سدیقەوە، بەردەوام ئەم گوندە تۆپباران دەکرێت هەر لەشۆڕشی ئەیلولو شۆڕشی نوێی گەلەکەمان تا 1988دا جگە لەساڵی 1972-1973 لەکاتی مفاوەزاتەکەدا نەبێ کە ئەو ساڵ ژیانیان ئارام بوو. قسەیەکی باو هەبوو لەناو گونددا کە دەیان گوت هەرکاتی ئامرەکە بێ تاقەت بێ ئەوا دەڵێ تۆپبارانی سەرچاوە بکەن مانای وایە کاتو ساتی بۆ نەبووە بومبارانکردنی ئەم گوندە.
سەرچاوە لەنائارامیو ناخۆشیدا ژیاوە تا لەساڵی 1988دا بەتەواوەتی داگیراوەو سوتێنراوەو ڕووخێنراوەو هاوکات 10 کەس لەگوندنشینانی ئەم گوندە بەر شاڵاوە بەدناوەکەی ئەنفال کەوتنو خۆشبەختانە 7 کەسیان پاش بینینی نەهامەتییەکی زۆرو چەند ساڵێک مانەوەیان لەنوگرە سەلمان ئازاد کرانو گەڕانەوە ناو کەسو کاریان .
کشتوکاڵو ئاژەڵداریی
دوای گوزەر کردنی ژیانێکی سەخت لەئۆردوگا زۆرە ملێی سمود(ڕزگاری)و بەرپابوونی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری 1991و گەڕانەوەی خەڵکەکە لەئاوارەیی،دانیشتوانی ئەم گوندە بڕیاریاندا کە گوندەکەیان ئاوەدان بکەنەوەو لەسایەی حکومەتی هەرێمو خوێنی شەهیدان ژیانێکی ئارام لەم گوندەدا بگوزەرێنن دوور لەدەنگی تۆپو تەیارە. ئەم گوندە جارێکی دی وەک هەموو گوندەکانی تری کوردستان ئاوەدان کراوەتەوەو ئێستا ژمارەی دانیشتوانی ئەم گوندە دەگاتە 39 خێزانو سەرلەبەر خانووەکانیان دروست کردۆتەوەو باخەکانیان بوژاندۆتەوە. پێش ڕاگواستن ئەم گوندە ئاوی زۆر بووە توتنو

مەرەزەو بەراوی لێ کراوە، بەڵام بەداخەوە کەمی باران بارینو وشکە ساڵی ئەم ساڵانەی دوایی بووە هۆی دابەزینی ڕێژەی کشتوکاڵکردن لەم ناوچەیە هەر ساڵێک ئاوو هەبێ، ئەوا کشتوکاڵی بەراو دەکرێت بامێو تەماتەو سەوزەوات، ئەمە لەلایەکو لەلایەکی تریش کەمی داواکاری لەسەر بەربوومەکانی ئەم ناوچەیە لەدەربەندیخانو کەلار بەو پێیەی کە سەرچاوە لەکەلارو دەربەندیخانەوە نزیکە. زۆربەی ئەو بەربوومانەی ئەمان بەرهەمی دەهێنن لەدەرەوە دەهێنرێنو ئەمەش وای کردووە کە بەرهەمی ئەمان لەبازاڕدا بۆیان ساغ نەبێتەوە، بۆیە گوندنشینان داوا دەکەن هێنانی بەرووبومی کشتوکاڵی لەدەرەوەی هەرێم کەم بکرێتەوە تا ئەمە هاندەرێک بێت بۆ جوتیاران کە زیاتر پەرە بە بەربوومی کشتوکاڵی بدرێت.(

بژێوی زۆرینەی دانیشتوانی سەرچاوە لەسەر بەخێو کردنی ئاژەڵە، هەرچەندە لەوشکە ساڵیدا ئەم بەربوومەشیان دەکەوێتە بەر هەڕەشە. لەئێستادا زیاتر لە 700 سەر رەشە وڵاخو 2000 سەر مەڕی تێدایە،دانیشتوانی ئەم گوندە داوا دەکەن کە حکومەت هاوکاریان بکات بەپێدانی عەلەفو هەموو هاوکارییەکی پێویست بۆ بەرەو پێشبردنی ئەم سامانە. شایانی باسە ئەم گوندە خاوەنی ژمارەیەکی یەکجار زۆری ئاژەڵ بوون لەپێش راگواستندا کە مەزەندە دەکرێ بەسێ هێندی ژمارەی ئێستا، بەڵام بەداخەوە ئەوانیش وەک مرۆڤی کورد بەر شاڵاوی کوشتنو قڕکردن کەوتن .

پرۆژە خزمەتگوزاریەکان

سەرچاوە پرۆژە ئاوی لەلایەن رێکخراوێکی بیانی بۆ کراوەو لەسەر چەمی کانی درێژ، بەڵام ئەم پرۆژەیە کۆنەو لەگەڵ پێداویستی ئەمڕۆدا ناگونجێ، چونکە ئەو ئاوە بەشی پێداویستیەکانی گوندنشین ناکات، بۆیە وەک خۆیان دەڵێن نزیکەی نیوەی دانیشتوانی گوند بیریان لێداوە لەماڵەکانی خۆیان بۆ دابین کردنی پێداویستی رۆژانە. سەرچاوەی ئاوی سەرچاوەش بۆ مەبەستی کشتوکاڵکردن بەکاردەهێنرێت، جاران 36 دۆنم بەراوی لەبەردا دەکرا، بەڵام بەداخەوە ئێستا ئەم ژمارەیە کەمی کردووە بەهۆی نەگەڕانەوەی هەندێک لەم خاوەن زەویانەی کە بەراویان لەبەر ئەم ئاوەدا دەکردو نزم بوونەوەی رێژەی ئەم ئاوە بەراورد بەجاران. بۆ مەبەستی ئاژەڵداریش ئاژەڵدارەکان ئاوی هەرسێ چەمی بانی میرانو چەمی باجگەو چەمی دێوانە بۆ ئاو خواردنی ئاژەڵەکانیان بەکاردەهێننو سوودی لێ وەردەگرن.

خەڵکی ئەم گوندە هەر لەکۆنەوە هاوکارو هاوخەمی یەکتر بوونو هەمیشە هەوڵیانداوە ناخۆشیو نەهامەتی سەرشانی یەکتر کەم بکەنەوە بەهاریکاریکردنی یەکدی لەبوارە جیاجیاکاندا،چەندین کەسی ریش سپی هەبوون کە کێشەکانی ناو گوندیان چارەسەر کردووە لەوانە خوالێخۆشبوو حەمەرەئوف محێدین کە ریشچەرموو دێ بووە پیاوێکی داناو ژیر بووە کێشەکانی گوندەکەی چارەسەر کردووە بەهاوکاری خەڵکی خەمخۆری گوند.

حاجی مەحموود رەشید حەکیمێکی لێهاتوو دیار بووە کە شکانو لەجێچوونو کۆمەڵێ نەخۆشی تری لەم بابەتانە چارەسەر کردووە، جەڕاحێکی لێهاتوو بووە، بەڵام بەداخەوە ئێستا چۆتە ساڵەوە ئەو توانایەی جارانی نەماوە .

بنکەی تەندروستی سەرچاوە لەناو گوند خزمەتی تەندروستی بەخەڵکی ناوچەکە دەگەیەنێتو بۆ ئەو نەخۆشیانەی لەناو گوند چارەسەر ناکرێت دەچنە دەربەندیخانو ئەوەی شایانی باسە ئەم گوندە لەپۆلی یەکی سەرەتایی تاوەکو 6ی وێژەیی تێدایە، لەبەر نەبوونی بینای پێویستو نەکردنەوەی بەشی زانستی، خوێندکارانی پێنجو

شەشەمی زانستی ناچارن بچنە دەربەندیخان بۆ درێژە بەخوێندن.
سەرچاوە خۆشبەختانە خزمەتگوزاری کارەبای نیشتمانی پێگەیشتووەو خۆشبەختانە سوود لەکارەبا وەردەگرن وەک شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان. رێگای گوند خۆڵە تا ئێستا خزمەتگوزاری قیرکردنیان پێنەگەیشتووە هەرچەندە وەک خەڵکی گوند خۆشحاڵی خۆیان دەپری کە بریاری چاککردنو قیرتاو کردنی گوندەکەیان دەرچووەو خوازیار بوون کە بریارەکە جێبەجێ بکرێت.
سەرچاوە: سۆزان کەریم - ماڵپەری کوردستانی نوێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: سلێمانی

---

ژمارە: 1438

## سەرچشمە

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120632

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1439

## سەرچنار

http://www.kurdipedia.org/?q=200909101456322020



یەکێکە لە گەڕەکەکانی شاری سلێمانی، دەکەوێتە ڕۆژئاوای شار. جاران بەهۆی لاوازی کەرەسەی هاتوچۆوە و، کەمی دانیشتوانی شار، سەرچنار جیابوو لە بەشەکانی تری سلێمانی و دەزانرا لەکوێوە بۆ کوێ دەستپێک و کۆتاییەتی، ئەمڕۆکە سەرچنار تێکەڵ بووە و لەدەوریا چەندین گەڕەکی تر دروست بوون وەک: شەهیدانی سەرچنار، گردی سەرچنار،..هتد.

هاوینەهەواری سەرچنار

سەرچنار بەیەکێک لە هاوینەهەوارەکانی عێراق دەژمێردرێت بەهۆی بوونی ئاوی هەڵقوڵاوی ژێر گرد و بەرزاییەکانی. زۆر لە مێژە سەرچنار ئوتێل و شوێنی حەوانەوەی لێدروست کراوە بۆ گەشتیاران. شوێنێکی فێنک و خەم ڕەوێن بووە بۆ خەڵکی سلێمانی و دەوروبەری، کە تاکوو ئەمڕۆش کۆتایی هەفتان خەڵکانێکی زۆر ڕووی لێدەکەن بۆ سەیران. سەرچنار چەندجارێک نۆژەنکراوەتەوە و سیمای ناو سەیرانگاکانی دەستکاریی کراون و خۆشکراوە.

ئاوی سەرچنار

سەرچنار ئاوێکی سروشتی هەیە کە لەبنی بەرزاییەکانی دەروپشتییەوە هەڵدەقوڵێت، ئەم سەرچاوەیە گرنگییەکی زۆری هەبووە لە بوژاندنەوە و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکەدا، تاکوو ئەمڕۆ سەرچاوەیەکی سەرەکی ئاوی شاری سلێمانییە. لە هاویندا ئاستی ئاوەکە زۆر کەم دەبیتەوە و، لەم ساڵانەی دوایدا بەهۆی وشکەساڵییەوە لەمانگەکانی وەرزی هاویندا وشک دەکات.

کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار

لەبەر بوونی شاخی بەردین و بەردەڵان لە سەرچناردا، لە ساڵەکانی پەنجاکانی سەدەی پێشوودا رووسەکان کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار دروست دەکەن. بەهۆی ئەم کارگەیەوە، خانو و شوێنی نیشتەجیبوون دابین دەکرێت بۆ کارمەندەکانی، لەو دەمەوە سەرچنار بوژاندنەوەی بەخۆیەوە بینیوە. ئەم کارگەیە لەسەر پریاری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی 2008 دا داخرا، تاکوو ژینگەی ناوچەکە بەپاکی بمێنێتەوە و دیمەنی سەرچنار خۆشتر بێت.

گرنگی سەرچنار

جگە لەوەی کە سەرچنار سەرچاوەی ئاو بووە بۆ سلێمانی، کارگەی چیمەنتۆی تیابووە و، هاوینەهەوارێکی خۆشبووە، سەرچنار شوێنێکی هەستیاربووە بۆ داڵدەدانی پێشمەرگە و پشتیوانی لە شۆرشی گەلی کورد، چونکە هەڵکەوتی ناوچەکە و لکانی بە دۆڵ و بەرزاییەکانەوە یارمەتی پارتیزانانی داوە لە برەودان بەخەبات و تێکۆشان.

سەرچاوە: ویکیپێدیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گەڕەک

ژمارە: 1440

## سەرچنار 2

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101140740213381

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1441

## سەرچیمەن

http://www.kurdipedia.org/?q=20101126210628108955

گەڕەکی سەرچیمەن (کە قاوەخانەی سەرچیمەنیشی پێ ئەوترێت) یەکێکە لە گەڕەکە هەرە کۆنەکانی شار و کەوتۆتە نێوان دەرگەزێن و سابوونکەران و گاوران. شێوازە کەلتوورییەکەی خانووە دێرینەکانی ئەو گەڕەکە هەندێکیان هێشتا ماون کە پێویستە لایەنە بەرپرسەکان کار بۆ پاراستن و نۆژەنکردنەوەیان بکەن. ناوی سەرچیمەن لەوەوە هاتووە کە چیمەن و مێرگ و مێرگوزاری تیا بووە. ناوی قاوەخانەکەش ئاماژەیە بەو قاوەخانە کۆنە مێژووییەی کە کاتی خۆی لە گەڕەکەکەدا هەبووە.
خاوەنەکەی (حسە کەڕ)ی ناوبووە و یەکێک بووە لە کەسایەتییە کۆمەڵایەتییە ناسراوەکانی شار.
ئێواران پیاوماقوڵانی گەڕەک دەهاتنە ئەم قاوەخانەیە و لە بۆنە ئایینی و نیشتمانییەکاندا چالاکی تایبەتی تیا ئەنجام دراوە. هەرە دیارترین چالاکییەکان دیاردەی هەقایەتخوانی بووە. لە شەوانی رەمەزان دا مەلا سمایل کتێبی چیرۆکەکانی رۆستەم و مەم و زین و ئەمیر ئەرسەلانی دەخوێندەوە.
کەسایەتییە ناودارەکانی گەڕەک:
-مەلا ئەحمەدی دیلان، باوکی خوالێخۆشبوو حەمە ساڵح دیلان و قادر دیلان
-مەلا حامید حەمدوون، کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی و ئایینی بوو. لە رۆژانی جەژنی نەورۆزدا نەورۆزانەی دابەش دەکرد بەسەر ماڵانی گەڕەکدا. نەورۆزانە بریتی بوو لە ئاوێک دوعای بەسەردا خوێندرابێت.
-شێخ بابا عەلی قەرەداخی باوکی شێخ نوری و باپیری مامۆستا بەهادین نوری کەسایەتی سیاسی ناسراوی کوردستان و عێراق
-حاجی کەریمی عەنبەرخان
-حاجی مەحمودی باپیری شەهید ئەنوەری مەجید سوڵتان
-حەمە ئەمین ئاغا حاجی برایم ئاغا و حەمە سور ئاغای برای
-حاجی شێخ نوری حەڵواچی
-حاجی ئەحمەدی موتابچی

-مەحمود تۆفیق گورجی ناسراو بە مەحمود تۆفیق شلک و حاجی عەلی فەوتاوی برای کە ئەویش تێکۆشەرێکی دێرین و کەسایەتییەکی ناسراو بوو
لەو گەڕەکەدا هەندێک ماڵ و بنەماڵەی خاوەن پیشەی تایبەت هەبوون وەک موتابچێتی و دروستکردنی سابوون .
سەرچاوە: ماڵپەڕی سلێمانی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گەڕەک

---

ژمارە: 1442

## سەردوش

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120634

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1443

## سەردۆش

http://www.kurdipedia.org/?q=20110509154656576 06

گوند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: مەریوان

---

ژمارە: 1444

**سەردۆڵ**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013011714185774866

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1445

**سەردەراڤێ**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621683

گوندێکە سەربە شارەدێی (سەرسنکێ)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1446

**سەردەرێ**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120633

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1447

## سەردەشت

http://www.kurdipedia.org/?q=2008110716415595



سەردەشت شارێکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەنێوان سنووری ئێران و عێراق کەئەوتری شوێنی لەدایک بوونی زەردەشتە. لەساڵی 1987 زایینی لەلایەن حکومەتی سەدام حوسێن کیمیاباران کراوە.
بەپێی ئاماری کۆماری ئیسلامی ئێران لەساڵی 2001دا شاری سەردەشت 50،000 کەس دانیشتوی بوو بەلام بەسەرجەم شاروچکەو گوندەکانەوەدەگاتەنزیک 130،000 کەس کەهەمویان کوردن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: شارۆچکە

---

ژمارە: 1448

## سەرزێری

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621684

گوندێکە سەربە شارەدێی (کانی ماسێ)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1449

## سەرزەل
http://www.kurdipedia.org/?q=20140329084428666641



...
فۆتۆ: هاوڕێ باخەوان

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شارەکان: قەرەداغ

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1450

## سەرسیان
http://www.kurdipedia.org/?q=20131210230241873330

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: سلێمانی

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 1451

## سەرسیر
http://www.kurdipedia.org/?q=20120414174103645221

سەیرانگا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: سەیرانگا

شارەکان: سلێمانی

---

ژمارە: 1452

## سەرشو

http://www.kurdipedia.org/?q=20110103121506216 85

گوندێکە سەربە شارەدێی (سێمێل)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1453

## سەرشور

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621686

گوندێکە سەربە شارەدێی (سێمێل)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژماره: 1454

## سەرشێلانە

http://www.kurdipedia.org/?q=2011051821345758044

گوند - کامیاران

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1455

## سەرشەقام

http://www.kurdipedia.org/?q=2010111920243610792

یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکانی شاری سلێمانی.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گەڕەک

---

ژمارە: 1456

## سەرقەڵا

http://www.kurdipedia.org/?q=201008221805204835



شارەدێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: شارەدێ

شارەکان: کفری

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 1457

## سەرقەڵا 2

http://www.kurdipedia.org/?q=2010101310213110037

یەکێک لە دێکانی دەوروبەری شاری دیواندەرەیە لە رۆژهەڵاتی کوردستان. بە پێی ئاماری سەرژمێری ساڵی 2006، ئەم دێیە پێک هاتووە لە 96 بنەماڵە و ژمارەی دانیشتوانی 570 کەسە.
سەرچاوە: ویکیپێدیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1458

## سەرگیز

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120636

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1459

## سەرگەت

http://www.kurdipedia.org/?q=2012111109431873648

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: باشووری کوردستان

شارەکان: هەڵەبجە

زمان - شێوەزار: ک. هەورامی

---

ژمارە: 1460

## سەرگەران

http://www.kurdipedia.org/?q=2012042221450964600

شارەدێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: باشووری کوردستان

شوێن: شارەدێ

شارەکان: مەخموور

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 1461

## سەرگەلی

http://www.kurdipedia.org/?q=20110103121506216887

گوندێکە سەربە شارەدێی (دێرالوک)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1462

## سەرگەلێ

http://www.kurdipedia.org/?q=20110103121506216888

گوندێکە سەربە شارەدێی (دێرەلوکێ)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1463

## سەرنژمار

http://www.kurdipedia.org/?q=20110509154658576887

گوند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: مەریوان

---

ژمارە: 1464

**سەرنی**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621689

گوندێکە سەربە شارەدێی (بیبو(

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1465

**سەرنێ**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621691

گوندێکە سەربە شارەدێی (ڕێبو(

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1466

**سەرنێڵ**
http://www.kurdipedia.org/?q=2013102420182392434



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: چۆمان

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 1467

## سەرنەوس

http://www.kurdipedia.org/?q=2013102420333092476

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: رواندز

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 1468

## سەرهوویە

http://www.kurdipedia.org/?q=201009201131399558

گوندێکی ناوچەی کەڵاتەرزان، سەر بە شارستانی سنەیە. خەڵکی سەرهوویە بە شێوەزاری کوردیی ناوەندی قسە دەکەن. ژمارەی دانیشتوانی لە ئامارەکانی ساڵی 2006دا 1،066 کەس لە 260 بنەماڵەدا بووە.
سەرچاوە: ویکیپێدیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1469

## سەرهۆیە
http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120637

یەک لە گوندەکانی ڕۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1470

## سەرو سبیێ
http://www.kurdipedia.org/?q=20110103121506216694

گوندێکە سەربە شارەدێی (چەلێ)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1471

## سەرو سپیێ
http://www.kurdipedia.org/?q=20110103121506216695

گوندێکە سەربە شارەدێی (چەلی(

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1472

## سەروماڵ

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120639

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1473

## سەروکانی

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120638

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1474

## سەروکانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621696

گوندێکە سەربە شارەدێی (باتێل(

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1475

## سەرکڕانپاو

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120635

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1476

## سەرکەپکان

http://www.kurdipedia.org/?q=201008301209369268



شارەدێیەکە سەربە شارۆچکەی رانییەیە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: شارەدێ

شارەکان: رانیە

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

ژمارە: 1477

## سەرکەل

http://www.kurdipedia.org/?q=2011050915465857690

گوند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: رۆژهەلاتی کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: مەریوان

ژمارە: 1478

## سەری رەش

http://www.kurdipedia.org/?q=2011042812333957103



کاتی خۆی شوێنێکی گەشتوگوزاری بوو، کۆشکێکی سەددامیشی لێبوو، لەدوای راپەڕینەوە بووە بارەگای مەسعود بارزانی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

شوێن: سەیرانگا

ژمارە: 1479

## سەرینچاوێ

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120640

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1480

## سەرەرو

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621692

گوندێکە سەربە شارەدێی (کانی ماسێ)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1481

## سەرەواله

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120097

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1482

## سەعاوا

http://www.kurdipedia.org/?q=2011050915465657610

گوند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: مەریوان

---

ژمارە: 1483

## سەعدوسلێمانە

http://www.kurdipedia.org/?q=2011050915465757636

گوند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: مەریوان

---

ژمارە: 1484

## سەعدییە

http://www.kurdipedia.org/?q=2012061809560570124



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شارەکان: خانەقین

ژمارە: 1485

## سەعدیە

http://www.kurdipedia.org/?q=2011081511592260681



شارەدێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: شارەدێ

شارەکان: خانەقین

ژمارە: 1486

## سەفاخانە

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120641

یەک لە گوندەکانی ڕۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

ژمارە: 1487

## سەفەرە ژێر

http://www.kurdipedia.org/?q=2010120613235410943

چەمانکێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1488

## سەلاس

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120642

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1489

## سەلیمساغوڵ

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120643

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

ژمارە: 1490

## سەنگاو

http://www.kurdipedia.org/?q=20100922214269594



لە رووی بەڕێوەبەرییەوە سەر بە قەزای چەمچەماڵە، 70 گوند سەر بەم ناحییە بوون لە ساڵانی 1987 و 1988 دا لەگەڵ مەڵبەندی سەرەکی وێران کراون.ژمارەی خەڵکی ئەم گوندانە 2648 خێزانی جووتیار بووە و ژمارەی قوتابخانەکانی ئەو گوندانەیش کە رووخێنراون 28 قوتابخانەی سەرەتای بووە لەگەڵ دوو تیمارخانەدا.
سەرچاوە: ویکیپێدیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: شارەدێ

ژمارە: 1491

## سەنگەر

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120644

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

ژمارە: 1492

## سەنگەسەر

http://www.kurdipedia.org/?q=20100329163620 4076



ناحیەی ناودەشت یەکێکە لە ناحیە هەرەکۆنەکانی قەزای پشدەر سەربە پارێزگای سلێمانی، لە رووی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە کەوتۆتە بەشی باکووری خۆرئاوای پارێزگای سلێمانی وە زنجیرە چیای قەندیل لەبەشی باکووری خۆرهەڵاتی وەکو سنورێکی سروشتی نێوان (عێراق و ئێران) لێک جیادەکاتەوە، لەبەشی باشوری زێ ی بچوک دەوری داوەو لەبەشی خۆرئاواشیەوە زنجیرە چیای کێوەڕەشە کە سنوری پشدەر لە قەزای رانیە جیادەکاتەوە، ئەم ناحیەیە لە کۆندا لە (96) گوندی دەوروبەری پێک هاتووە تا ساڵی / 2000 کە ناحیەی ژاراوە دروست بوو (33) گوندیشی خرایە سەر ناحیەی ژاراوە وە لیَ ی جیابۆوە، مێژووی ناحیە بوونی ناودەشت دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی / 1926 کە فەرمانی بوون بە ناحیەی بۆ دەرچووە و لە ساڵی / 1928 دا وەک ناحیەی ناودەشت بۆ یەکەم جار بەڕێوەبەری ناحیە بە فەرمی دەست بەکاربووە کە بەڕێوەبەری ناحیەکە یەکێک بووە لە بەگزادەکان، ئەم ناحیەیە تا ساڵی / 1970 سەربە قەزای رانیە و ئەویش سەربە لیوای هەولێر بووە ناحیەی ناودەشت کە مەرکەزی ناحیەک سەنگەسەر و گوندو دێهاتەکانی بناری قەندیل و بناری گەڵاڵە و دەوروبەری دەگرێتەوە، ناوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گوندانەی لەو دەشتاییەی بناری چیای قەندیل هەڵکەوتوون پێیان وتوە ناودەشت دەربارەی ناوی سەنگەسەریش لەوەوە هاتووە کە لە سەروو بەرزایی سەنگەسەری کۆن کە ئێستاکە شوێنەوارو پاشماوەی ماوە کۆمەڵێک بەردی خڕ و گەورە و بە سەنگی لیَ بووە، وەک سەر وابووە و پێیان وتوە سەنگی سەر، دواتر لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەم ناوە گۆڕاوە بۆ سەنگەسەر. وە لە دوای ساڵی / 1958 لە ئەنجامی دروست کردنی بەربەستی ئاوی دوکان کە بووەتە هۆی ژێر ئاو کەوتنی کۆمەڵێک گوندی سنوورەکە و هەرەوەها گواستنەوەی ئەو گوند و تیرە و عەشیرەتانە بۆ دەشتایی (دوانزە بانوو) کە سەنگەسەری ئێستایە لەلایەن حکومەتی عەبدولکەریم قاسمی ئەوکاتەی عێراق و جیَ بەجیَ کردنی پرۆژەی ئاودێری سەنگەسەر بۆ بەراو کردنی دەشتایی دوانزە بانوو، گواستنەوەی سەنگەسەری کۆن و تیرەو عەشیرەتەکانی (مەنگوور، ئاکۆ، مەرگەیی، میرزاڕۆستمی، شیلانەیی، کۆمەڵەیی، سندۆڵەیی، هتد) بۆ سەنگەسەری تازە ئەوەش بووە هۆی فراوان بوونی پەیوەندی یە کۆمەڵایەتیەکان و تێکەڵاوبوونی پێکهاتە جیاجیاکانی کۆمەڵ و دامەزراندنی بنچینەیەکی تازەی پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی لە سنورەکەدا. سەنگەسەر لە ساڵی / 1957 دا لەلایەن بەڵێندەرێکی بەریتانی بەناوی (میستەر دۆم) 212 خانوو بۆ سەنگەسەر دەرچوو تەواوی نەکردن و بە نیوەچڵی بەجیَ ی هێشتن، دواتر لەلایەن (3) بەڵێندەری کوردەوە بەناوەکانی (محەمەد سەعید، حاجی عەبدوڵڵا ناسراو بە عەبەی دەلاک، شەفیق أحمد) دواتر (30) خانووی تر بۆ کۆمەڵەییەکان دروست کرا و خەڵکی سەنگەسەریش لە رێگای (5) حەوزی کۆنکریتی بۆ ئاو خەزن کردن کە سەرچاوەکەی لە شەهیدانەوە هاتبوو خەڵکەکە ئاوەکەی بەکاردێناو وە دروست کردنی کۆنکریت بە درێژایی (12) کم و جۆگا لەلایەن ئەندازیارێکی کوردەوە سەرپەرشتی دەکرا بە ناوی (ساڵح بەگ (

)ڕووبەروو دانیشتوان (

ناحیەی سەنگەسەر پێش ئەوەی ناحیەی ژاراوەی لە ساڵی / 2000 لیَ جیابێتەوە رووبەرەکەی (786) کم2 بەڵام ئێستا بۆتە (608) کم2 ژمارەی دانیشتوانی ساڵی / 1989 (700) ماڵ بووە ئێستا زیاتر لە (4380) ماڵە و بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی

1957 (9031) کەس بووە بەڵام ئەو ژمارەیە هەڵکشاوە بۆ (21654) کەس لە ساڵی / 2005 دا لەحاڵی حازر دانیشتوانەکەی (27000) کەسە،
)پانۆرامای سیاسی ناحیەی سەنگەسەر (
بەهۆی پێگەی جوگرافی و سیاسی شارەکە لە مێژوودا کە هەردەم لانەی شۆرش و بەرخودان بووە لە هەردوو شۆرشی کۆن و نویَ دا ئەو کارەسات و نەهامەتی یانەی لای خوارەوەی بەسەر هاتووە :
•بۆیەکەم جار لەساڵی / 1965 بەهۆی رژێمی ئەو کاتەی عێراقەوە بەشێکی شارەکە سوتاو وێران بووە و خەڵکەکەشی ئاوارە بووە .
•لە 25 / 9 / 1968 لە شەڕێکی بیَ وێنەدا گەورەترین داستانی شۆرشی لیَ تۆمار کراوە و زیاتر لە (11) سەیارەی رژێم سوتێنراوە .
•حکومەتی ئەوسای عێراق لە تۆڵەی ئەو داستانەی ساڵی / 1968 لە 14 / 5 / 1969 سەنگەسەر بە تەواوی لە سەر دەستی ملازم داود کە قیادەی سوپای عێراقی کردووە سووتاوە و وێران کراوە .
•لە ساڵی / 1974 بە خەستی تۆپباران کراوە خەڵکەکەی بۆ چەند جار ئاوارە بووە و بەردەوام لەو ماوەیەدا لەژێر مەترسی بۆمبارانی فڕۆکەو تۆپباران دا بووە، زیانی لە ناو ئەشکەوتەکانی دەوروبەری دا بەسەر بردووە .
•لە ساڵی / 1983 هاودەنگ و هاوهەڵوێست لەگەڵ باقی راپەڕینی شاروشارۆچکەکانی دیکەی کوردستان ئەویش راپەڕیوە و خەڵکانێکی بریندار و شەهید و راپێچی زیندانەکانی کراوە .
•لە ساڵی / 1988 دا کاتێک ئۆردوگای (بەستەستێن) راگوێزران بۆ ئۆردوگای زۆرەملیَ ی حاجیاوا، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی خەڵکی ناو سەنگەسەر جارێکی تر ئاوارەی ئێران بێت .
•لە 9 / 6 / 1989 بە یەکجاری راگوێزراوە و شارەکەی لەگەڵ زەوی تەخت کراوە و ئەو خەڵکەی کە مابۆوە راپێچی ئۆردوگا زۆرەملیَ کانی (حاجیاوا، بازیان، خەبات، کەورگۆسک، دارەتوو، تۆبزاوا، جدیدە، هتد) کراوە .
•لە 4 / 3 / 1991 لەیەکەم چەخماخەی راپەڕین لە خەبات لەگەڵ خەڵکی قەڵادزیَ بەیەکەوە وەک پشدەر راپەڕین و دواتر لە 5 / 3 / 1991 لە تەقینەوەی راپەڕین دا لە رانیە شەهید (محەمەد أحمد ئاڵــی) وەک یەکێک لە شەهیدەکانی راپەڕین کە خەڵکی سەنگەسەرە لە دەست بەسەردا گرتنی مونەزەمەی رانیەدا لەبەردەم مونەزەمە دا شەهید بوو .
•دوای پەیماننامەی ساڵی / 1975 ی شوم کە سیاسەتی سوتماک کردن هاتە ئاراوە حکومەتی عێراق تەواوی گوندەکانی سەر سنوری ناحیەی سەنگەسەری راگواست بۆ چەند ئۆردوگایەکی زۆرە ملیَ لە دەوروبەری ناحیەی سەنگەسەر بە ناوی (کۆمتان، بەستەستێن، توەسوران، بایەوان) کە لەساڵی / 1977 بە دواوە پەیرەو کرا، بەڵام لە دوایدا جارێکی تر ئەوانەی ناوبراون و خودی ناحیەکەش لە ساڵی / 1988 و 1989 بە یەکجاری راگوێزران وێران کردن و چۆڵ کردنی یەکجاری ئەو ناوچەی گەورەترین کارەسات و نەهامەتی بە سەر خەڵکەکەیدا هێناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەو ناحیەیەی گۆڕی .
)سەنگەسەر لەپیگەی شۆرشدا(
سنوری ناحیەی سەنگەسەر سەرەرای سیَ جار رووخاوەو سوتاوەو 68 کادیرو

فەرماندەی سیاسی و عەسکەری و پیشمەرگەی لەشاخ شەهیدبوەو بەسەدان پیشمەرگەشی هەبوە لەشاخ و دوای راپەرینیش 70 شەهیدی هەیە هەمیشە لانەی شۆرش بوە و سەرۆکی هەریمیش بە وتەی خۆی لە سەنگەسەر چەکی کردۆتە شان و شۆرشی نویش هەر لەو دەڤەرەو قەندیل سەری هەلدا بەلام بەداخەوە ئەم شارە لەکەلاوە دەچیَ و زۆر کەمی بۆ کراوەو ئومید دەکەم ئاوریک لەئاوەدان کردنەوەی بدریتەوە و بواری کشتوکالی ببوژینەوەو دەرویەکی لیَ بکریتەوە.

)سەنگەسەر و لایەنی ئابووری و کشتوکا ل (

بڕبڕەی پشتی داهات و بژێوی خەڵکی ناوچەکە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری یە کشتوکاڵەکەش بە هۆی ئەو پرۆژە ئاودێری یەی کە دووەم پرۆژەیە لە عێراقدا و وە یەکەم پرۆژەشە لە پارێزگای سلێمانی کە (000 10) دەهەزاردۆنم زەوی بەراو دەکات لە سەردەمی رژێمدا گەورەترین سەرچاوەی داهاتی کشتوکاڵی بووە وە باشترین ناوچەی بەرهەم هێنانی توتن هەژمار کراوە لە سەرتاسەری عێراقدا، بەڵام بە داخەوە ئێستا بەهۆی کەم تەرخەمی و نەبونی پلانی گونجاو لەو بوارەدا بۆتە هۆی ئەوەی کە زەوی یەکان ئاوریان لیَ نەدرێتەوە وەکوو پێویست سوودی لیَ نەبینرێت بۆ کشتوکاڵ .

)لایەنی کۆمەڵایەتی ناحیەکە (

بەهۆی پشتگوێ خستن و ئاور لیَ نەدانەوەی وەکوو پێویست لە ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری لە ناحیەکە و دەوروبەری دەبینین، زۆر لە بنەماڵە دیارەکانی ناحیەکە نەگەڕاونەتەوە ناحیەکە بەڵکو لە شارەکانی دیکە نیشتەجیَ بوون وەهەروەها بێزاری و نائومێدی بۆتە هۆی کۆچی گەنجانی ئەم شارۆچکەیە بەرەو هەندەران و بیَ کاری لە ناو ئاپۆرەی خەڵکدا دروست بووە سەربارەی ئەوە زەوی و خانوەکانیشمان تاپۆ نەکراوە کە لە ساڵی / 1957 ەوە ئەم زەوی یانە نیشتەجێن و بەکاریان دەهێنین و لە گەل خانوەکانیان

)لایەنی هونەری و رۆشنبیری و وەرزشی (

لە بواری هونەری و رۆشنبیری و وەرزشی.. هتد هەر لە کۆن و ئێستادا بەردەوام کۆمەڵێک خەڵک دانەپراوبووە لیَ ی و چەندین گروپی هونەری و شانۆیی و وەرزشی لەم شارەدا برەوی هەبووە و جیَ ی دەستیان دیار بووە .

)دەربارەی گەشت و گوزار و شوێنەوار (

ناحیەی سەنگەسەر ناوچەیەکی سروشت جوان و رازاوەیە و چەندین شوێنی وا بەدی دەکرێت کە بۆ بواری گەشت و گوزار دەبێتە جێگای تێرامانی گەشتیارانی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان وە دەبێتە داهاتێکی باش بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆیە پێویستە ئاورێکی جددی لەو بارەیەوە لیَ بدرێتەوە، بۆ نمونە (سورەدێ، گۆڕ کیسوێ، کونەماسی، دۆڵی سێوەیس و بناری چیای گەلاڵە، دۆڵی شەهیدان) وە هەروەها لە روانگەی شوێنەواریشەوە چەندین شوێنەواری زۆر دێرینی لیَ بەدی دەکرێت وەکوو (قەلاتی شەهیدان، ماخۆبزنان کە مالیکی ئەژدەری لیَ ژیاوە، سەنگەسەری کۆن، دەشتێوان) کە گەورەترین بەڵگە گورستانی دەشتێوانە کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە زیاتر بۆ (2000) دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر .

)سامانە سروشتی و کانزاییەکانی ناحیەکە (

سنوری ناحیەی سەنگەسەر دەوڵمەندە بە (نەوت، مس، بەردی خەڵوزی، بەردی

گرانیت، ئاسن) لە بناری قەندیل وەکوو کەرەسەیەکی خاو هەیە، پێویستی بە ئاورلیَ دانەوە هەیە لەلایەن حکومەتەوە
سەنگەسەر لە چیەوە هاتوە (
دوو بۆچونی جیاواز هەیە یەکیکیان دەلیَ لەکۆندا سەنگەسەر بەردێکی لیَ بوە وەکو سەنگی سەرواوبوە واتە بەردەکە لەشێوەی بەردێکی وەکو سەر وابوە و ئەوی تریشیان دەڵیَ لە سەردەمی کۆندا سەنگەسەر جێگای ململانیَ و شەر بوە بیە هەمیشە سەنگەری شەر کردنی بە چوار دەوری خۆیدا لیَ داوە بۆ بەرگری کردن
سەرچاوە: عوسمان سەنگەسەری - ماڵپەڕی قەڵادزێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: باشووری کوردستان

شوێن: شارەدێ

شارەکان: رانیە

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 1493

## سەهۆڵان

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120645

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولآت: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1494

## سەولآوا

http://www.kurdipedia.org/?q=20091002101029206



شارۆچکەی سەوڵاوا لە ناوچەی هەورامان لەسەر ڕێگای سنە بۆ مەریوان و لە 9 5 کیلۆمەتری ڕۆژهەڵاتی سنە لە پارێزگای کوردستان هەڵکەوتووە. سەوڵاوا خاوەنی چەندین تایبەتمەندی سروشتی سەرنجڕاکێش و دیمەن گەلێکی زۆر جوانە و گوندەکانی سەر بەم شارۆچکەیە لە هەر خۆشترین و دڵرفێنترین ناوچەکانی پارێزگای کوردستانن.
سەرچاوە: مەنووچێهر جیهانی - ماڵپەڕی پەیامنێر

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولاّت: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: شارەدێ

زمان - شێوەزار: ک. هەورامی

---

ژمارە: 1495

## سەکران

http://www.kurdipedia.org/?q=2013102420243192439



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولاّت: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: چۆمان

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 1496

## سەکری سەکران

http://www.kurdipedia.org/?q=2012071322234767551



باڵەکایەتی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

ژمارە: 1497

## سەڵاحیە

http://www.kurdipedia.org/?q=20131024204005925l3

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: مەخموور

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

ژمارە: 1498

## سەڵتەکوڵتو

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120646

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

ژمارە: 1499

## سەڵەسی

http://www.kurdipedia.org/?q=2011050915465757671

گوند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: مەریوان

---

ژمارە: 1500

## سەڵەسی خواروو

http://www.kurdipedia.org/?q=2011050915465757670

گوند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: مەریوان

---

ژمارە: 1501

## سەید سادق

http://www.kurdipedia.org/?q=20081213180841640



دەکەوێتە ناوەندی ناوچەی شارەزوورەوە، لە ساڵی 1956 بڕیاری بە شارەدێبوونی دراوە، بە شێوەیەکی بەرچاو ساڵانە بە پێی ئامار % 17 ڕێژەی دانیشتوان ڕوو لە زۆربوون دەکات، ئێستا زیاتر لە 68 هەزار کەس نیشتەجێی ئەو شارەن.
بە هۆی زۆری دانیشتوانەکەی ئەو شارە لە 2007/2/21 بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران کرایە شارۆچکە.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: شارۆچکە

شارەکان: سلێمانی

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 1502

## سەیدان

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120647

یەک لە گوندەکانی ڕۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1503

## سەیداوا

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120648

یەک لە گوندەکانی ڕۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1504

## سەیداڤا

http://www.kurdipedia.org/?q=20110103121506216 98

گوندێکە سەربە شارەدێی (سەرسنکێ(

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1505

## سەیدسارم

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111931206 49

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1506

## سەیرانبەند

http://www.kurdipedia.org/?q=20090901100235197 0

گوندیکی مەرزی نیوان رۆژهەڵات و باشووری کوردستانە،لە رووی جوگرافیاوە سەر بەشاری بانەی رۆژهەڵاتی کوردستانە و لە دیوی باشووری کوردستان لە رۆژئاوای شاری پێنجوێنە.

خاڵێکی مەرزی و بازرگانی یە و رۆژانە ئاڵوگۆڕێکی زۆری بازرگانی تێدا ئەنجام دەدرێت، هەروەها ژمارەیەکی زۆریش هاوڵاتی باشووری و رۆژهەڵاتی بەشیوەی قاچاغ هاتوو چۆی تێدا دەکەن.
بەهۆی ئەوەی کە مەرزێکی بازرگانیە، ئیستا کۆماری ئیسلامی ئێران رێگە بە خەڵکەکەی نادەن کە لەوێ نیشتەجێ ببن.
سەرچاوە: نامەیەکی بەڕێز هەڤاڵ نەژاد سەبارەت بە گوندی سەیرانبەند لە 31-08-2009

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: بانە

---

ژمارە: 1507

## سەیرانبەند 2

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010114074021340

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1508

## سەیفئاوا

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120650

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1509

**شاتمان**

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120689

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1510

**شاخکێ**

http://www.kurdipedia.org/?q=20110103121506 21714

گوندێکە سەربە شارەدێی (دهوک)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1511

**شاخۆڵان**

http://www.kurdipedia.org/?q=20110705000240 58410



کومەڵگەی شاخۆلان، یان گوندی شاخۆلان ئەمە وێنەی کۆمەلگەی (شاخۆلان)ە دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای شاری (هەولێر) لە دووری 30 کلم، ژمارەی دانیشتووانی 10000 کەس مەزەندە دەکرێت زۆربەی دانیشتووانەکەی پێشمەرگەن و ئەوانی دیکەش فەرمانبەرن.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| شوێن: | شارەدێ |
| شارەکان: | هەولێر |

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 1512

## شاخی رووش

http://www.kurdipedia.org/?q=2012012122273763969



شاخی رووش لە 5 کیلۆمەتری باشووری رۆژئاوای شاری سەقز، لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتووە. بەرزایی ئەم چیایە لە ئاستی دەریا 2317 میترە و لە بواری جوگرافیایی دا لە 46 و 14 دەرەجەی باکوور و 36 و 08 دەرەجەی رۆژهەڵاتدا هەڵکەوتووە.

لە گوندەکانی دەورووبەری دەتوانین ئاماژە بە گوندەکانی: خەییر، قشڵاخی قازی، هێجانان و سەڵتەکەڵتوو بکەین و رێگە سەرەکییەکانی هاتووچۆی ئەم شاخە لە گوندەکانی خەییر و هێجانانەوە تێپەڕ ئەبێت و دوورترین رێگەش رێگای هێجانانە کە لە بەشێکیدا ئەبێ بە دەست بەم شاخەدا سەرکەویت.

ئەم کێوە لە بواری سەرچاوەی ئاویدا زۆر دەوڵەمەندە و لە هەر 4 وەرزی ساڵدا شاخەوانەکان ئەتوانن کەڵک لە کانیەکانی وەربگرن، هەر بۆیە شاخی رووش لە هەندێک لە نەخشەکاندا وەک هەماراو ناوی لێ هێنراوە .

لە شاخی رووشدا کۆمەڵێک ئاژەڵ وەک: گورگ، رێوی و کەروێشک دەبیندرێ و لە بواری گژوگیاشەوە ئەتوانین ئاماژە بە داری گۆیژ، گەون، بادامی کێوی و... بکەین و لە وەرزی بەهاریشدا بە رێژەیەکی بەرچاو رێواس و قارچکی لێ ئەڕوێ .

له لووتکەی شاخی رووشدا هەنووکە کۆڵەکەیەکی دەستکرد بە مەبەستی رێزگرتن لە یاد و بیرەوەری شاخەوانی کۆچکردوو محەمەد هەوراز، لە لایەن کۆمەڵێک لە وەرزشوانانی شاری سەقز چێکراوە .

هەروەها لە ساڵی 1388ی هەتاویدا کۆمەڵێک لە شاخەوانەکانی ئەم شارە لە بەرزایی 2100 میتری شاخی رووش و لە گۆشەی باشووری رۆژئاوای شاخەکەدا شوێنێکیان بۆ حەسانەوە و پشوودانی شاخەوانان درووست کرد کە بە مەبەستی یادەوەری شاخەوانی کۆچکردووی سەقزی خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵا راشدی، ناوی ئەویان لێناوە.

شاخی رووش بە یەکێک لە سەرنجراکێشترین کێوەکانی سەقز دێتە ئەژمار و هەموو ساڵێک کۆمەڵێکی بەرچاو لە شاخەوانانی شارەکانی دەورووبەر بە مەبەستی سەرکەوتن بەم شاخەدا روو لە سەقز ئەکەن. شایانی باسە کە بەرجەوەنی جوانی ئەم کێوە بۆ سەقز و کێوەکانی بەردەڕەش، جەوشەن، وەنەوشە و چل چەمە، بوەتە هۆی خۆشەویستی و سەرنج راکێشی ئەم کێوە.

سەرچاوە: ناوەندی هەواڵنێری سەقز

---

ژمارە: 1513

## شاخە گەورە

http://www.kurdipedia.org/?q=20100107112312314\u0037



لە 10 کیلۆمێتری باشووری رۆژئاوای شاری سەقز هەڵکەوتووە و بەرزایی ئەم شاخە لە ئاستی دەریا 2252 میترە و لە بواری جوگرافیاییشەوە لە E: 46/1803 و N: 36/07447 هەڵکەوتووە.
سەرچاوە: ماڵپەڕی سەقز

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: چیا

شارەکان: سەقز

---

ژمارە: 1514

## شارانی
http://www.kurdipedia.org/?q=2011050915465857691

گوند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: مەریوان

---

ژمارە: 1515

## شارستێن
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120691

یەک لە گوندەکانی ڕۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1516

## شارۆچکەی چەمچەماڵ
http://www.kurdipedia.org/?q=2012111013011273639

مێژووی

شارۆچکەی چەمچەماڵ بە یەکێک لە شارۆچکە دێرینەکانی کوردستان وئیراق دەژمێردرێت و نزیکی ١٠ کم لە گوندی (چەرموو) وە دوورە کە بە یەکەم مەڵبەند دادەنرێت کە مرۆڤ کشتوکاڵی تێدا کردووە، ئەمەش بە هێزترین بەڵگەیە بۆ دێرینی ئەم شارۆچکەیە کە لەو کاتەوە مرۆڤی تێدا نیشتەجێ بووە. ئەرگە چی لە رووی مێژووییەوە سەرچاوەی ئەوتۆمان نیە لەسەر ئەم شارۆچکەیە بەڵام بوونی قەڵایەک لە ناوەڕاستی شارەکە راستی و دروستی دێرینی ئەم شارە دەسەلمێنێ بە تایبەتی پاش

دۆزینەوەی چەند پارچە ئاسەوارێک کە مێژوکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانیەکان

قائیمقامیەت بە یەکیکە لە کۆنترین دەزگا میریەکان لەساڵی ١٨٥١ ئیمبراتۆریەتی عوسمانی و دەسەلاتداران شاری چەمچەماڵیان کردوە بە قەزا پاشان گوندیک دراوەتەو سەر با ناحیەی بازیان جارێکی ترو لە ساڵی ١٩٢٢ سەر لە نوێ کراوەتەوە بە قەزا تا ئستاش قەزایە

.........

ناوی شارۆچکەکە

سەبارەت بە ناوی شارەکە چەندەین بیر و بۆچوون، بەلام زۆربەی لە خالیک یەکدەگرنەوە ئەوەیش وەکو باس دەکرێت کە لە کاتی خویدا ئەم ناوچەیە رەز و باخێکی زۆری تیدا بووە و هەر ماڵێک لە سەر رەز و باخی خوی بووە پاشان بە هۆی لافاوێکی گەورەوە کە ئەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە زۆربەی رەز و باخەکان لافاو رای دەماڵێ و خاپووری دەکات، بەلام جارێکی تر و سەرلەنوێ ئەم شارە دروست دەکرێتەوە.

چەمچەماڵ لە کاتی فەرمانڕەوایی بابانەکان بەشێک بووە لە خاکی سلێمانی و ئەوان هەڵیان سوراندووە تا ساڵی ١٨٥١ کە دەولەتی عوسمانی سلێمانی داگیر دەکات لە کاتی داگیر کردنی ئیراق لە لایەن بەریتانیاوە ئەم شاررۆچکەیە خراوەتە سەر پارێزگای کەرکووک، لە کۆتاییی سالی ١٩٧٥ دووبارە ئەم شارۆچکەیە خراوەتەوە سەر پاریزگای سلێمانی و یەکیکی تر لە بیر و بۆچوونەکان لەسەر شارۆچکەی چەمچەماڵ ئەوە کە لە کاتی خویدا لەجەند هوزیک شاری چەمچەماڵی لە ئیرانەوەهاتوون شارۆچکەکەیان ئاوەدان کردۆتەوە بەو ناوەوە ناویان ناوە

سنووری جۆگرافیا

شارۆچکەی چەمچەماڵ لە باکورەوە زنجیرە چیای دەربەندی بازیان و لەرۆژهەلات رووباری باسەڕە و زێ خواریش رۆژئاوای ئەم شارەیە گردەکانی بانی مەقان باشووری سنوری جوگرافیای چەمچەماڵ دیاری دەکەن.

...............................................................

چەمچەماڵ لە رووی ئابووریەوە

لە کونەوە خەڵکی ئەم شارە خەریکی کاری کشتوکاڵی بوونەوە بژێوی خویان پی پەیدا کردووە بە تایبەت دانەوێڵە، وەکو گەنم و جۆ و نیسک و نۆک ، لە گەڵ ئەوەشدا ئاژەڵداریان کردوە و مەڕو مالاتیان بە خیو کردووە . پەیوەندی و مامەڵە کردنی خەڵکی ئەم شارۆچکەیە لە گەڵ شاری کەرکوک دا بەهیز بووە بازرگانەکان و دانیشتووانی شارەکە بۆ دابینکردنی پیداویستی بژێوی رۆژانە بۆ شاری کەرکووک چوون. چەمچەماڵ لە کانزادا دەوڵەمەندە بە تایبەتی گازی سروشتی

ژمارە: 1517

## شاری رۆشنبیری

http://www.kurdipedia.org/?q=2012081114164672108

شاری رۆشنبیری

لایەنێک هەیە کە لە ژیانی شاری سلێمانیدا ناتوانرێت هەرگیز فەرامۆش بکرێت ئەویش ژیانی ئەدەبی و رۆشنبیرییە، کە باخچەیەکی گەورەی لەو بوارەدا پێشکەش بە مێژووی رۆشنبیری کوردستان کردووە، هەموو ئەو بەرفراوانییەش بۆ دەوری بابان و دامەزراندنی شار و ماوەیەکیش لە سالانی دەولەتی عوسمانی هەموو مەلا و زاناکان شاعیر و نووسەر بوون و رۆلی مزگەوت و حوجرەش کەم نەبووە لەو بوارەدا، سێ کوچکەی بابان نالی و سالم و کوردی قوتابخانەی شیعری بابان دروستدەکەن و ئەگەر ئەو قوتابخانەیە لە رووی ناوەرۆکەوە گەلێک دیمەنی لە ئەدەبیاتی ئەمڕۆماندا نەمابێت ئەوا فۆرمی ئەدەبیاتی ئەمڕۆمان ئەوا هەر بەرپێشچوونی فۆرمی ئەو ئەدەبەیە، ئەو زارەی پێی دەنووسرێت هەر ئەو زارەیە، کەس نییە بتوانێ نالی و سالم و کوردی و مەولانا خالید و مەلا عەبدوڵلای بێتوشی و شێخ مارفی نۆدێی و سەید ئەحمەدی نەقیب و شێخ حسێنی قازی و حاجی مەلا ئەحمەدی دێلێژەو محەمەد فەیزی زەهاوی و جەمیل سدقی زەهاوی و مەلا سالحی حەریق و سالح ئەفەندی ئاهی و تایەر بەگی جاف و وەلی دێوانە و عەلی بەردەشانی و زێوەر مەلا عەبدوڵلا و ئەحمەد موختار جاف و مەلا عەزیزی موفتی و پیرەمێرد و بێخود و جەمال عیرفان و چەندین نووسەر و شاعیری دوای سالی پەنجاکان لە یاد بکات، هەرچەندە هەندێک لەمانە لە نێویەکدا بەهۆی تەسەوفەوە ناکۆکیان لە نێواندا هەبووە کە دیارترینیان شێخ مارفی نۆدێ کە بووە دوژمنی سەرسەختی مەولانا خالید. ئەم بوارە بەرفراوانە ئێستاشی لەگەڵدا بێت سلێمانی تێیدا پێشەنگە و هەمیشە ئەو نووسەر و شاعیرانە رۆلی بەرچاویان لە بزوتنەوەی کوردایەتیشدا هەبووە و بونەتە داینەمۆی شۆرشەکان، ناشکرێت لەسایەی ئەم بوارە فراوانەدا ئەوە لەیاد کەین یەکەم چاپخانە کە لە کوردستان کەوتبێتەکار لە سلێمانی بووە، یەکەم رۆژنامەی کوردی لە کوردستان دەرچووبێت هەر لەسلێمانی بووە.(3(

---

ژمارە: 1518

## شاریا

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621715

گوندێکە سەربە شارەدێی (سێمێل(

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات:   باشووری کوردستان

شوێن: گوند

ژمارە: 1519

## شاریکەند

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120692

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1520

## شارەبان

http://www.kurdipedia.org/?q=20100926222029663



شارەدێ - سلێمانی
سەرچاوەی وێنە: فەیسبووکی قەیس قەرەداخی

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: شارەدێ

---

ژمارە: 1521

## شارەزوور

http://www.kurdipedia.org/?q=20121126162317739 57

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: ناوچە

---

ژمارە: 1522

## شارەوانیی سلێمانی

http://www.kurdipedia.org/?q=2012071300311469261



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:      باشووری کوردستان

شوێن:    شوێن

شارەکان: سلێمانی

---

ژمارە: 1523

## شاسوار

http://www.kurdipedia.org/?q=2011050915465757632

گوند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:      رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن:    گوند

شارەکان: مەریوان

---

ژمارە: 1524

## شاقەڵا

http://www.kurdipedia.org/?q=200907161245271836

یەکێک لە دێیەکانی دەوروبەری شاری دیواندەرەیە لە رۆژهەڵاتی کوردستان. بە پێی ئاماری سەرژمێریی ساڵی 2006، ئەم دێیە پێک هاتووە لە 66 بنەماڵە و ژمارەی دانیشتوانیشی 434 کەسە.
سەرچاوە: ویکیپێدیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1525

## شالیشەل
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120693

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1526

## شامات
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120694

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1527

## شامان
http://www.kurdipedia.org/?q=20121208141022742233

...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: سلێمانی

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 1528

## شانشین
http://www.kurdipedia.org/?q=2011050915465757656

گوند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

ولات: رۆژهەلاتی کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: مەریوان

---

ژمارە: 1529

## شاهۆ
http://www.kurdipedia.org/?q=2012060413521165024



چیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: چیا

---

ژمارە: 1530

## شاهیندێژ
http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120695

یەک لە گوندەکانی ڕۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1531

## شاهینی
http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120696

یەک لە گوندەکانی ڕۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1532

## شاهیەر

http://www.kurdipedia.org/?q=20110509154659577 11

گوند

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

شارەکان: مەریوان

---

ژمارە: 1533

## شاوانێ

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111931206 97

یەک لە گوندەکانی ڕۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: ڕۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1534

## شاوریکێ

http://www.kurdipedia.org/?q=20110103121506217 17

گوندێکە سەربە شارەدێی (مانگێشکێ)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1535

## شاوەلی

http://www.kurdipedia.org/?q=200907161247111837

یەکێک لە دێیەکانی دەوروبەری شاری دیواندەرەیە لە رۆژهەڵاتی کوردستان. بە پێی ئاماری سەرژمێریی ساڵی 2006، ئەم دێیە پێک هاتووە لە 56 بنەماڵە و ژمارەی دانیشتوانیشی 331 کەسە.
سەرچاوە: ویکیپێدیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1536

## شاوەلە

http://www.kurdipedia.org/?q=2011101011193120698

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1537

## شاڵیشەل

http://www.kurdipedia.org/?q=200907161249121838

یەکێک لە دێیەکانی دەوروبەری شاری دیواندەرەیە لە رۆژهەڵاتی کوردستان. بە پێی ئاماری سەرژمێریی ساڵی 2006، ئەم دێیە پێک هاتووە لە 117 بنەماڵە و ژمارەی دانیشتوانیشی 660 کەسە.
سەرچاوە: ویکیپێدیا

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1538

**شپیران**
http://www.kurdipedia.org/?q=2011010111193120699

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1539

**شت یونس**
http://www.kurdipedia.org/?q=20110103121506217l8

گوندێکە سەربە شارەدێی (یێبو)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1540

**شلیا**
http://www.kurdipedia.org/?q=20110103121506217 21

گوندێکە سەربە شارەدێی (ئەتروش(

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1541

## شمشیر

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120700

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1542

## شندوخا

http://www.kurdipedia.org/?q=2011010312150621723

گوندێکە سەربە شارەدێی (دهوک(

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1543

## شنروێ

http://www.kurdipedia.org/?q=20120121231817639 73



...

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: چیا

شارەکان: هەڵەبجە

---

ژمارە: 1544

## شنگار - شنگاڵ - سنجار

http://www.kurdipedia.org/?q=20100131150617334 9



گەورەترین شارۆچکەی کوردی ئێزیدی نشینە لە باشووری کوردستان.

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: شارۆچکە

---

ژمارە: 1545

## شنگاری

http://www.kurdipedia.org/?q=20110103121506217 24

گوندێکە سەربە شارەدێی (شنگار)

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1546

## شنگالێ

http://www.kurdipedia.org/?q=20110103121506217 25

گوندێکە سەربە شارەدێی (شنگال(

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: باشووری کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1547

## شنۆ

http://www.kurdipedia.org/?q=20090908114256199 1



شنۆ یەکێکە لەشارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و دەکەوێتە 75 کیلۆمەتری باشوری رۆژهەڵاتی ورمێ (اورمیە)، ئاو و هەوایەکی سازگاری کویستانی هەیە و لەگەڵ باشووری کوردستان و باکووری کوردستان (عیراق و تورکیا) مەرزی هاوبەشی هەیە، پیشەی دانیشتوانی ئەم شارە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری یە و جاجم و بەرماڵی نوێژ و فەرش و بەڕە لە بەرهەمە دەستی یەکانی ئەم شارەیە.
ئەم شارە خاوەنی سروشتێکی جوانە و لەدەوروبەری چەند دارستانێکی چر هەیە، جگە لەبوونی چەندین ئاسەواری مێژوویی.
شاری شنۆ شارێکی تەواو کوردنشینە و ئاینی ئیسلام و مەزهەبی سوننە پەیرەو دەکەن، بەڵام سەرچاوە مێژووی یەکان باس لەوە دەکەن کە لە رابردوو پەیڕەوانی ئاینی مەسیحی و ئاینی دیکەشی لێ بوون.
سەرچاوە: نامەیەکی بەڕێز هەڤاڵ نەژاد سەبارەت بە چەند شوێنێکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە 2009-0709

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: شارەدێ

---

ژمارە: 1548

## شوانکارە
http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120709

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1549

## شوشمێ
http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120710

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1550

## شوشمێ سەرو
http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120711

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات:   رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

ژمارە: 1551

## شووشەوان

http://www.kurdipedia.org/?q=2012112417234073863

...

ژمارە: 1552

## شوکێ

http://www.kurdipedia.org/?q=2013012622110275347



سەر بەناحیەی سروچکی قەزای سەیدسادقە، شوکێ دەکەوێتە نێوان بەرزایی بەڕۆژ لەپشتی گوندو قەڵای گێلەرەو شوکێ لای راستو لەلای چەپیشەوە دۆڵە زان (واتە دۆڵی رەزان، بەوپێیەی دۆڵێکە کەرەزێکی زۆری لێیە)و بەرامبەری گوندی بەرزایی کورە کاژاوە، هاوکات دەکەوێتە نێوان گوندەکانی باراو وەندەرێنەو کانی دڕکەو گێڵەرەو کاژاوو ناحیەی سروچک.

هەڵکەوتەی جوگرافی

ناوی گوندی شوکێ لەشوێنی جوگرافییەوە سەرچاوەیگرتووە، ئەم گوندە دەکەوێتە دۆڵێکەوە یاخود شیوێکەوە هەربۆیە بەشیو یاخود شیوەکە هاتووە، پاشان دەماودەم گۆڕاوەو بووە بەشیوەکەو بەشۆکەو پاشان بووە بەشوکێ وەک شێوە زاری خۆیان. وەک دەگێرنەوە گوندی شوکێ یەکێک بووە لەگوندە هەرە کۆن قەرەباڵغەکانی ئەو ناوچەیە ئەم گوندە لەکۆندا 180 ماڵی تێدابووە کەئەمەش بەبیری بەتەمەنەکانی ئێستا نایەت بەوپێیەش وتوویانە 100جووت گای بازووی جووتی تێدابووە، دیارە بەهۆی گۆڕانی شێوازی ژیان ژمارەی دانیشتووانی ئەم گوندەش گۆڕاوە، لەپێش راگواستندا ژمارەی دانیشتووانی دەگەیشتە زیاتر لە25ماڵ کەخەڵکی گوند بوون، ئەمە جگە لەپێشمەرگەو لەو گەنجانەی کەهەندێکیان بەخێزانەکانییانەوە لەسەربازیی هەڵاتبوونو هاتبوون لەم گوندە نیشتەجێببوون.

سەرچاوەکانی ئاو

دانیشتووانی شوکێ، پشتیانبەستووە بەچەندین سەرچاوەی ئاو بۆ کشتوکاڵکردن لەگوندەکەدا کەئەوانیش؛ چەمی شوکێ کەچەمێکی گەورە بووە ئاوێکی ئێجگار زۆری هەبوو، هەموو ماڵەکان کشتوکاڵیان لەبەرداکردووە، ئاوی ئەم چەمە گوندەکانی گورگەیەرو بزەنیان سوودیان لێوەرگرتووەو تادەگەیشت بەچەمی قەڵاچوان، بەڵام ئێستا زۆر کەمیکردووە بەتایبەتی ئەمساڵ، سەرچاوەی کانی بەراش کەئێستا وشکیکردووە، کانی قەواڵ ئاوێکی زۆری هەبووو تۆری ئاوی گوند لەسەر ئەم کانییە دروستبوو ئاوێکی زۆر سازگاری هەبوو کەبەبۆری هاتبووە ناو گوند، بەداخەوە سێ

ساڵە بەهۆی وشکەساڵییەوە وشکیکردووە، کانی خواروو کە بەلای خوارووی گونددا دەڕوات ئێستا ئاوی زۆر کەمە، هەروەها کانی ئەلیاس کەئێستا وشکیکردووە، ئەمە جگە لەچەندین کارێز کەهی تاکە ماڵ بوون بۆ مەبەستی پێداویستی رۆژانەو کشتوکاڵکردن بەسوودبوون، ئەوانیش؛ کارێزی کانی ئەلیاس، کارێزی جەبار حەمەئەمینو کارێزی یوسف محەمەد، کارێزی موعتەسەم ئەحمەدو کارێزی ئەحمەد عەبدولڕەحمان، کەپێیدەڵێن (دێ کۆن)و کارێزی کانی قەواڵو کارێزی شێخ غەریب کەئەم کارێزانە کەسینو تەنها خاوەنەکەی دەتوانێ بۆ کشتوکاڵکردن سوودی لێ وەربگرێت، بەپێچەوانەی چەمی شوکێ کە گشتی بووە. جگە لەبیرێکی ئیرتیوازی کەشەبەکەی ئاوی گوندی لەسەرە ئەمیش ئاوەکەی کەمەو تەنها بەشی بیست دەقە ئاو دابەشکردن دەکات، نزیکەی 12 بیری تری تێدایە کە بۆ خواردنەوەو پێداویستی رۆژانەو زۆر کەمیش بۆ کشتوکاڵکردن بەکاردەهێنرێت.

کەمبوونەوەی بەروبووم

لەبەر ئەو سەرچاوە ئاوانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، توتنو مەرەزەیەکی زۆر دەکرا کەساڵانە 100 باتمانیان وەک خۆیان دەڵێن لێدەفرۆشتەوە، خەڵک لەگەرمیانەوە دەهاتن بۆ توتن کڕین، چونکە توتنی شوکێو گورگەیەر بەناوبانگ بوون، هەروەها گەنم جۆو نیسکو نۆکو تەماتەو بامێو شوتیو لۆبیاو خەیارو چەندین سەوزەی تری تێدا دەکرا، ئەمەجگە لەڕەزو باخە چواڵەو قەیسیو قۆخو هەنارو هەنجیرو گوێزو بەڕوو و دارەبەن، بەڵام ئێستا زۆربەی زۆری ئەو بەروبوومانە ناکرێن، چونکە ناوچەکەیان شاخاویو بەردەڵانەو بەگاجووت جاران زەوییەکە دەکێڵرا، بەڵام ئێستا بەگا جووت ناکرێتو هەندێک جێگەی بەربوومەکەی بەدەراسەی بچووک دەدورێتەوە کەبەردەستناکەوێت، هەروەها کەمیی ئاوو وشکەساڵی زۆربەی زۆری ئەو سەرچاوانەی وشککردووە یان زۆر کەمئاو بوون، هەربۆیە کشتوکاڵکردن کەمبۆتەوە ئەمە لەلایەکو لەلایەکی تریش بەروبوومەکانیان وەک خۆیان دەڵێن پارەیەکی ئەوتۆ ناکات کەبژێویی ژیانیان دەربکاتو بەقەد هیلاکیان بێت، دانیشتووانی ئەو ناوچەیە داواکارن کەحکومەت کێشەی بێئاوییان بۆ چارەسەربکات، ئەویش بەدروستکردنی بەنداوێکی ئاوو عەمبارکردن لەپشتی ماڵەکانو بەکارهێنانی ئاوی عەمبارکراو لەوەرزی هاوینو لەکاتی پێویستداو بۆ پێشخستنو ژیاندنەوەی کشتوکاڵکردن لەناوچەکەدا.

چۆڵ بوونی گوندەکە

شوکێ ساڵی 1986 سووتێنراوەو خەڵکەکەی بەئیقای عەسکەری براونەتە ناحیەی بەرزنجەو معەسکەری زەڵێ، تەنها شەش پیاو لەگوند مابوونەوە کەخۆیان شاردبۆوەو ئەو شەوە لەناو گوند کاریان کوژاندنەوەی ئەو ماڵانە بوو کەگڕیان تێبەردرابوو، ئەوانیش توانیان تەنها سێ ماڵ بکوژێننەوەو چواری تر بەتەواوەتی سووتان، بەهەوڵی پیاوچاکان دوای شەوێک خەڵکەکەی ئازادکرانو گەڕانەوە ناو گوند، بەڵام هەر لەژێر هەڕەشەی رژێمی ئەوسادابوون، ئەوەبوو پاش چەند مانگێک جارێکی تر بەر هێرشی تۆپبارانی رژێم کەوتنو دوو ماڵی تر سووتاون، پاشان بۆ دواجارو لەساڵی 1987دا خەڵکەکەی بەتەواوەتی داگیراو خانووەکانیانو رەزو باخەکانیان بەتەواوەتی سووتێنرانو خەڵکەکەشی روویان لەشارو شارۆچکەکان کرد تادوای راپەڕنە مەزنەکە ساڵی 1991 خەڵکەکە گەڕانەوە سەرزێدی باوباپیرانیان، بەڵام بەداخەوە نەیانتوانی وەک پێویست زەویو باخەکانیان ببوژێننەوە، ئێستاو جارێکیتر راگواستن دەستیپێکردۆتەوە

کە10ماڵێکی تێداماوە ئەوانی تر گواستویانەتەوە لەبەرنەبوونی خزمەتگوزاریی پێویست کەلەگەڵ پێشکەوتنی ئەمڕۆی کۆمەڵگەدا بگونجێت.
لەگەڵ دروستبوونی شوکێدا مزگەوتی تێدا دروستکراوەو یەکەم مەلای مزگەوت خوالێخۆشبوو مەلا سالح بووەو ئێستاش مەلا موعتەسەمە، ئەم گوندە لەساڵی 1979دا بۆ یەکەمجار خوێندنگەی تێداکرایەوە، کەمامۆستا سەعدی هەورامی یەکەم مامۆستای گوندبوو، ئێستا خوێندنگایەکی گونجاوی تێدا دروستکراوە، بەڵام تاشەشەمی سەرەتاییە، بۆیە زۆربەی زۆری خێزانەکان لەبەر خوێندنی منداڵەکانیان ناچاردەبن گوندەکە جێبهێڵنو بچنە شارو شارۆچکەکان.

حەوت ئاشی ئاو
شوکێ لەکۆندا بەهۆی بوونی چەمێکی گەورەی وەک چەمی شوکێ حەوت ئاشی ئاوی تێدابووە، خەڵک لەناوچە جیاجیاکانەوە دەهاتن بۆ شوکێو گورگەیەر بۆ باراش هاڕین کە لەو سەردەمەدا جێگاو بایەخی بەرچاوی خۆی هەبووە.
لەکەسە ديارو بەناوبانگەکانی ئەم گوندە؛ خوالێخۆشبوو حاجی ئەحمەدی حسەین عەبدولڕەحمان بووە کەدەگێڕنەوە بەوڵاخ چۆتە زیارەتی مەککەو مەدینەو بەجێهێنانی فەریزەی حەج، لەکۆتایی هەشت سەدەکاندا کەزیاتر لەساڵێکی پێچووە بۆ چوونو هاتنەوە، خوالێخۆشبوو شێخ مارف کەخەڵکی گوند بووە لەشەڕی دەربەندی بازیان لەشۆڕشی شێخ مەحموود شەهید کراوە، خوالێخۆشبوو سابیری مام رەزا کەڕیشسپیو خەمخۆری گوند بووەو هەمیشە هەوڵیداوە کێشەکان چارەسەربکات، هەروەها خوالێخۆشبووان حاجی کەریم حەمەساڵحو عەبدولڕەحمان رەحیمو عەبدوڵلا قادر ئەحمەدو شێخ مارف کەئەمانە ریشسپیو خەمخۆری گوندبوونو هەریەکەو لەسەردەمی خۆیدا خەمخۆر بووەو کێشەکانی چارەسەرکردووەو خوالێخۆشبوو مام رەحیم عەبدوڵلا ئەحمەد جەراحی گوند بووە کەسێکی شارەزا بووە لەگرتنەوەی شکاویو لەجێچوونو ئێستاش مام رەسوڵ حەمەئەمین جەڕاحێکی لێهاتوو و دەسترەنگینە کەشارەزاییەکی باشی هەیە لەجەڕاحیداو لەژیاندا ماوە، لەژنانیشدا خوالێخۆشبوو، پورە پیرۆز عەلی مامانی گوند بووە کەسێکی کارامەو لێهاتووبووەو دوای ئەویش پورە حەلاو رەحیم مامانی گوند بووە، کەئێستا تەمەنی نزیکەی حافتا ساڵەو بەداخەوە چاوەکانی لەدەستداوەو لەکارەکەی دوورکەوتۆتەوە.
لانکەی شۆڕشو پێشمەرگە
یەکێک لەسەروەرییەکانی تری ئەم گوندە لەساڵی 1982بۆ1984 لانکەی مەڵبەندی 1ی ی.ن.ک بووە، چەندین چالاکی پێشمەرگە لەگوندەدا کراوەو ماڵی چەندین سەرکردە لەنێو ئەم گوندەدا بووە لەوانە؛ شەهیدی سەرکردە جەبار فەرمانو حاکم قادرو ئاسۆی شێخ نوریو حاکم سەردارو چەندین سەرکردەو پێشمەرگەی تر، بەهۆی زۆریی ژمارەی دانیشتووانی لەوکاتەدا وایکردبوو کەسێ دوکانی وشکەی تێدابکرێتەوەو کەبابخانەو قەسابخانەی تێدابووەو تەنانەت سەروپێخانەی تێدابووە.
لەڕاستیدا زۆرجار دەوترێت؛ حکومەت بەشێکی گوندەکانی پشتگوێخستووە خزمەتگوزاریی پێویستی پێشکەش ناکات، دەکرا پێشینەیەکی بۆ کڕینو مەڕوماڵات هەبوایە بۆ گوندنشینانو کەفالەتی لێ وەربگرتنایەو تاچەند ساڵێک بۆیان نەبوایە بیفرۆشنەوە، ئەوە هاوکارییەکی گەورە دەبێت بۆ ئەو کەسانەی کەئارەزووی ماڵات بەخێوکردن دەکەنو توانای داراییان نییە. لەپێش راگواستندا مەڕو ماڵاتێکی زۆر لەم

گونده بەخێو دەکرا، بەڵام لەبەر نەبوونی هیچ خزمەتگوزارییەک لەناو گوند، کورو کچانیان کەهاوسەرگیریی دەکەن یەکسەر گوند جێدەهێڵنو گەنجەکانیشیان زۆربەیان بوون بەپێشمەرگەو پۆلیسو ئاسایش، بەوەش دەستیکار لەگوندەکەدا نەماوە لەبەر بێبەرنامەیی حکومەت، تەنها بەتەمەنەکان لەگوندەکاندا ماون، کەئەوانیش توانایان بەسەر کارەکاندا ناشکێ، ئاشکراشە ماڵات بەخێوکردن خەڵکێکی زۆری دەوێت، چونکە کارێکی گرانە. ئێستا گوندەکە کارەبای نیشتمانی پێگەیشتووەو هیچی کەمتر نییە لەشارەکان، بەڵام رێگاکەیان تێکەڵەڕێژێکی خراپەو تائێستا جادەی قیریان پێنەگەیشتووە، کێشەی کەمئاوییان هەیە، بنکەی تەندروستی تێدا نییە خەڵکەکەی بۆ چارەسەر دەچنە بنکەی تەندروستی گوندی باراو.

3500ئاژەڵ
لەپێش راگواستندا ئەم گوندە زیاتر لە3000 مەڕو بزنی تێدابوو لەگەڵ زیاتر لە500رەشەوڵاخو هەروەها ئێسترو ماینو گوێدرێژیش بۆ کاروباری گواستنەوە، بەڵام ئێستا نزیکەی 800سەرمەڕو بزنو 500سەرێک رەشەو وڵاخی تێدایە، لەبەر کەمیی بارانو نەبوونی لەوەڕگاو کەمدەرامەتی خەڵکی گوند، بەو رێژەیە کەمیکردووە.
سەرچاوە: سۆزان کەریم - ماڵپەڕی کوردستانی نوێ

تایبەتمەندییەکانی بابەت

| | |
|---|---|
| وڵات: | باشووری کوردستان |
| شوێن: | گوند |
| شارەکان: | سلێمانی |

زمان - شێوەزار: ک. باشوور

---

ژمارە: 1553

## شویشە

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120712

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

ژمارە: 1554

## شوێ

http://www.kurdipedia.org/?q=20110101111193120713

یەک لە گوندەکانی رۆژهەڵات

تایبەتمەندییەکانی بابەت

وڵات: رۆژهەڵاتی کوردستان

شوێن: گوند

---

ژمارە: 1555

## شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر

http://www.kurdipedia.org/?q=2012082708532772387

پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراقە , بە یەکێک لە شارە هەرە کۆنەکانی کوردستان و ناوچەکە دادەنرێت. لە رووی جوگرافیەوە بە دووری٣٥٠کم دەکەوێتە باکووری بەغدا. نزیکەی 3 هەزار ساڵ پ.ز لە دەقە سۆمەرییەکان بە ( ئۆربلۆم - ئۆربیلیۆم) و لە دەقە بابلی بە (ئەربائیلۆ) هاتووە. ئەم هەرێمە بەلانکەی شارستانیەتە کۆنەکان دادەنرێت و ژیان بۆ یەکەم جار لێرەوە دەستی پێکردووە. ئەشکەوتی شانەدەر کە مێژووەکەی بۆ 60هەزار ساڵ پێش زاین دەگەرێتەوەو لانکی ژیانی مرۆڤی نیادرتاڵ بووە، گوندی زەوی چەمێ کە مێژووەکەی بۆ(12)هەزار ساڵ پ.ز دەگەرێتەوە، ئاماژەی هەبوونی شارەستانیەتێکی زۆر کۆنن و وەرچەرخانێک بووە لە ژیانی مرۆڤی ئەو کات کە لە ژیانی ئەشکەوت بۆ ژیانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری. شاری هەوێر زیاتر لە 100 میوانخانە و مۆتێلی گەشتیاری و زیاتر لە 100 چێشتخانەی تێدایە، دەیان مزگەوتی کۆن و چەند شوێنەوارێکی گرنگی لێیە، دەیان پارک و 3 پارکی گەشتیاری و چەند شارێکی یاری و دەیان بازاری گەورەی سەردەم و بازاڕی میلی لێیە. نزیکەی 10 زانکۆ و چەندان پەیمانگا و دامەزراوەی زانستی لێیە، مۆزەخانەی شارستانی و کولتووری و ئەنتیخانە و کتیچبخانەی گشتی لێیە. لە دەرەوەی شاریش چەندان شوێنی جۆراوجۆری گەشتیاری لێ هەڵکەوتووە. لێرەوەی چەند شوێنێک دەخەینەروو:

فرۆکەخانەی نێودەولەتی هەولێر

بە دووری 5کم دەکەوێتە باکوری رۆژئاوای شاری هەولێر. لەدوای رووخانی رژێمی پێشوو ، حکومەتی هەرێمی کوردستان بریاری دروستکردنی دا، پێشتر شوێنەکە بنکە سەربازی کۆنی هەولێر بوو، ئێستا

کراوەتە فرۆکەخانەیەکی مۆدێرنی شارستانی کە وەکو دەروازەیەکی گەورە بەرەو جیهان کارەکات و ڕۆژانە پێشوازی لە هەزاران میوان و گەشتیار دەکات .
ئەم فرۆکەخانەیە کۆمپانیای ( سکۆت ویلسن)ی بەریتانی دیزاینی داناوەو کۆمپانیای (ماکیۆل جەنگیز)یش پرۆژەکەی جێبەجێ کرد ، ئەم فرۆکەخانەیە بە شێوەیەک دروست کراوە کە ساڵانە تواناى وەرگرتنی ( 3 ) سێ ملیۆن گەشتیاری هەیە و لە 16 دەروازەو 6 پردی جێگیری ئاسمانی لەخۆدەگرێت . هەروەها تێرمیناڵی کارگۆزاری نوێ بە شێوەیەک دروستکراوە ساڵانە تواناى 280 دوسەدو هەشتا هەزار تۆنی هەیە ، جگە لە تێرمیناڵی سەرەکی، تێرمیناڵ و هۆلی پێشوازی مۆدێرن و خزمەتگوزاری VIP هەیە .
ئەم فرۆکەخانەیە یەکێکە لە درێژترین ڕێرەوەکانی نیشتنەوەی فرۆکە لە جیهاندا کە 4 هەزار و 80 مەترەو یەکێکە لە درێژترین پێنج ڕێرەوی نیشتنەوەی فرۆکە لەسەر ئاستی جیهاندا .

مێژووی هەولێر
مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی شەشەمی پ.ز وەک لە نووسراوە سۆمەری و بابلیەکاندا بە ( اروبیلم – اربێلا – اروبل – اربائیلۆ ) ناوی براوە کە لەو سەردەمە مەڵبەندی پەرستنی خواوەندی عشتار بووە ، لە تشرینی یەکەمی ساڵی ( 331 ) پ.ز شەڕێکی تووند لە نێوان سوپای داریۆشی فارسی و ئەسکەندەری مەقدۆنی ڕوودەدات لە ( گەلی کرانیک ) کە ( 30 ) کم لە هەولێر دوورە لە نزیک گوندی ( گۆکمێلا ) لە دەستە ڕاستی زێی گەورە و لە بەر شارەزا نەبوونی داریۆش بە تەواوی لە ناوچەکە جەنگاوەرەکانی خۆی لە کەناری زێیەکە کۆ دەکاتەوە بە پێچەوانەوە ئەسکەندەری مەقدۆنی هێرش دەکاتە سەر داریۆش و بەسەر سوپایەکەی زاڵ دەبێت بەمەش ئیمپراتۆریەتی فارس کۆتایی پێدێت ، مێژوونووسە یۆنانیە کۆنەکان ناوی هەولێر لە ناو کتێبەکاندا وەکو خۆی تۆمار دەکەن ئەمەش وای کرد سەرنجی هەموو دونیا بۆ کوردستان رابکێشێت و ناوی هەولێر لە ئەنجامی جەنگی ئەربێلا بکەوێتە ناو تابلۆ و بەڵگەنامە و هونەرە مێژووییەکانی ئەوروپاوە ،بناغەیەکی پتەوی بۆ ناساندنی ڕۆژ هەڵات و کوردستان دامەزراند .

قەڵای هەولێر
ئەم قەڵایە دێرینترین قەڵایە لە جیهاندا ، دەکەوێتە ناو جەرگەی شاری هەولێر ئەم قەڵایە (25 ) م بەرزە لە رووی زەوی ، وە بەرزی قەڵا لە سەر ئاستی رووی دەریا ( 431 )م رووبەرەکەی (110,000)م2 مێژووی بیناسازی کردنی دەگەڕێتەوە بۆ (6000) ساڵ پ.ز ، وە خانووەکانی قەڵای هەولێر لە (506) خانوو پێک هاتووە قەڵا لـــە سێ گەرەک پێکهاتووە (سەرای – توپخانە – تەکیە ) خانووی چینی دەوڵەمەندەکان لە گەرەکی سەرای قەڵاتە بەهۆی بەکارهێنانی بنیات وبناغەی توندو بەهێز ، بەرگەی هۆکاری ڕۆژگاری گرتووە بۆ ماوەیەکی درێژ. وە نەخش و نیگاری زۆریان تێدا بەکارهێناوە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی سەرنجی گەشتیاران بۆ خۆیان رابکێشێت .

مزگەوتی قەڵای هەولێر-:
مزگەوتی قەڵای هەولێر یەکەم مزگەوتە لە قەڵای هەولێر دەکەوێتە ناوەراستی قەڵا ( یاقوت حەمەوی ) لە کتێبی ( معجم البلدان ) باسی ئەم مزگەوتەی کردووە لە ساڵی ( 1220 ز ) ،هەروەها ( إبن مستوفی ) لە نووسینەکانیدا ( تاريخ أربل ) ناوی نا ( مزگەوتی قەڵا ) , ئەم مزگەوتە چەندین جار نۆژەن کراوەتەوە وەکو ساڵی ( 1719 – 1720 ز ) کە ئەم مێژووە لەسەر مینبەرەکە نووسراوە.

گەرماوی قەڵا-:

گەرماوی قەڵا مێژووی ئەم گەرماوە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی هەژدەهەم بەرەو سەرەوە نزیکەی ( 200 ) دوو سەد ساڵ ، پێک دێت لە دوو بەش هاوینە و زستانە لەگەڵ دوو هۆڵا بۆ خۆشوشتن وە دوو قوبەی گەورە و رووبەرەکەی نزیکەی ( 782 م2 ) وە ئەم گەرماوە بیرێکی گەورەی تێدایە لە بەشی باکووری کە تیرەکەی ( 5 ) پێنج مەترە ، وە قوڵایەکەی ( 45 ) مەترە تاکو خوارەوەی قەڵا.

قەڵای خانزاد (بانەمان-: (
دەکەوێتە سەر رێگای (هەولێر _ شە قڵاوە) ، بەرزیەکەی دەگاتە ( 40 ) م لە رووی زەوی (22) کم لە شاری هەولێر دووره مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میرنشینی سۆران بەتایبەتی لە ماوەی دەسەڵاتی میرسلێمان بەگ و شازادە خانزاد دروستکراوە ، تاوەکو ئێستا رووە مێژووەکەی خۆی لە دەست نەداوە توانراوە پارێزگاری لێ بکرێت ، ئەم قەڵایە لە بەرد و قسل دروستکراوە .

گردی قالینچ ئاغا-:
یەکێکە لەو ناوچە شوێنەواریانەی کە دەکەوێتە ناوجەرگەی شاری هەولێر ناوی ئەم گردەش لە (قالەانجە) هاتووە واتە قەڵای گچکە بە بەراورد لە گەڵ قەڵای هەولێری دێریندا ، شوێنەکەی دەکەوێتە دووری (1کم) لە قەڵا ، وەبەرزیەکەی نزیکەی (7)م دەبێت لە رووی زەوی ، بۆ یەکەم جار لەساڵی (1966)ز پشکنینی تێدا ئەنجام دراوە بەهۆی ئەو کەل و پەلانەی کە دۆزاوەتەوە توانراوە بزاندرێت کە گردی ( قالینج ئاغا) لە چەند سەردەمێکی بە دوای یەکدا هاتووە ، کە هەزارەی (پێنجەم و چوارەمی )پ.ز مرۆڤ تێدا نیشتەجێ بووە ئەمەش بۆ سەردەمی (حلف- ورکاْ ) دەگرێتەوە .ٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍٍ

منارەی چۆلی-:
یەکێکە لە شوێنەوارە دێرینەکانی شاری هەولێردەکەوێتە باشووری خۆرئاوای قەڵای هەولێر بە دووری (1کم) بە منارەی (مقفریە) ناوبانگی دەرکردووە لەساڵی (1128 - 1238ز) لەسەردەمی سوڵتان مقفردین دروست کراوە لەلایەن خەڵکی ناوچەکە بە منارەی چۆلی ناسراوە ، چونکە کاتی خۆی لە شوێنێکی چۆڵدا دروست کراوە ، بەرزیەکەی (22م) لە رووی زەوی.

مۆزەخانەی شارستانی هەولێر-:
دەکەوێتە نزیک سەنتەری شار بەرامبەر سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر ، مۆزەخانەی هەولێر بۆ پیشاندانی پارچە شوێنەواریەکان لە سێ هۆل پێک هاتووە کە لە هەر هۆلێک چەندین سەردەمی جیاوازی لە خۆگرتووە ، هەروەها جێگای ئاماژە پێ کردنە کە هۆلەکان بە پێ کۆنترین سەردەمی شوێنەواری تا نوێترین سەردەمی شوێنەواری رێک خراون ، مێژووی هەندێک لەم ئاسەوارانە بۆ زیاتر لە (5000) هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە کە شارستانیەتی کۆنی کوردستان و عیراق دەردەخات . هەر لەم مۆزەخانەیە کتێبخانەیەک هەیە کە بە یەکێک لە کتێبخانە مێژووییەکان دادەنرێت ، ئەمەش بەهۆی بوونی چەندین سەرچاوەی مێژووی گرنگ.

ئەنتیکەخانەی قەڵا- :
دەکەوێتە ناو قەڵات، لەنێو ئەم مۆزەخانەیەدا بەشێکی زۆری کاری دەستی تێدایە کەنزیکەی (40) پارچە دەبێت لە هونەرکاری چنینی هۆزە نیشتەجێ و رەوەندەکانی ناوچەی پارێزگای هەولێر پارێزراوە

. که زۆربەی ئەم کەل و پەلانە رایەخ و کالا و پۆشاکن کەرەستە خاوەکەشی لەخووری و مووی مەڕو و مالاتی دروست کراون و بەرەنگی گیاو گوڵ و رووەک رەنگ کراون ، کە هەندێک لەم پارچانە مێژووی سەدان ساڵی هەیە.

بازاڕی قەیسەری:-
دەکەوێتە بەرامبەر قەڵا (431م) لەسەر ئاستی رووی دەریاوە بەرزە ، مێژووی دروست کردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانیەکان لەسەر شێوەی پیتی لاتینی بنیاد نراوە بریتیە لە هۆڵێکی بەرزو فراوان کە هەردوولای بە ریزە ژووری تێدا دروست کراوە بۆ فرۆشگا ، لە سەرەوەیدا چەند کونێک هەن کە بۆ گۆرینی هەوا گۆرکی و رووناکی بەکارهاتووە ، بەدوو دەرگا دەتوانین بچینە ژوورەوە دەرگای باشوورو دەرگای خۆرهەلات .

مەزاری سوڵتان مزەفەرکوکبری:
مەزارەکە دەکەوێتە خۆرهەلاتی قەڵا بە دووری (200م) ، نزیکی چوار ریانی پارێزگایە هەندێک پێیان وایە گۆری سوڵتانە هەندێکیش بە گۆری باوکی سوڵتان دادەنێن. ئەم زاتە ناوی (مظفرالدين ابن ريف) لە ساڵی (549 ک) لە دایک بووەو لە ساڵی (630ک) کۆچی دوایی کردووە ، ماوەیەک فەرمانڕەوایەتی هەولێری کردووە، بۆ یەکەم جار هەڵساوە بەخوێندنەوەی مەولود تاکو ئێستاش وەکو نەریتێکی ئاینی لەشارەکە دووبارە دەکرێتەوە.

پارکی سامی عەبدولڕەحمان:
بە گەورەترین پارک لە پارێزگای هەولێر دادەنرێت، کە بە دیزانێکی ئەندازەیی لــە سەر روووبەری (800 دۆنم ) بە دوو قۆناغ دروست کراوە ، ئەم پارکە دەکەوێتە رۆژئاوای شاری هەولێر بەرامبەر پەرلەمانی کوردستان ، کە چەندین چالاکی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت لەرووی گەشتیاریەوە وەک ( خواردنگە ، کۆشک ، یاریگا، شەقام ، رێرەو ، رادیۆ ، شاشەی هەڵواسراوی سینەما) رۆژانە سەدان گەشتیار بۆ بە سەربردنی کاتێکی خۆش روو لەم پارکە دەکەن.

پارکی منارە:
بە دووری1کم دەکەوێتە باشووری قەلای هەولێر، بە یەکێک لە پارکە قەشەنگەکانی شار دادەنرێت دەکەوێتە بەرامبەر پارکی شانەدەر، منارە بەناوبانگەکەی چۆلی دەکەوێتە ناو ئەم پارکە، بۆیە ئ ناوەی پارکی منارەی بۆ هەڵبژێردراوە، رۆژانە ژمارەیەکی بەرچاو لە گەشتیارانی ناوەخۆ و دەرەکی بۆ کات بەسەر بردن روو لەم پارکە دەکەن، لە بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانیەکاندا بۆ سازکردنی فیستیڤاڵ و ئاهەنگی جۆراوجۆر سوودی لێ بینراوە.

پارکی شانەدەر:
دەکەوێتە باشووری قەڵا پشت مزگەوتی سەواف، لەسەر شێوازی سروشتیکوردستان دروست کراوە، چەند شوێنێکی یاری کردن و ئاوپرژە و درختی جوان و گوڵ و گوڵزاری زۆری لە خۆگرتووە،
گەلەرەکیەکی تێدایە کە لەسەر شێوازی ئەشکەوتی شانەدەر دروست کراوە، کاتێک گەشتیار سەردانی ئەم پارکە دەکەن، سروشت و شوێنەوارە کۆنەکانی کوردستانی دێتەوەبەرچاو.

قەڵای دووین-:
قەڵای دووین بە قەڵایەکی شوێنەواری و سەربازی دادەنرێت، بە شێوازێکی ئەندازەیی لە سەر بەرزاییەکی سروشتی پتەو بەشێوەی هەڵکەوتنی چیاکە بناغەی بۆ هەڵکەندراوە ، لە سەر رێگایەکی ستراتیژی کۆن دروست کراوە ، بەرزی دووین دەگاتە (1475)م لە ئاستی رووی دەریا . ئەو بەشە بەرچاوەی کەماوە بەتایبەتی بورجەکان دەگەرێنەوە بۆ میرنشینی سۆران ، وە لە خوارەوەی چەمێکیمەزن هەیە، کەبۆتە سەیرنگە .

شەقلاوە:
شارۆچکەی شەقڵاوە بە دووری ( 45 ) کم دەکەوێتە باکوری رۆژهەڵاتی شاری هەولێر، لە نێوان چیای سەفین و چیا سۆرک هەڵکەوتووە، بە هۆی سروشتی جوانی بە بووکی کوردستان ناسراوە، هاوینەهەوارێکی سەرنجراکێش و ئاو و هەوا سازگارە، دیمەنی شەقڵاوە بە دارودرختی زۆر داپۆشراوە و کانی و ئاوی زۆرە، دەیان میوانخانە و چێشتخانە و گوندی گەشتیاری و گازینۆ و شوێنی گەشتیاری لێیە، چەندان کەلوپەل و خواردنی دەستکردی کوردەواری لە بازاری شەقڵاوە هەیە، باخەکانی شەقڵاوە چەندان جۆر میوەی هەیە، بۆیە گەشتیاران لە سەرانسەری عێراق و وڵاتانی دەرەوە رووی تێدەکەن.

قەڵای دێرێ
ئەم قەڵاکە دەکەوێتە بەشی رۆژئاوای دامێنی زنجیرە چیای پیرمام و بە دووری 38کم لە ناوەندی شاری هەولێر ]دوورە، بە دووری 2کم لە لای چەپی رێگای هەولێر و دارەبزمارە و گوندی سەروکانی هەڵکەوتووە. قەڵاکە لە سەر گردێکی بەرزە و پێک هاتووە لە شورایەکی پتەوی قایمکاری سەربازی کە بەچواردەوری گردەکە دروستکراوە، لە قوڵە و دیوارەکانی، کونی مەتەرێزی بەرگری هەیە. پاشماوەی دیوارەکانی لە ( 1تاکو 6م) بەبەرزی ماوە، 5ژوور و هۆڵێک و حەوشەیەکی گەورە بە پێوانەی 23×21,70م و بیرە ئاوێک دەبینرێ.

هیران
شارۆچکەی هیران، بە دووری 70کم دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی شاری هەولێر. هەروەها بە دووری 23کم دەکەوێتە رۆژهەڵاتی هاوینەهەواری شەقڵاوە. بەهۆی هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە دار و درخت و میوەجات و ئاووهاوایەکی فێنک سروشتێکی گەشتیاری وەرگرتووە، زیارتر لە 5کانیاو و دەیان باخی لێیە. دیان کەپر و شوێنی پشودانی گەشتیاری لێ دروستکراوە.
قەڵای خانزاد
قەڵای خانزاد بە دووری 3کم دەکەوێتە بەشی رۆژهەڵاتی شارۆچکەی هەریر. کە 1434م لە ئاستی دەریاوە بەرزە، قەڵاکە لە بەزای زیاتر لە 400م لە ئاستی دەوروبەریدا لەسەر لوتکە شاخێک دروست کراوە. لە بەشی باشووردا رێگایەک لە دامێنی چیاکە بۆ سەرقەڵا بە شێوەی پێچاوپێچ سەر دەکەوێت، هەندێ شوێنی دیوارەی قەڵا وەک خۆی ماوەتەوە کە بەرزییەکانییان لە نێوان 4-6م بەرز دەبێت. لە هەندێک شوێن پەیژەی بەردین دروست کراوە. یەک رێگا بۆ قەڵاکە دەچێت ، قەلاکە لە دوو نهۆم پێک هاتووە، قەڵاکە شوێنی خانزادی سۆران و میرسلێمانی برای خانزاد بووە.کە لە سەدەی پانزە دەسڵاتێکی فراوانیان هەبووە.

بێرم و مێرگەکانی سیدەکان

لە کوێستانی سیدەکان و لە باکووری بناری هەڵگورد، چەند گۆماوێکی قەبارە جیاواز هەیە، کە ئاوەکانییان زۆر سارد و سازگارە و بۆ گەشتوگوزار لە وەرزی هاوین زۆر لەبارو گونجاون. وەک بێرمە سارد، بێرمێ هۆرنێ باڵەکیان، بێرمێ دیندارا. بێرمە بچووک.

قەڵای روستێ
